# ناسکوێژی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ناسکۆڕی

شوکور مستەفا

ناوی کتێب: ناسکوێژی
نووسینی: شوکور مستەفا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٧٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٧٢ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# ئەحمەد عارف

## شاعیری گەورەی کورد لە کوردستانی تورکیا

ئەحـمـەد عـارف شـاعـیرێکی گـەورەی هـاوچەرخی کـوردی دیاربەکرە. یـەشـار کەمالی زۆری لەمەڕ دواوە. تەنانەت دەڵێ لە نازم حیکمەت، شاعیری گەورە و جیهانیی تورک گەلێ دەوڵەمەندترە، چونکە شارەزای ئەدەبیاتی کۆن و نوێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایە، بنەمای شارەزاییەکەی لە ناخی ئەزموونێکی ئێکجار قـووڵ و رەسـەنەوە هەڵدەقـووڵێ. شـیـعـری بە کـوردی و بەتورکی زۆرن، لە عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی بە ئەدەبیاتەوە زۆر شارەزایە.

تێبینییەکانی لەمەڕ قەڵای دیاربەکر و لۆریکی عادیلۆش
بۆ بەی و هەنارێ هەر وەختە گیانم دەرچێ
ملی خۆم شۆڕ دەکەم، دەڕۆم
کاری تەیر و توو و مار و مێروان نییە بزانن
قەت پرس مەکەن
لا االل...
فەرمانی رەش بەسەرە ڕێیاندا بڵاو کراوەتەوە
باخچەی یار تەفروتونا
پۆڕ و قژ بە خوێن سوور دەکا
ئەوەی کە هەیە پارچەیەک گیانە
بۆ بەڵاوەگێریی دەدەم
ئای نەمینم لۆۆۆ..

دەستم پەتی
پێم لە داودا
بەڵام ئەوە بزانە دیسان منم
چ تووش و دژواری دەئەوینم
یەکێکی بێ زار و زمان
قەڵای دیاربەکرێ...

دەپشکوێ
وەک خوێنی سوور، سوورگوڵ
وە لەلایەکەوە بەفر دەبارێ
با بەرەو قەرەجەداغێی ڕادەماڵێ
بڕوانە سمێڵی بەستوو
وە ڕەقیش هەڵدێم
زمهرەکەی درێژەی کێشا درێژە
تۆ بەبیرم دێیەوە، وەک بهارێ
تۆ وەک دیاربەکرێ
لە چ لە چ هێژاتر نییە
تامی بیرەوەریی تۆ...

ئاوی هەمرەوات مەیی
چوار پەنجە شەختە لەسەر ئاوی دیجلە
ئێمە ئاو لە بیردەردێنین بۆ دەفر و ئامان
چا لەبەفر دەکوڵێنین
دایکی من وەک سرِ ئێش و ئازاری خۆی وەدەشێرێ
«بابە» دەڵێ. «بهار هات بەسەردەچێ».

خوشکم دوو گیانە، قورس و گران
کچە جوانە دیتووتە تۆ
جاری پێشوو شەرم دەکا خۆ وەدەشێری
پاشانیش دەترسێ
دەڵێ من دەمرم
گیانێکی دی زێدە دەبێ لە ناومان ئەم زمستانە
چکۆلەکەم، من تۆ لە کێندەر وەشێرم؟
خوارزاکەی ئەحمەد عارف
تو لەسەرسەران
سەرچاوان هانی.

تۆ هاتییە دنیایێ
سێ ڕۆژانمان بەبرسی هێشتییەوە
سێ ڕۆژانمان مەمک نەدایتێ
عادیلۆشی من
بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەوی
بۆ ئەوەی چونکە دەستوورمان وایە
دە هەیدێ، سەروەختی مەمک ئێستایە
بمژە و گەورەبە..
ئەمانە
کوێرەمار و شامارن
ئەمانە
چاویان بڕیوەتە
نان و ئاوی ئێمە
ئەوانە بناسە

بینانناسە و گەورە بە
ئەمە ناموسە
لە کونیەماندا نووسراوە
ئەمەیش سەبر
لە ژەهر چکاوە
خۆتیان پێدا هەڵاواسە
بگرە و مەزن بە.

کۆواری بەیان، ژمارە ٩٨، ئەیلوولی ١٩٨٤.

ئەحمەد عارف شاعیرێکی گەورەی کوردە لە تورکیا، لە دیاربەکر، لە کوردستانی تورکیا، لە ساڵی ١٩٢٧دا لەدایک بووە، شیعرەکانی بۆ یەکەم جار لە ١٩٤٨- ١٩٥١دا لە یەک دوو کۆوارێکدا بەرچاو کەوت. چەنانێک لە کولییەی زمان و مێژوو و جوغرافیای ئەنقەرە خوێندی. لە پاشان گیرا. کاتێکی نوخشەی شیعرەکانی بەدیار کەوت ئۆرخان وەلی و هاوڕێیانی شۆڕەسواری مەیدانی شیعر بوون. سەردەمی غەریب بەسەر چووبوو. سەباحەدین ئەیووب ئۆغڵو گوتەنی «بە دەوری هونەری گەلدا دەور و خولدان دەستی پێ کردبوو». سەرلەبەری لاوان، سەرلەبەری تازە پێگەییوان پشتیان بە ئۆرخان وەلی و ئۆکتای ریفعەت و مەلیح جەودەت ئەندایەوە دابوو، وەک شیعر، تەنیا ئەوە بێ ئەوان دەیاننووسی و لەوەی ئەوان دەیاننووسی بترازێ نەدەبوو بەشیعر. ئەم هەڵوێستە نازانستانەیەی لاوان زۆری زیان بە شیعر گەیاند. بەڵام سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی هونەرمەندە لاوەکان بەو جۆرە نەبوون، هی واشیان، لەوانی ڕێگای جەمسەری نێوان خۆیان گەشە پێ دەدا و هێندەشیان گوێ بە ئۆرخان وەلی و هاوڕێیەکانی نەدەدا، وەنەبێ نەبووبن. جا ئەحمەد عارف لە ڕیزی ئەو کەسانەدا دەبینین. تەنانەت لە یەکەم شیعرییەوە گوێی نەدابووە نێوەڕۆکی ئەو شیعرانەی لەگەڵ غەریبدا هاتبوون. بە تەنگ بزووتنەوەیێکی شیعری بێ شیعر لە پێشنیهادکردنەوە نەدەهات، شتێکی ئاوا

له ئارادا بوو. ئەو یەک لەو کەسانە بوو گوێیان بەم بزووتنەوەیە نەدەدا و بە ڕووکاری خۆیاندا دەڕۆیشتن.

شیعری ئەحمەد عارف لە سەرێکەوە لەسەر ڕێبازەکەی نازم حیکمەت، ڕاستتر بڵێم، هەر لەسەر ئەو ڕێبازەی نازم حیکمەتی لەسەر دەڕۆیی بەگەشە کەوت و خەمڵی. بەڵام جیاوازیی گەورەیش لە نێوان ئەم دوو کەڵەشاعیرەدا هەیە. نازم حیکمەت شاعیری شارە، لە دەشت و ڕاستانەوە لەگەڵ مرۆ بەدەنگ دێ و وەک «لە ڕۆخانەیێکی گەورەی بەپیت و بەرەکەت» بچێ، بە دەشتێکی ڕاستانی، تەختانی کاکی بە کاکیدا، بکشێ وایە، شارستانییە. هەرچی ئەحمەد عارفە کەژ و کێو، چیا و ڕەوەز و بەندەن و ملە و یالان دەچڕێ. ئەو کەژ و کێوانە دەچڕێ، سەر بەلایەنایەتیی ناناسن و بێ تەمەن و (ئاسێ)ن، شیعری ئەم لە شیوەنێکی تاک و بێ مانەند و دوور و درێژ دەچێ. هێشتا «چاوی بە دەریا نەکەوتووە» خۆی کردووە بە بەلاوەگێڕی منداڵان. شیعرەکانی لە نێو کێوی و تەیروتووان، لە نێو گوڵووکە کێویلان گوتراون، لە مشتووی خەنجەرێکی هەڵکەندراون، بەڵام ئەو شینە وەک هیوایەکی لەپڕ بە سروودی سەرکەوتن وەرگەڕا و «تروسکەی وەهمی، ڕاستتر بڵێم، حیرس»ێکی تیژی تێدانە. شیعری پێشمەرگەیەکە بە دەم شەڕەوە هەڵدەکاتە لاوک و حەیران، لە کاتی برینداربوونێدا کورتە دێڕۆکان بۆ هاوڕێیانی دەهۆنێتەوە و ئەوە بیر ناکا بە فەلسەفە و بیروبڕوایان هەوێن کا. لە نێو سروشتێکدا پشوو دەدا، لە تاو کۆت و پێوەندیی قورس و گران توان و گوڕی دەگژ ڕاچوونی سست کراوە، پتر لەمل نەدان و سەرکێشیدا خۆی دەنوێنێ. لە دەوروبەرێکدا هەناسە دەدا هێشتا لە دڕیی باز و شەهێن و پڵینگدایە.

لە ١٩٥٩– ١٩٦٢دا ئەحمەد عارف لە ڕۆژنامەی (مەدەنییەت) کاری دەکرد هەر لەو چەنانەیشدا بوو، لەگەڵ جەمال سورەییا ئاشنایەتیی پەیدا کرد لە ئەنقەرە. ئەم ئاشنایەتییەش موزەفەر ئەردۆست پێکی هێنا. ئەو دەمی موزەفەر ئەردۆست کارگێڕی چاپخانەی ڕۆژنامەی ئولووس بوو. جەمال سورەییا دەڵێ: «حەوتووی سێ و چوار ڕۆژ، ڕاستتر بڵێم، حەوتووی سێ و

چوار شەو، هەمیشە لەگەڵ ئەحمەد عارفدا پێکەوە بووین. بە زۆری، پاش کار، لە ژوورەکەی موزەفەر، لە یازدە و دوازدەی شەوەوە تا سبەینێ قسەمان دەکرد. لە چی دەدواوین؟ لە هەموو ئاشێکمان دەکرد.

سبەینێش، هەروا بەدەم ڕۆیشتنەوە، درێژەمان بە قسە دەدا، تا لێک دادەبڕاین. هاوین، زستان، ئەمە حاڵمان بوو. ئەم هاوسەروساختی و هاوپێوەندییە چڕوپڕ و توندوتۆڵە بوو بە هۆی زۆر لە نزیکەوە یەکدی ناسینمان، زۆری یارمەتی داین پتر لەیەک بگەین و زێتر بە ڕۆحی یەکدی ئاشنا بین. بێگومان هەموو شاعیرێ تەرزی دەم و دووی، نەخشی دەموچاوی لەگەڵ شیعرەکانیدا خزمایەتییەکیان هەیە، ئاشنایەتییەکیان لە نێواندا هەیە، بۆ یەکدی دەگرژێنەوە، بە گیان لە زمانی یەکتر دەگەن، شاعیر کە قسان دەکا، هەر دەڵێی بە شیعر پشوو دەدا، ڕەنگ و ڕووی، حیکایەتی شیعرەکانی دەگێڕێتەوە، شیعرەکانی سەر و سیمای دەموچاو و ڕەنگ و ڕووی پێوە دیارە، بە بۆن، بە چێژ، بە ڕەنگ، بە هەر ئامێری هەستێ لە مرۆدا بەکارە. هەر شاعیرێ بگری ئەمەی هەیە، بەڵام ئەو لێکچوون و جمرانەیییەی لە نێوان ڕەنگ و ڕوو و شیعرەکانیدا هەیە، لە نێوان تەرزی ئاخاوتن و شیعرەکانیدا هەیە لە گوێن ئەو لێکچوون و جمرانەیییەی ئەحمەد عارف نییە. ئەم جمرانەیییە لە ئەحمەد عارفدا بەو تێکەڵییە، بەو خەست و خۆڵییە، لە هیچ شاعیرێکی دیکەمدا بەدی نەکردووە.

بۆ یەکەم جار بوو ئەم وەک یەکییەی نێوان تەرزی قسە و ئاخاوتن و شێوەی دەموچاو و شیعرم بەو زیندوویەتییە دیت. بەهەموو لێکیان هەڵناوێری. کێهە شیعری دەگری هەر دەڵێی لە ئاخاوتنی خواسایییەوە هەڵگوێزراوە. گوێ لە قسەکانی دەگری، هەر دەڵێی شیعرە و تەرز بە هەموو لایەکدا دادێن.

چەندان لانکم بەخشیوە بە نووح،
چەندان هەرەزاڵە، چەندین هەلۆرک،

دایکە حەوا بە منداڵی دوێنێ دەژمێردرێ،
من ئەنەدۆڵم
دەمناسی؟
شەرمم بەخۆمە،
شەرمەزارم لە هەژاریم،
ڕووت و ڕەجاڵم لە پێش چاوی خەڵک، ڕۆژگار...
شەتڵەکانم کەسیرە دەبن،
خەرمانم بێ برەو.
لە دنیای برایەتی، کار،
یەکسانی،
لە دنیای پشکوتنی سەد تەرزە گوڵووکی ئاتۆمدا،
لە دنیای شاعیران، زانایاندا،
تەنیا هەر من خۆم و خۆم ماومەوە،
تەنیا هەر بە سەڵتی ماومەوە،
دەزانی؟
هەزاران ساڵ دادۆشراوم
بە سواری ئەسپە بەسامەکانیانەوە
خەوی شیرینی نازداری تاریک و لێڵەیان لەت و پەت
کردووم،
حوکومداران، هەڵمەتهێنان، نژدە و ڕێگران،
خەرج و باجیان بەسەرمدا سەپاندووە،
نەگوێم بە ئەسکەندەر داوە
نەسوڵتان موراد.
هەموو بار و بنەیان پێچاوەتەوە بۆی دەرچوون، بێ سێبەر
سڵاوم لە دۆستم کردووە و

بووم بە پشتیوانیشی..
دەبینی؟
خۆزگە دەتزانی چەندم خۆش دەوێن،
کوێرئۆغڵو،
ڕەشمارەکە،
سەربازە بێ ناوەکە..
پاشان پیرسوڵتان و بەدرەدین،
ئەوجا چەندین خولیا و سەودا
لەوانی بە قەڵەم لە نووسین نایەن.
خۆزگە دەتزانی ئەوانیش منیان چەند خۆش دەویست.
ئەم تەرزهاوێشتنە بڕوانە لێرەدا چۆن خەست بووەتەوە:
ئێکجار خۆت وا مەخە
ئێکجار وا خەمبار ئێکجار وا غەریب..
لە هەر کوێیەک دەبی ببە،
لە ژوورێ، لە دەرێ، لە خوێندندا، لە ریزی مەشقدا،
هەڵی کەیێ، هەڵکوتە سەری، سەری،
تف لە سەر و فەساڵی سەربڕکە
لە سەر و فەساڵی بێبار
غایەنی لە بنەوە دەست تێکەڵکەر
خۆ ڕاگرە لەگەڵ کتێب
لەگەڵ کار
بە نینۆک، بە ددان،
بە هەویا، بە ئەوین، بە خەون
خۆ ڕاگرە ڕیسوام کە.
ئەوجە ببینە چۆن سەرلەنوێ دەگوورێمەوە،

بەو دەستە بە ناموسانەت، بەو دەستە لاوانەت.
لە دوارِۆژدا،
کورِم دەبن، کچم دەبن،
هەریەکە پارچەی جیهانێ دەستیان لێ هەڵناگیرێ.
هەریەکە خونچەی عەزرەتی چەندین هەزاران ساڵم،
چاوەکانت،
چاوەکانت ماچ دەکەم،
هومێدێکم بە تۆیە،
هومێدێکم بە تۆیە،
تێم دەگەی؟

لەم شیعرانەدا، نە کۆسپێ، نە لەمپەرێ، نە تەمێ، نەمژێ، نە تارماییێ، شەبەنگی هیچ نامۆییەکی پێوە دیار نییە، دڵ و مێشک و قسە و هونەری شاعیر... هێندێ جار ناوەستایەتیی شاعیرێ شیعر لە شیعریەتی لەبار دەبا، دەیکا بە مەتەڵۆک و ورێنە و خەونی بێ سەروبەر، دەیکا بە ئامۆژگاری و پەنددانانی وشک و برینگ، بە خودبە و ڕاپۆرت. کارەکە لە هونەر و وەستایەتی و دەستڕەنگینی دەچتە دەر، یا دەیکا بەناڵە و گریان و کرووزانەوە و سکاڵا لە یەغباڵ ڕەشی و بێ چارەیی و دەستەپارچەیی و بێ دەسەڵاتی، لە بەدبینیدا دەکەوێتە وشکەمەلە، زیندەخەون. سەرگەردانی، بێ ترووکەیی. ئەحمەد عارف وا نییە. هەرگیز بە داوی قسەی وشک و برینگ و بێ تامەوە نابێ، زۆری مەشت بە هەست و خوست و مێشک و قەڵەم و وش و ڕست کردووە، فرە لە بەند و باوی داستان و گۆرانی و ولاوژەی نەتەوەکەی هەڵگوێزتووە.

لە پەنا ماڵی شیعرەوە خودبە ناخوێنێتەوە، لەبەر سێبەری شیعر پەند دانادا، بە ڕەنگ و ڕووی شیعرەوە ناچێتە مەیدانی ڕاستینی ڕق و تەقەوە. ئەحمەد عارف ناکەوێتە ئەودیوی (بووە)وە. گۆرانی لە جیهانێکدا دەچرێ کە

هەیە. دنیا لە دیدەی ئینسانەوە دەبینێ، کێهە ئینسان؟ ئینسانی ئینسان. ئینسانەتیی ئینسان لەوەدا دەبینێ مرۆی تا چ ئەندازەیەک تێدا ئازادە لە پێداویستی. دێرە شیعرەکانی بە ڕەمز و پێواژێ هەڵدازنێ، هەست و خوستی مرۆی بە هەموو تەڕ و پڕییەکەوە، بە هەموو ڕەنگ و ڕوویێکەوە لە پەنادا دەحەوێتەوە. مەبەستی سەرەکیی لە بنی بنەوە بوو بەڵام هەمیشە وەک زیخی بێ خەوش لە ئاوی ڕوونی وەک چاوی قرژنگە دادەچریسکێتەوە. ئاو ڕۆشنەکەرەی کانیاوی شاعیریەتیی ڕاستگۆییەتیی مەبەستی سەرەکی لە بنی دیارە، زیاد دەکا، گەورە دەبێ، بەڵام وەک رەگێکی ئەستوور لە بنەوە چەسپیوە نابزۆی، لە ناو کرۆکی ژیان چەقیوە. ئەحمەد عارف شاعیرێکە مۆسیقای هەرە لەباری بۆ شیعرەکانی سازاندووە، زۆری کەڵک لە تەرز و شێوەی داستان وەرگرتووە، ئەوجا هاتووە شێوەی کوێی داستان لە هەمووان ناسک و سەرنجکێشتر و هەست بزوێنترە، ئەوەی هەڵبژاردووە.

دەی جا با لایەنی هەرە سەرنجکێشەوەی دەست دەینێ. ئەحمەد عارف جارێ تەقتەقە تاوێری ئاوەسوو و سادەلووس، جارێ بەردی ڕەق و دڕ و زبرت بۆ داوێتە شیعرەوە، ئەوجا کتوپڕ و لە ناکاو لەو تەقتەقە تاوێرانەوە، لەو قایەجەڕانەوە دادەکشێتە خوار، بۆ گوندەکانی سەر سنوور. باسی کەسانێ دەکا، لە پێش دایکە حەواوە، لە پێش نووح پێغەمبەرەوە، هەر لە سەرەتای دنیا دروستبوونەوە لە یەک وڵاتدا دەژیان، هەموو یەک ماڵ بوون، هی بەری ئێران و تووران و کوێ و کوێی دیکە لە ئارادا نەبوو. وەڵاتی کوردستان بوو، ئەو کوردستانە کە دەکا (ئەنەدۆڵ) لە کێ ئەحمەد عارف «لانکی زۆری بە نووح پێغەمبەر بەخشیوە. کەشتییەکەی لەسەر چیای ئارارات نیشتووەتەوە. بەڵام ئێستا وڵاتیان لێ لەت و پەت کراوە، بە پاسپۆرت نەبێ ئامۆزا و خوارزا و برازا و زاوا و خەزوور و ئاشق و ماشووق چاویان بەیەکدی ناکەوێ. کوردی بەری ئەمدیو بێگانەیە لەودیو، هی ئەو بیانییە لەمدیو. کەچی هەمووشیان خزمی یەکن و لە زمانی نووح پێغەمبەرەوە، نووحی چی، لەوەتی ناوکی نەنکی نەنکی دایکە حەوا بڕاوە ئەمان خەڵکی ئەو وڵاتە بوون، بێشکەی هەزاران

دایکە حەوا و باوکە ئادەمیان ڕاژاندووە:

کریڤین، خزمین، هاوخوێنی یەکین،
دراوسێین، ئەمبەر و ئەوبەر
سەدان ساڵە ژن بە ژنێ لەگەڵ یەک دەکەین،
دراوسێین ماڵ هۆبە بە هۆبە..
مریشکەکانمان تێکەڵ بە یەک دەبن.
لە نەزانینمان نییە،
لە هەژاریمانە.
بە پاسپۆرت دڵمان گەرم دانایە،
ئەمەیە سەوەو و سۆنگەی کوشتنمان،
بە ئەشقیا نێوزڕاندنمان،
بە قاچاخچی،
بە ڕێگر،
بە غایەن جارِ لێدرانمان..

ئەم کتوپڕییە، ئەم لە ناکاوییە بەرەو کوێمان دەگەیەنێ؟ دەمانگەیەنێتە غینائییەتێ، لیریزمێ، تا ڕادەی ترش و تاڵی، تا ئەندازەی تفت و تیژی. یا مەسەلەکە بەرەواژ دەبێتەوە. ئەگەر لە ناکاو و کتوپڕ، لە خۆماڵی و یەکماڵی و خزمایەتیی تێکەڵیدا، دیمەنی (تێکەڵاوی و خزمایەتی و یەکماڵیی مریشکەکانیان)، لە بەرچاوت زەق دەبێتەوە، ئەوەتا دیمەنی دەسکێ پیازی سەوزە، دیمەنی دەسکێ تەڕەپیاز لە نێوان تاخمێ تفەنگی سوونگی و نێزە بە لوولەوە، کە لە ڕاڕەوی زیندانذا بە دیوارەوە هەڵپەسارذراون زەق و زۆپ، دێتە پێش چاو، کوردە و لە زیندانذایە، یا خەڵکی ئەنەدۆڵە و لە زیندانذایە، ئەحمەد عارف، خۆی یا لە نیگای ئەو زیندانییەوە چۆن بیر دەکاتەوە؟

خەبەرت هەیە بەردە دیوار؟
ئاسنە دەرگا، کوێرە پەنجەرە،
سەرینەکەم، ڕانزەکەم، پێوەندەکەم،
ئەوەی لە پێناویدا ئەمسەر و ئەوسەری مەرگی بۆ دەکەم،
وێنە خەمبارەکەی زوولاکەم،
خەبەرت هەیە؟
بۆ دیدەنی هاتووەکەم تەڕەپیازی بۆ ناردووم،
بۆنی مێخەک دەدا جفارەکەم،
بەهاری هاتۆتێ کەژ و کێوی ولاتەکەم..

بە شیعری ئەحمەد عارف گوتراوە شیعری ئاوات و هیوا، تەنکی و ناسکی، بوێری و چاوقایمی و ڕەشادەت. گویلتەن ئامن دەڵێ منیش چەپکە گوڵی خۆم داوێمە سەر قسان، دەڵێم شیعری ئەحمەد عارف شیعری شەرەف و کەم نەفسی و قووڵی و پەتییەتییە. ئەم خەسیەتانەیش وەنەبێ لە دواییدا دەردەست کرابن، ئەمانە خەسیەت و ئاکاری پشتاوپشت لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە ماوەی ڕۆژهەلاتییە (ڕۆژهەلات: کوردستانی تورکیا- نووسەر).

ئەقڵ و دڵ لێرەدا بوون بە یەک. ژیان ئەزموونی هەرە تاڵ و هەرە بە ئومێدی قاڵ کردووەتەوە، ئەم شیعرانە نووسراون.

ئەوەی لەم شیعرەدا باسی کراوە چییە؟ «بەهاری هاتووەتێ کەژ و کێوی ولاتەکەم» بە ڕواڵەت شاعیر ئەم شیعرەی، بۆ خاتری ئەم دێرەی دوایی، وەک بڵێی، نووسیبێ وایە. بەلام ئێمە درامێکی زل و زەلام لەم تاکە دێرە و هەر هەشت دێرەکەی تر هەڵدەگوێزین.

زیندانییەکی حوکم قورسی و گران، لەتاو تەنیایی لەگەڵ شتان داخێوێ، قسە لەگەڵ دار و بەرددا دەکا. لەگەڵ دیواری بەرددا، لەگەڵ دەرگای ئاسندا، لەگەڵ پەنجەرەی کوێردا. ئەم شتانە شتێکن چواردەوریان تەنیوە، بەرانبەر

بەوەی کـە دیوار وەزیفـەی لێک دابڕین و لێک جـیـاکـردنەوە دەبینێ، دەرگـا و پەنجـەرە وەزیفـەیان ئـەوەیە دوو کـەس بە یەک بگـەیێنن، جـیـاکـردنەوە، دابڕین بسڕنەوە. بەڵام حەپسچێتی حوکمێکی عورفییە. بۆ دەرێ دەربازبوون بە نەبوو دادەنێ. لـەبەرئـەوە پـەنجـەرە، دەرگـا، دیوار، هـەمـوو لە یەک ڕیزدا دەوەستن، هەموو وەک یەکیان لێ دێ. دیوار بەردە، دەرگا ئاسنە، پەنجـەرە کوێرە چونکە شـاعـیـر ئەو شـتـانـەی هەمـوو لەخـۆ بـەدوور گرتوون، خـەم و پەژارەکـەیشـی لە خـۆی دوور خـسـتـووەتەوە، هەمـوویانی بە خـراپ وەسف کـردوون. بە بەرد، بە ئاسن، بە کـوێری وەسف کـردوون. هـەرچی سـەرینـە، ڕانزەیە، پێوەندە بە (هـی خـۆم)ی لە قـەڵەم داون: سـەرینـەکەم، ڕانزەکەم، پێوەندەکەم...ی گـوتووە (دیارە اضـافـە مـفـیـدی تخـصـیـصـە- نووسـەر). دەبینی، تەنانەت (پێـوەند)یش لەوە دەرچووە بـە خـراپ وەسف بکرێ. بۆچـی وایە؟ لەبەرئـەوەی مـاوەیەکی دوور و درێژ هـاوڕێـیەتـیی دەکـا، بە دەم بەسـەرچوونی ڕۆژگـارەوە مـرۆ لەگـەڵ پێـوەند و کـۆت و زنجـیـرەکـەی دەست و پێـیـشـیـدا ڕادێ و دەبێ بە ئاشـنا و دۆست، ئینسـان بۆ مـانـی خـۆی تەنانـەت لەگـەڵ بەنـدی و ئەسـارەتیـشـدا ڕادێ. ئەم ڕاهاتنەی شـاعیر «پێوەند»ەکەی کردووە بەوە وەک سـەرینەکەی و ڕانزەکەی سـەیریان بکا، بەو ئاوایەیان ڕەفـتـار لـەگـەڵ بکا. ئەمـانـە ئەوجـا «وێنە خـەمـبـارەکـەی نێـو زوولاکـەم»یان تێکەڵ دەبێ. پرسـیـاری «خـەبـەرت هـەیە» شادمانییەک دەردەبڕێ. زیندانی بەم پرسیارە، لە سنووری ئەم شتانەی لەگەڵ تەنیاییدا بوون بەیەک پارچە، بگرە بوون بە پارچـەیەک لە خۆی، دەچێتە دەر. ئەمەیش لە دەربڕینێکی دۆستایەتی زێترە، ئـەمە یاخیبوونێکە، ڕاپەڕینێکە، لە دژ بەرەنگاربوونەوەیەکـە. دیارە بە کـۆت و زنجـیـر و دیواری بەرد و دەرگـەی ئاسن و پـەنجـەرەی کـوێر ڕاهـاتن ئینسـانەکـە ناکـا بە بـەرد و ئاسن و کـوێر. ئەوەتا یاخی دەبێ، هەتاهـەتـایە کۆت و زنجیرەکەی بە دۆست نازانێ، با شـەو و ڕۆژیش هـاودەم و هـاوسـەری بێ، ئەوەتا لێی یاخی دەبێ.

ئەوەتا لە بـەرد، لە ئاسن، لە کـوێری ڕادەپەڕێ، لە وێنە خـەمـبـارەکەی نێـو زوولاکـەی ڕادەسێ، بەرەو تەڕەپیاز، پیوازی سـەوز، جگەرەی بۆن مـێخـەک مل

دەنێ. بێزاری جێگای بۆ خۆهەڵاواسین ئومێدەوە بەجێ دەهێڵێ. ڕەنگە سەوزەکەی تەڕەپیاز، بۆن و بەرامەکەی مێخەک لەگەڵ دەرەوەی زینداندا پێوەندییان دامەزراندووە. دیارە ڕەنگی سەوز و بۆنی مێخەک لە دنیایەکی ئازادەوە هاتووە.. «بۆ دیدەنی هاتووەکەم»یش بووە بە هاوتای سەوزیی تەڕەپیازەکە و بۆنی مێخەکەکە. «دیدەنی» لە تایەک و «سەوزی و بۆنی خۆش» لە تایەک. ئەمە نابێ، هاوسەنگییەکە تێک دەچێ، هاوسەنگی لەم ڕووەوە، کە بەرەو ئومێدی بڕوا، تێک دەچێ. (توازن) دروست نابێ: «بەهاری هاتووەتێ کەژ و کێوی وڵاتەکەم».

ئەوەی لە شیعرەکەدا دەژی، دەشێ شاعیر خۆی بێ. ئەوسا، «ئەوەی لە پێناویدا ئەمسەر و ئەوسەری مەرگی بۆ دەکەم، وێنە خەمبارەکەی نێو زووڵاکەم» پتر ڕەمزی بیر و بڕوایە، زێتر لەوەی وێنەی دڵدارەکەی بێ. مێخەکیش پێوارێکە، بۆ ئەوینیش و بۆ بیر و بڕوایش بەکار دێ. کەواتا لێرەدا وشەیەکە سڕ نادرکێنێ، سڕقایمە.

«لە پێناویدا ئەمسەر و ئەوسەری مەرگی بۆ دەکەم» بۆ ئەوانیش و بیر و بڕوایش دەگونجێ. پیاو لە پێناوی یاریش و بڕوایش مل لە چەقۆ دەسوێ کوڕینە. زۆر جار یاریش و بڕوایش دەبن بە یەک. لە شیرین و فەرهادی نازم حیکمەتدا خۆشەویستیی یاریش و هەموو مرۆڤایەتی بوون بەیەک. عاشقەکەی شێخی سەنعانیش هەر بەو چەشنەیە، عاشقەکەی (کەرەم و ئەسڵ)یش هەر بەو ڕەنگەیە. ئەشقەکەی مەم و زینیش هەر جۆرەیە. بریا ئەشقی هەموو کوردێکی بە شەڕەف بەو دەردە دەچوو. ئەم «لە پێناویدا ئەمسەر و ئەوسەری مەرگی بۆ دەکەم»ە، ئەمیش سڕ نادرکێنێ. خۆ ئەگەر بیر لە هەموو شیعرەکانی بکەینەوە، شاعیر لێرەدا هەم ئەوین و هەم بڕوا، هۆردوکانی مەبەستە. ڕەنگە وابێ. دەشتوانی بڵێی، لە پێناوی ئەویندا زیندان کراوە..

دەمەوێ بێمەوە سەرەوکاری لەگەڵ کۆت و زنجیردا ڕاهاتنی مرۆ. گوتم مرۆ لەگەڵ بەندی و ئەسارەت رادێ، بەڵام تا سەر نییە، هەر لێی ڕادەپەڕی. موتەنەبی دەڵێ:

مَنْ يَهُنْ يَسْهُلِ الهَوانُ عليه     مالِجُرْحٍ بميَّتٍ ايلامُ

ئەوەی سەرکز بژی، سەرشۆڕ بێ، زەعف بنوێنێ، سەرکزی و سەرشۆڕیی لە کن دەبێ بە شتێکی هاسان، بریندارکردنی مردوو چ ئازارێکی پێ ناگەیەنێ.

موتەنەبی زۆر تووڕە بوو لە دەوروبەری خۆی، تەنانەت جنێویشی دەدا بە دز و درۆزن و پیاوکوژ و خوێنڕێژ و هیچ و پووچ و گەندەڵ و بێ بار و.. زۆریش بە هەستەم بوو، بە تالووکە بوو لە بەجێهاتنی ئاوات و خولیاکانی، بەڵام بۆی بەدیار کەوت لە ئاکامدا، پیاو لە پڕێ نابێ بە کوڕێ، هەر شتە یاسای مەوزووعی و زاتیی خۆی هەیە.. زیرەکی لەوەدایە ئەتۆی پێشەوا کەنگێ دەڵێی دەی و کەنگێ دەڵێی نەی..

ئەوەتا ئەحمەد عارف دەڵێ:

نە گوێم بە ئەسکەندەر داوە،

نە سوڵتان موراد.

چونکە ئەو سەروبەندە کورد پتر لە بیست میرنشینی بەهێزی هەبوون، یەک بوون، بە ئەزموون دەیانزانی ئەگەر مەڕ لەگەڵ دابڕێ گورگ دەیخوا، دەنا وا نەبا، ئەسکەندەر و سوڵتان موراد و فلان شا و فیسارە نازانم کێ.. چۆن:

هەموو بار و بنەیان پێچاوەتەوە، بۆی دەرچوون، بێ سێبەر!

ئەگەر لێک بگەین:

ئەوجا بزانە چۆن سەرلەنوێ دەگوورێمەوە

بەو دەستە بە ناووسانەت، بەو دەستە لاوانەت

لە دوارۆژدا،

کوڕم دەبن، کچم دەبن

هەریەکە پارچەی جیهانێ، دەستیان لێ هەڵناگیرێ،

هەریەکە خونچەی عەزرەتی چەندین هەزارانساڵم.

گوتمان ئەحمەد عارف دادەکشێتە ناوچە سەر سنوورەکان، مەبەست لەسەر سنوور بەلای ئەوەوە، ئەو شوێنانەی کوردستانە، لەبەر ئەوە، گۆرانی و لاوک و حەیرانەکانیان، داستان و بەیت و بالۆرەکانیان، سەرلەبەری فۆلکلۆریان خوێنیان لێ دەتکێن. ئەحمەد عارف لەوانەوە، لەو گۆرانی و لاوکە خوێناوییانەوە تێ هەڵدەکا و دەیانگەیێنێتە هەموو کون و قوژبنێکی ئەنەدۆڵ، گەورەیان دەکا، بەخۆیان دەکا، بەڵام لە نێوانیاندا ناخنکێ، کەرەستەی بەدەهشەتی کوردمان، بێ ترس و لە شێوەیەکی لیریزمدا لە پێش چاو دادەنێ، بە کۆمەڵی لە بەردەستمان دادەنێ.

ئەوجا بەسەرلەبەری خەڵکی ئەنەدۆڵێی ڕادەگەیێنێ. پیر سوڵتان ئەبداڵ و نازیف، دەگەیێنێتە کوێرە ئۆغلۆ و شێخ بەدرەدین. بە چاو ماچکردنەوە دەنگی تەواوی خەڵکی ئەنەدۆڵێ دەدا، بەرەو ئومێدیان گاز دەکا، بە ئەشق و ئەوینێکیەوەیان بانگ دەکا، هەر وەختە شێت و شبر بێ بۆیان. بەڵێ ئەحمەد عارف سوود لە گۆرانی و ستران و لاوژە وەردەگرێ. بەڵام ئەویش دەزانێ کە سەرچاوەی دیکەی نێو گەل زۆرن، بۆ ئەدەبیاتیش، بۆ شیعر زۆر لەبارن، بگرە گۆرانی و ستران لە چاویاندا، هێند بە سەنگ نین. جا لەم ڕووەوە، لە ڕووی سوود لە سەرچاوە فۆلکلۆر وەرگرتنەوە، زۆر جیاوازە لەگەڵ شاعیرانی دیکەدا. ئەو، وەک وان، تەنیا لە سای سێبەری فۆلکلۆرەوە پشتی لێ ناکاتەوە و بڵێ کارەکە هەر ئەوەیە و بڕایەوە. بە تایبەت سوود لە تەرزی داستان وەرگرتنەکەی خۆ ئەوە هەر وەستایەتییەکی ئێگجار سەیرە.

هەر لە بنەرەتڕا لەوێوە تێ هەڵدەچێ. سەرجەمی کارەکەی لەوێڕا هەڵدازنێ.

ئەحمەد عارف کێش و سەروای هەرە لەباری بۆ شیعرەکانی گونجاندووە، ئەمەمان گوت، دەبا ئەوەی بۆ پۆل ئێلواریش گوتراوە و لە شیعرەکانی ئەحمەد عارفیش دێ، بخەینە ڕوو: شیعری پۆل ئێلوار دیلی ڕەمز و پێوار نییە، ئیستیعمار و مەجاز و کینایە و تەلمیح و تەمسیل نابنە زیندان و گۆڕخانەی

شیعرەکانی، تەنانەت لە سەروبەندی سەروو واقیعییەتچێتییەوەیش و لە پاش ئەویش، هەرگیز ئەو سەرەداوانەی لە دێر کورتی و تەرزی دارشتن و لێک بەستنیاندا بەکاریان دێنێ، ناشارێتەوە. ئەحمەد عارفیش بەو تەرزەیە. ڕەمز لە کن ئەحمەد عارف زەق و زۆپیی پەتیتیی بە کۆڵەوەیە، بە ئاشکرا هاوار دەکا، پەتییەتی و بێ ڕوتووشی سەر دەفتەری ڕەمزە. هەرچ فیکر و مانایە، ئەوە هەر یەکاویەک نیشانەی یەکسەر بە مێشک گەیشتنی خۆی پێوەیە، هەر یەکسەر (بیر) زەبری خۆی دەوەشێنێ، یەکسەر تێی دەگەی.. لە قەسیدەی (لە عەزرەتت چەندین پێوەندم کۆن کرد)دا نموونەی ئەم زەق و زۆپێتێی پەتییەتیی ڕەمزە و یەکەندەردوو فیکر لە مێشکدا نەخش بوونە بە ئاشکرا دەبیندرێ. ئەوجا، ڕەمز لە کن ئەحمەد عارف مەبدەئێکی بەسەرحەد و سنوور نییە. لەسەرێکەوە شیعرەکە خۆی، هەر هەمووی ڕەمزە.

واتە شیعرەکە بە هەموویەوە شیعرە، نەک دێرێک و دووانی، بەسەریەکەوە، قەسیدەکە، وەک تابلۆیەک وایە بە پارچە پارچە، هەمووی دەسڕدرێتەوە. لە یەکەم دێرەوە بیگرە تا دوا دێری یەک یەکی دیکە تەواوی دەکا. مەسەلە یەکێتیی دێرێ، یا دوو دێر، یا چوارینەیەک نییە، یەکێتیی هەموو قەسیدەکەیە. درامەکە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکا، لە خاڵێکدا دواییی دێ. لە شوێنێکەوە دادەگیرسێ لە شوێنێکەوە دواییی دێ.. بەڵام نامرێ، ناکوژێتەوە. وشەکان لە مانا و پێوەندە خواسایییەکانیان دەترازێن، حاڵات و چۆنایەتییەکی زۆر بەربڵاوتر لە مێشکدا دەورووکێنن. هێندێ جار قسەی خواسایی وا لە نێو شیعرەکانیدا بەکار هاتوون، لەو شیعرانەیان دابڕی، ڕایانگوێزی ئەو پەتییەتی و زەق و زۆپ بەچاودا چەقینە، ئەو کۆنتراستێتییە، ئەو زۆر ڕەش و زۆر سپییەیان دەدۆڕێنن. قسەی خواسایی بۆچی دەبێ لە نێو قەسیدەیەکدا ببێ بە ڕەمز و پێوار؟ چونکە لە پێوەندایەتیی کۆنی خۆیان دەکەون، بەو بارەدا بەکارهێنانیان لە شیعرێکدا، هەزار و یەک تیشک و سێبەری تازەیان دەچتە سەر. هێندێ جاریش و دێرە شیعری یەک وشەیی، دوو وشەییت لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

ئەم دێرە دوو وشەیی و کەم و کورت هەناسانە، لە ڕووی بیچمیشیانەوە بایەخێکی زۆریان بۆ خۆ دەردەست کردووە. ئەمانە عەرووزێکی لەخۆ لەدایک بوو و تایبەت بە ئەحمەد عارفیان هێناوەتە گۆڕێ و وەک هەوای مۆسیقایەک بە هەموو ڕەگ و شادەماری قەسیدەکەدا بڵاو دەبنەوە، یا سەرلەبەری ڕاستەنووسیی (نثرییەت)ی دێرەکانی دی قەسیدەکە هەوای ئەو مۆسیقایە وەردەگرن و لە (نثرییەت)ەوە بەرەو (شیعرییەت)یان دەبا. بە نموونە لە (سی و سێ گوللە)دا، ئەم دێرانە:

قۆچاخ
سووک
سوارچاک

یان هەر لەم شیعرەدا، ئەم دێرانە:

تا چاو بڕکا ڕانە کێوی
تاخمی کەو...
هەموو ئەو ئەرکە دەبینن.

ئەمە ئەگەرچی، ئەو کارانەی مایاکۆفسکی لە شێوازکاریدا بۆ بەدەستهێنانی یەک نەسەقی (اطراد الایقاع)ی بەکار بردووە، بە بیر دێنێتەوە، بەڵام نابێ ڕێبازی ئەم دوو شاعیرە تێکەڵ بە یەک بکەین. یەک نەسەقی یەک نەواختی (ریتم= اطراد الایقاع) بۆ مایاکۆفسکی، بە سەریەکەوە، هەموو شتێکە (هێزی بنەڕەتی شیعر) لە یەک نەسەقیدا دەبینێ ئەو کارە بارگرانییێکە بەلای ئەوەوە. هەموو شتێکی پێ ڕووناک دەکاتەوە.

هەرچی بەلای ئەحمەد عارفەوەیە، یەک نەسەقی، یەک نەوازی بایەخی تەنیا لەوەدایە کە ئیمکاناتێکە و هەر وەختێ پێویستی پێ بوو بەکاری دەخا. بەڵام پێم وایە جیاوازیی زەق و زۆپی نێوان هەردوو شاعیر: یەک نەسەقی (اطراد

الایقاع) لە کن مایاکۆفسکی شتێکە لە دەرەوەی شیعر، تەکنیکێکی ئانۆنیمە (تکنیك غیر مُمیَّز) بە کەسایەتیی شاعیرەوە پێوەندیی نییە. هەر لەبەرئەوەیشە مایاکۆفسکی چ خوار و ژوور، چ ڕاست و چەپ (عمودي وافقي) سەرومڕ پێ لەسەر چۆنیەکی و هاونەوازیی دەنگان زۆر دادەگرێ، بە کوردییەکەی، پتر مۆسیقا دەنگێوێ، نەغمە و ئاواز بەکار دەخا. با زێتری خەست کەمەوە: مایاکۆفسکی یەک نەسەقی (اطراد الایقاع) لە دەنگدا منەیی دەکا، لە دەنگدا، لێی دەگەڕێ. بە چوار چاو و شەش گوێچکەوە لە دووی هەڵوەدایە. بەڵام هەرچی ئەحمەد عارفەکەی خۆمانە لە ئاخاوتندا، لە قسەاندا منەییی یەک نەسەقی و هاوئاهەنگی دەکا. لەبەر ئەوە شیعری ئەم، سنوور و تخووبی (ئۆرال) دەبەزێنێ، ئاکار و ناوونیشانی، بەند و باوی، بەجێ دێڵی، زۆر بەولاترەوە دەڕوا.

جا ئەحمەد عارف بەم لایەنەیەوە تێکەڵ بە تازە باوترین ئاوڕ و تەمابولاتی شیعری هاوچەرخ دەبێ. بەڕاستی ئەو بازەی، ئەو، لە مەیدانی ڕەمز بەکارهێناندا داویە، خستوویەتییە ڕیزی ئەو شاعیرانەوە کە شیعری ئەمڕۆکەیان ئامادە کردووە. ئەم ئەزموونەیش شاعیری دیکەی، زۆر پێوە سەرگەرم بوون. بەر کاری کەوتوون، بەڵام زۆریان وەک گیانی بەر سێبەر شیعرەکانیان مل باریک و لاواز بوون، تینووی ڕووناکیی هونەر و وەستایەتی بوون.

حەزم دەکرد زۆرم درێژە بە باسی بەراوردکێی نێوان مایاکۆفسکی و نازم حیکمەت و ئەحمەد عارف دابا، بەڵام ڕۆخانەی شاعیریەتیی ئەم سێ کەڵەشاعیرە بوار بە قەڵەمی من نادا، چ پکەم. لەسەرێکی دیکەوە، من شیعرەکانی مایاکۆفسکی مەگەر بە غەیری زمانەکەی خۆی بە نموونە بێنمەوە، چونکە ڕووسی نازانم، کە بەو جۆرەیشم نموونە بۆ بەراوردکێ هێنایەوە، مەبەستی پێویست، بە تەرجەمە، وەک ئاگاداری، بە تایبەت شیعر، لەبار دەچێ. ناوەڵا هەر لێ گەڕێم مەسڵەحەترە.

خۆ ئەگەر هەر لە شیعرەکانی ئەحمەد عارف بەتەنێ بکۆڵمەوە، بەوەندە

ڕووپەرە چۆن پێک دێ. زۆرم حەز لەوە بوو لە قەسیدەی «لە عەزرەتت چەندین پێوندم کۆن کرد» بدوێم بەڵام هەرچەندم لێک دایەوە نۆڕیم هەویرەکە ئاو زۆر دەکێشێ. بەڵام تۆ بیر لەم دێرە بکەوە «لە عەزرەتت چەندین پێوندم کۆن کرد» لە عەزرەت کێ، لە عەزرەت چی؟ لە پێناوی کێدا؟

«لە پێناوی ئەوەدا ئەمسەر و ئەوسەری مەرگی بۆ دەکا.»

ئەوەیان هیچ، دەبا، بادەمەوە سەر «سەرنجەکانی قەڵای دیاربەکر و لۆریکی بە بلانە عادلۆش.. ئەم قەسیدەیە بە تەواوی لە دوا ژمارەی کۆواری (بەیان)دا بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا تەنیا هەر ئەوەندەی، زۆرم مەبەستە بەبیر دێنمەوە:

ئاڤا حەمرەواتێ جەمدی،
چار تلی جەمەد ل سەر ئاڤا تژلە،
ئەم ژ بیرێ دکشینن ئاڤا فەرە ئو فۆلان
چایێ ژ بەرفێ دکەلینن.
دیامن وەک سرٍ ڤەدشێرە ئێشا خوە
دبێ «بایە»، «بهاری دەرباس دبە»
خویشکا من دووجانییە، گران
کەچەک بە دەوە، تە دیتییە
جارا پێشینە هەم ڤەدشێرە
هەم ژی دترسە
دبێ ئەز دمرم.
گەورییەک دن زێدە بین ئەم ل ڤێ زڤستانێ، بچووکێ من،
ئەز تول کو دەرا خوە ڤەشێرم؟
خوارزیا ئەحمەد عارف،
تو ل سەر سەران
سەر چاڤان تێیی..

ئەمن ئەم شیعرەم بەم کوردی و کورمانجییە دەست کەوتییە، ئەوجا ئەحمەد عارف بۆ خۆی بە کوردیی گوتووە، یا بە تورکیی گوتووە و کراوە بە کوردی؟ نازانم. هەر ئەوەندە دەزانم بە کوردیم دەست کەوتووە. ئەوجا دەمێنێتەوە بپرسی: ئەحمەد عارف بە کوردی شیعر دەنووسێ، یا بە تورکی؟ وا پێ دەچێ ئەویش وەک یەشار کەمال، بە تورکی شاعیرە. بۆچی؟ دەبێ لە خۆیان و باری ولاتێکی ئەوانی تێدا دەژین بپرسین. پێم وایە یەشار کەمالیش و ئەحمەد عارفیش مەبەست ئەوە نییە، بە کوردی نەنووسرێ خودانەکەردە ئەگەر بە کوردییان نووسیبا حاڵیان وەک حاڵی دیکەی نووسەرانی بەشە کوردستانەکانی دیکە دەبوو. کێ لێی دەپرسینەوە؟ کەس پێی نەدەگوتن کەرتان بە چەند. خۆ ئاشکرایە، هەر من نایڵێم، هەموو دنیا دەزانێ. ئەحمەد عارفیش دەزانێ. ئەوەتا بۆ خۆی هاوار دەکا.

شەرمم بە خۆمە،
شەرمەزارم لە هەژاریم.
ڕووت و ڕەجاڵیم لە پێش چاوی خەڵک ڕۆژگار..
شەتڵەکانم کەسیرە دەبن
خەرمانم بێ برەو
لە دنیای برایەتی، کار
یەکسانی،
لە دنیای پشکوتنی سەد تەرزە گوڵووکی ئاتۆمدا،
لە دنیای شاعیران، زانایاندا،
تەنیا من هەر خۆم و خۆم ماومەوە،
تەنیا هەر بە سەڵتی ماومەوە،
دەزانی؟

نموونە «لۆریکی عادیلۆشم» لەبەر هەندێ بۆ هێنایەتەوە سەرنجت بۆ:

ئەم ژ بیرێ دکشینن ئاڤا فەرەئو فۆلان
چایێ ژ بەرفێ دکەلینن.
ڕابکیشم.

قاپ و قاچاخ بە ئاوی بیر دەشۆین، چا (بە ئاوی بەفر) لێ دەنێین، بەڕاستی چەرخی ئاتومی چاکە بۆ کورد، پەککو ماڵت کوێرەوە بێ، بێ یەغباڵی، کوڕە، نەبین نەبین بە خەڵقی جزیرەی نازانم کوێیش نەبین.

یەک لە ڕەخنەگران دەڵێ، کە شیعری «سی و سێ گوللە، یا لۆریکی بە بلانە عادیلۆشی» دەخوێنییەوە، حاڵەتی ژیانی رۆژانە، دەم و دووی کەسانی پێش مێژووت بەبیردا دێ. ڕاست دەکا. کێ هەیە وەک «عادیلۆشی» بژی لەم چەرخەدا؟ مەگەر لە پێش مێژوودا جۆرە ژیانی وا هەبووبێ.

تۆ هاتی دنێ
سێ ڕۆژان مەتو برچی هشتی
سێ ڕۆژان مە چچک نەدا تە،
دیلۆشێ من،
بۆ کو تو نەخوەشی نەبی،
بۆ کو عەدەتا مە ئوسایە
دە هادێ، دەما چچک نوهایە
بمژ ئو مەزن ببە.

وەستایەتیی ئەحمەد عارف لە زۆر سەری دیکەوە دیار دەکەوێ. هێندێ جار وەک گوتمان هەر دەڵێی شاعیرێکە، پێش مێژوو، ژیاوە و قسە لە خەڵکێ دەکا لە پێش مێژوودا ژیابن. هێندێ جاریش قسە بۆ نوێباوترین بەرەی ئەوڕۆکە دەکا. جا لەم ڕووەوە شیعری وای هەیە ئەگەر لە پاش پەنجا ساڵی دیکەیش بڵاو کرابایەوە، هەر بەو تاسووقییە و هەر بەو تەڕوبڕییە و هەر بەو خۆشییەوە

دەخوێندرایەوە.

جەمال سورەییا دەڵێ، چوومە هۆڵەندا، لەوێ ڕەنگە زەردەکەی نیگارەکانی ڤان کۆخم زۆر بە دڵەوە چوو، گەڕام بزانم سەرچاوەی ئەم ڕەنگە زەردە زاڵە لە کوێیە. دیارە گوڵە زەردەی وڵاتی هۆڵەندا بە تەواوی لە ڤان کۆخدا تەجەسسومی کردووە و لە هەست و خوستیدا جێگای خۆی گرتووە. بەڕاستی ئەم هونەرمەندییەی ئەو هێندەی دیکەی لە بەرچاوم گەورەتر کرد. چونکە دڵاوایی سروشت و کاری هونەری ئیجاتکار کە یەکدی لە هامێز دەگرن نرخ و بەهای کارە هونەرییەکە زۆر بەرەو ژوور دەکشێ. کاری هونەری نابێ ببێ بە لامژی ڕاستین (حەقیقەت) بەڵام نابێ بە یەکجارەکیش بە ڕەگ و ڕیشەوە لێی بپچڕێ. پێویستە نیشانەی لە حەقیقەت نەپچڕانی پێوە بمێنێ، بەڵگەی ئەوەی پێوە بمێنێ کە بە هەناسەی حەقیقەت دەژی.

شیعرەکانی عاشق وەیسەلیس، ڕەنگی کوردستانی تورکیایان پێوەیە، بەژن و باڵای ئەوێ، دار و بەردی ئەوێ، جۆگەلەی بەنێو ماڵاندا کشاوی نێو گوندەکان، منداڵە کوردی لەپ و ڕوو کەوتووی قەراخ جۆگە، بۆ ئاو خواردنەوە، کیژە کوردی کۆوساران کە وەک کەو، [ژەرەژ= جەرەنج] ئەمبەر و ئەوبەر بۆ یەک دەخوێنن و لۆریک و لاوژە و دە یار یار دەڵێن، ئەمانە هەموو لە دەنگی عاشق وەیسەلدا هەن. لە شیعرەکانی ئەحمەد عارفیشدا ئەم شتانە هەن. بە تایبەت هەناسەی داستان، من تا ئەحمەد عارفم نەخوێندبووەوە نرخ و بەهای داستانم بەو پێودان و سەنگ و تەرازووە نەدەپێوا. ئێستا بۆم بەدیار کەوت چەند بە بایەخە، کوڕینە.

ئەحمەد عارف دلێری دەڵێ، ئازایەتی دەچڕێ.
وەک کانییەک، وەک ئاوی کارێز، وەک کڕێوە و کلیلە و زریان.
«وەک برینەکەی پیشانی دۆستێکی بدا».
بەسەر سەهۆڵبەندانێکدا بە
پێی پەتی دەڕوا، بەڵام کێهە

سەهۆڵبەندان! ئەوانی بە
هەزاران ساڵە سەرسەختی و
خۆڕاگری دەپارێزن

ئەحمەد عارف لەبەرچی شێوەی داستانی، کە هەر لە خۆی هاتووە و بەس، بۆ شیعر هەڵبژاردووە؟ داستان شێوە ئەدەبیاتی دراماتیکیی ئینسانی پێش مێژووە. خەڵکی کوردستان هێشتا هەر بە زمانی داستان دەهەژێ، کورد ئازایەتی، قارەمانیتی، شۆڕەسوارێتی، پیاوەتی، خۆبەختکردن لە پێناوی دۆستدا، ئەمانەی حەز لێیە. ئەم شتانە بە زمانی خۆیان خۆشن، بە زمانی داستان دڵ دەبزوێنن، مەردایەتی بەخەبەر دێنن، لە دوژمن ڕاسین دەورووژێنن. خەڵکەکە، وەک ئەحمەد عارف لەسەر لووتکەی ئەم زمانە وەستاون. لەسەر ترۆپکن. ئەحمەد عارف ئەو خەڵکە بە مامۆستای خۆی دەزانێ، لەوانەوە فێر دەبێ، مادامێکی ئازایەتی و پیاوەتی و شۆڕەسوارێتی لەوانەوە فێر بێ، دەبێ بە شێوەی وانیش پەسنیان دا و بە شان و باهوویاندا هەڵبلێ. هێندێ جار بە گوتەی نێو خەڵک، هێندێ جار بە وشەی نێو خەڵک، هێندێ کاو بە شیعری سەر زاری خەڵک، هێندێ بار بە شێوە دەربڕینی نێو خەڵک شیعرەکانی هەڵدەنێ.

ئەوەت لە بیر نەچێ ئەحمەد عارف کاتێ سوود لە هەر شێوەیێکی هونەریی نێو خەڵک وەردەگرێ، وەنەبێ لاساییەکی ڕووتیان بکاتەوە، نەخێر ئەم فێری ئەوە دەبێ کە ئەو عاشق و هۆزان و بەیتبێژانە خۆیان چۆن فێر بوون، فێری ئەوە بووە چۆن شاعیرێ لەو سەرچاوەیەوە لەدایک دەبێ، ئیمکاناتی ئەو جۆرە سەرچاوانە چلۆن دەکار دەبا و جێگای پڕاوپڕی خۆی لە نێو شیعر هۆنینەوەی هاوچەرخدا بە شایستەوە، دەکاتەوە. هەناسەی دێو لە نێو قالب و کلێشە و کۆت و زنجیردا زیندان ناکرێ. بە جەرگ و دڵیەوە، بە هەموو پشوویەکیەوە شیعر دەڵێ، زۆر چاک دەزانێ چۆن چۆنی بۆ دەربڕینی ئاوازێکی بە دەگمەن هەڵکەوت، بین بخواتەوە. دێرە شیعر دەبێ بە نرکە و

نەعرەتە، بە تێ ڕاخوڕین، بە شاباڵی باز و شەهێن، بە داستان.

نواڕی باڵی ئەنگاوتراوە،
ئازایەکی دڵ دۆزەخ
جارێکی کەروێشک
جارێکی نوارییە پاشەوە
بڕنەوە نازدارەکەی بە بیر هاتەوە،
لەبن بالیفێ تۆراوە.
جوانووەکەی لە دەشتی حەڕانییێی هێنابوو، بەبیر هاتەوە،
بژ و پەرچەم بە کووژەکەی شین
نێوچاوان مارۆ
سێ کەشکەسم چەرمگ
لە نەرمەغاردا خوارده و دڵاوا، چەندی بڵێی چوست و
خۆشبەز
ماینە شێ ئاڵە سەگلاوییەکانی بەبیر هاتنەوە
چۆن لە پێش هۆزاتێ فڕیبوون
کەچی ئێستا بێچارە سندم کراون
لوولەیێکی ساردی لە پشت نەبا
دەیتوانێ پەنا وەبەر گەردنکەشان ببا
ئەم کێوانە، کێوە دۆستن، قەدریان دەزانێ.
خوا یار بێ، ئەم دەست و مەچەکانەیش، پیاو هەق بڵێ،
شەرمەزارت ناکەن.
ئەم دەست و مەچەکە وەستایانەی.
سووتو بەسەر جگەرەوە
زاری دوو فلیقانەی بڕیشک هاوێژی تیرەماری بەرهەتاو

له یەکەم نیشاندا
یەکاویەک دەنگێون.

ئەحمەد عارف لە بەکاربردنی سەرچاوە نێو گەلییەکاندا، کە هەمەڕەنگ و زۆرن، وەک برێ شاعیرانی دیکە، بە ددان ڕیچکردنێکی زەقەوە، یا بە دەمەلاسکێوە ڕەفتار ناکا. (بالابڕنەوە) (دڵ چەتاڵ) (زوولا) (بە هیچ کتێبی شەرعم ناکرێ) (ماڵ هۆبە هۆبە) ئازا و بوێرانەیی، چاو و سۆمای چاوی شیعرەکانیەتی. زۆر بە سانایی دەبین بە ئاشنای وش و رست و شێوە دەربڕینێ، کە پتر لە بنیادەمی خواساییی نێو خەڵک دەوەشێنەوە. دەبین بە ئاشنای وردە وش و قسانێ کە شاعیر لە نیگای خۆیەوەیان لێک دەداتەوە، بەلام سەیرەکە لەوەدایە، هەر دەڵێی ئێمەی خوێندەیش لە دارشتنیاندا هاوبەش بووین، پێوەندیی بە هۆشی ئێمەیشەوە هەیە.

ئەحمەد عارف شێوەی دەربڕینی شیعرەکانی، تەرزی میعمارییەتی بە زەک و دۆزەکی و شەپەردازی، جیلوەدان و زاخاو و ئارایشت و مشتومالکردنی، ڕەنگاندن و هاوسەنگ ئارایی هەمووی لە نێو ئەزموونی خەڵکەوە، لە نزیکەوە هەست بە واقیعکردنەوە، لە نیگای گەرموگوڕی خەڵکی تامەزرۆی ژیان و بێ پەنا و پەردەیی ئینسانی واقیعییەوە هەڵدێنجێ.

شیعری ئەحمەد عارف تەقینەوەی پیش خواردنەوەیەکی سالانی ساڵە، لافاوێکە لە هەزار و یەک کانییەوە هەڵدەستێ، سێلاوی فرمێسکی هەزاران هەتیوی بێ دایک و باوکە، لاسامەی ئەشکی سەدان دایکە، ئەسرینی هەزاران بووکی زاوا کوژراوە، دەناڵێ، دەتەقێتەوە، لە زیندان توند دەکرێ، بەلام نائومێد نابێ. ئومێدی زۆر ئەستوورە. تەنها نین، ئومێدێکە لە شەوگاری تاریکی ئەنگوست لەچاودا، لە زینداندا، کە هەر هەناسەیەک دەمێنێ و نامێنێ لە نێوان مردن و ژیاندا، پەروەردە کراوە، ئەم ئومێدە ڕەنگی زۆر تێرە، لە ناوجەرگەی نائومێدییەوە سەری هەڵداوە.. هەروەک ڕەنگەوزەکەی تەڕەپیازەکەی، بۆ دیدەن هاتووەکەی بۆی دەنێرێ، بۆ زیندان. ئومێدی لە نێو

تاریکاییی کـونـی زینداندا بەخـێـوی بکرێ، زۆر نازدار دەبێ، سـەوزیی تەڕەپیـازیش بۆیە وا سـەوزێکی زۆر تێر و نازدارە، چونکە لەنێو تفت و تیـژیی پیوازدا گەشـە دەکا. بڕوانە ئەم بەراوردکێیە. ئەم ئومێـدە چۆن لە ناو چوار دیواردا، چوار دیوارێکی سەهۆڵبەنداندا گەشە دەکا. شاعیر خەون دیتنی ڕۆ دەنێ. بیـر دەکـاتەوە. بەندی ڕێگا لـە بیـرکـردنـەوە، لە خـەونڕۆنـان ناگـرێ. هەنگین، لە نێـو چوار دیواردا دێتـە دەر. دەچێ بۆ چقـورئۆوا، وڵاتەکـەی، زێدەکـەی (یەشـار کەمـال)، دەگـاتە کارخـانە و فـابریقـە و مەزراکـان، دوای سـەرگـوزەشـتی برنج و لۆکـە و تووتن دەکـەوێ. لەسـەر مـەرەزەیی دەبێ بە دۆستی کیژە کوردێکی چکۆلانە، دەڵێ:

هەروەک برینەکەی پیشانی دۆستێکی بدا،
هەروەک شەنگەبێیەک تێراو کا،
ئاوها پڕ بە دڵ، ئاوها قووڵ.

لە هەوڵ و نـەفـەسـدا، وەک قـژی کـیـژ تووتن بێ و وەک حـەزرەتی خـدر فـریا کەوێ، «بـە پەڕە سیـغاری تەنکەوە دەپێـچرێ» و دێ، خـۆی «بەلێـوی تینووی دۆسـتـەوە» دەنێ. ئـەمـە چیت بەبیـر دێنێـتـەوە؟ کـرێکارە هەژارە کـوردەکـانی تووتنەوانی.

نازم حیکمـەتیش لە زینداندا گەشـتە شیعرییـەکەی (شێـخ بەدرەدینی کوڕی قـازیی سیمـاونە)ی نووسی ئەویش لە خـەونڕۆنانی نێو زیندان، ئەو شاکارەی ڕەنێو هێنا. ئەویش ئومێدە گەورەکەی لە نێو جەرگی ڕەشی زینداندا بەخێو کرد، زۆر نازداریشی بەخێو کرد. هەزار و یەک تەرحەڕەنجی لە پێناودادا.

گوتم ئەحـمـەد عارف لە زیندان دێتە دەر لەم خـەونڕۆنانەدا. دەڕوا، دەبێ بە ئاشنای کـیـژە کوردێکی لـەو چیایە، لەسـەر مـەرزەوە بەجێ مـاوە، بڕوانە، چ دەڵێ:

من لە نێو چوار دیواردا نیم

له ناو مەرەزە، لۆکە، تووتندام
له قەرەجەداغێ، لەجیبالییێ،
بە ماری ژەهراوییانەوە،
بە لەرز و تێیانەوە،
بیست و چوار سەعات لە ڕاوەئینساندان
چەڵتووکی قەرەجەداغێ
هەروەک فرمێسکی کیژە چکۆلەیەک
ڕیزێ مووروو لە بەلەکدا،
شانی چەپی نووشتەیەکی چاوەزار پێوە
لەو سەر چیایە بەجێماو
کیژە چکۆلەی هۆزێ
چەڵتووکی قەرەجەداغێ
برنجەکەی دڵۆپ دڵۆپ، ساف و سپی
بە لۆری، بە کاروانە هێستر،
بە لێشاو دەچێ بۆ سفرە و خوانی ئاغایان.

کۆواری بەیان، ژمارە ١٠١ – ١٠٢، کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤

# ڕەنگ و ڕووی نوێی مرۆ

## لە هونەر و بەهرەی یەشار کەمالدا لەبارەی ڕۆمانی تەنەکەوە

چەڵتووکچێنی لە پێ دەشتە بەراو و ئاوەنیاکانی چوقورئۆڤادا لە کوردستانی تورکیا، کە بەکانی گرەوگەرما ناوبانگی ڕۆیشتووە، بۆ خەڵک بووە بەمەسەلەی مردن و ژیان. چاوێ بەڕۆژنامە سەرەکییە تورکییەکانی وەرزی هاویندا بگێڕی دەنگوباس و نامە و ڕێپۆرتاج و وتارێکی زۆر و زەوەند لەمەڕ چوقورئۆڤا دەخوێنییەوە. سەردێرێ دەڵێ: «چوقرئۆڤا بەر شالاوی پێشکە کەوت»، یەکی تر دەڵێ: «پێشکە لە چوقورئۆڤا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەسامتر دەبێ و خەریکە دەبێ بە بەڵایەکی زۆر گەورە» و ئیتر هەر ڕۆژنامەیە و وتاری پڕ گلە و گازن بڵاو دەکاتەوە و شپرێوی و شپرزەیی هەرێمەکە ڕادەگەیێنێ. ڕۆژنامەکان لەوە دەدوێن کە زەوی و زار چۆن لە سەرێنیی بێ سەروبەری و بێ یاسا و دۆزیی چەڵتووکچێنی، هەموو بووە بەزەنەک و زۆنگاو و پێشکە وەک گەواڵە هەوری ڕەش بەری ئاسمان لە گوندان دەتەنێ و گەرمای لە کێش بەدەر دێنێ و لێشاوی نەخۆشی و پەتاو ئاهۆ بەشارۆکە و ماڵبەندانـدا بڵاو دەکاتەوە و گوندییان بەسەدان خانومان بەجێ دێڵن و بەرەو چیاو ڕەوەز و ئەشکەوت و شکێران هەڵدێن و خەڵک دەکەونە بارێکی نالەبار و فریا نەکەون نالەباری ناهەموارتر دەبێ و بەرەو هەڵدێر دەچن[1].

دیارە یەشار کەمالێ کە هەموو زیت و زرنگی و هونەر و بەهرەی لە پێناوی چوقورئۆڤادا بەخت کردووە، نەیدەتوانی لەو زۆر و بێ دادییە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی ناوی «تراجیدیای سروشت و مرۆوایەتی» لێ ناوە و ژیانی لە گوندنشینان کردووە بەدۆژ نائاشنا و نامۆ و بێ دەنگ بێ.

١- ڕۆژنامەی وەتەن، ٢٩ی بەفرانبار ١٩٥٦ .

نووسەرێ خۆی لە چوقورئۆڤا لە دایک بووبێ و سەروەختێکی دوور و درێژ ئاودێر و کرێگرتەی سەر مەرەزەی ئاغا بووبێ و لە تەهی دڵییەوە هەستی بەئێش و ئازاری گوندییان کردبێ، لەوەتا دەستی داوەتە قەڵەم، تا ئەمڕۆ بەبێ پشوو لەمەڕ ئەم باسە دەنووسێ. زۆربەی باس و خواسی چیرۆکی (زەردە گەرما) و (پێشکە) و (مەمەد و مەمەد) و (بەبەک) و (چوقورئۆڤا قرچەقرچ دەسووتێ) و (ئاغاکانی ئاقچەساز) لەو فەلاکەت و پەرێشانییە دەدوێن کە لە تاو گڕە و گەرما تووشی خەڵک دێن. ئەم مەسەلەیە لە کرۆکی ڕۆمانی (تەنەکە)دا زەق و زۆپ هەڵتۆقیوە و برێ هەڵومەرج، کە لە گڕە و گەرما دەکەونەوە ڕووت و قووت هەڵزەقیون و ئەم گرفتە ئابوورییە سیاسییە ڕیشاژۆیە لە تراجیدیایەکی کۆمەڵایەتیی گەورە و بەسامدا وێنە کێشراوە و زۆر بە بەربڵاوی شەوقی بەخەباتی توند و تیژی چینایەتیی نێوان ئاغای چەڵتووکچێن و گوندیی هەژار داوەتەوە.

یەشار کەمال لەم ڕۆمانەدا سێ مەسەلەی پڕ بەبالای نیاز و ڕازی کردووە بە هیم و بنەڕەت: یەکەم مەسەلەیان زۆر و ستەمی کاربەدەستانی چاونەزێری گوندان ئاغای چەڵتووکچێنە، کە لە شارەکاندا جێگیربوون و لە پارە کۆکردنەوە بەولاوە بیر لە چیی تر ناکەنەوە و لە ناپیاوی پێوە هیچی دیکەیان لێ ناوەشێتەوە.

دووەم مەسەلە باری ناهەنجاری ئەو گوندییە بێ ئاو و خاکانەیە کە ڕۆژ لە دوای دژوارتر و ناهەموارتر دەبێ و لە پێناوی یەک دوو لات و گاوخان زەویدا مل لە تێخ دەسوون. مەسەلەی سێیەمیان ئەوەیە کە لاوی کاربەدەست و ڕووناکبیری بەبیروبڕوا، هەگیز لەگەڵ ئەم بارە ناهەموارەی گونداندا ناسازێن و هەمیشە دەیانەوێ سوود بەدەستەوسان و هەژار و بێ ئەنوایان ببەخشن و لە دژ هەموو چەشنە ناهەقی و زۆرکارییەک ڕاسێن، بەڵام لە ئاکامدا تێک دەشکێن و تێ دەچن و دەبەزن و دەبن بەگوری و گاوگەردوونی ڕەشەهێزان.

رەگ و ریشەی هەرسێ مەسەلان لە بنیچەدا، کە نووسەر بە«تەنگ و چەڵەمەی گەورەی کوردستانی تورکیا» ی ناودەبا، لە سەر بنجی گرفتی

ئاغـایـەتی ڕواوە. هـەر سـەبارەت بـەمـەشـە لە ئاغـایەتی خـوێندن ڕیزی هـەرە پێشـەوەی نەخشـەی ڕۆمانەکەی دراوەتێ.

(تەنەکە) ڕۆمـانی نارەزایی دەربڕینێکە، ئەوەندی هـەڵبگرێ مـانایەکی توند و تیـژی کـۆمـەڵایەتیی بەخـۆوە گرتووە. هـێندەی یەشـار کـەمال لەمـەڕ گـوند و شـارانـی نووسـیـوە، هێـشـتـا هـیچ نـووسـەرێکی تر هێندەی ئەو لـە باری کوێرەوەریی گوندان، لە بەربەرەکانێی مفتـەخۆر و سەلەمچی و گزیر و کوێخا و سـەرلـەبەری نەکارە و مشـەخـۆرانی دیکە، کە نوێنەری هـەمـوو ڕەمەکایەتی و نەزانی و کۆڵەواری و پاشکەوتنێکن و دەیانەوێ گوند هـەمیشـە وەک سـەرچاوە و بناوانی چەوسـاندنەوە و بەرەنجـدان لە ژێر چنگیـاندا بمێنیتـەوە، هێشـتـا کـەس هێندەی ئەو لەم بارەوە نەدواوە، باشـتـر بـڵێم هێشـتا هـیچ نووسـەرێک هێندەی یـەشـار کـەمـال لەمـەڕ ئاغـایەتی کە مـایەی هـەمـوو گـێرە و کێـشـە و ڕکەبەرێـی نێوان گونـدی و مشـەخـۆرانە بەتانیـا نەڕۆیشـتـووە. یەشار کەمـاڵ بۆ یەکـەم جـار، زۆر بەفـرەوانی و بەربلاوی، لەو زۆرانبـازییە چینـایەتییـە توند و تیـژەی نێـوان گـوندنشـیـنی بێ زەوی و زار و هـەژار و ئاغـایان وەدەنگ هـاتووە، کـە بووە بەمـاک و مـایەی پاراسـتـنی خـوتی ئـاغـایەتی و داو و دەزگـای چەوساندنەوە و بەهـەموو ڕەنگێ پشتگیری لە دەسـەڵاتی تاریکی دەکا و لەسـەر مشـەخۆر و مێملان هـەڵدەداتێ، بەکورتی:

ئەو زۆرانبازییەی بووە بەسـەرینچاوەی هـەموو چارەڕەشی و کوێرەوەرییەکی کوردستانی تورکیا بەئامان و زامان و زۆر بەدانسقە پارێزگاریی لێ دەکرێ و ئاغاپەرستییان وەک شتێکی پیرۆز لە مێشک و دڵی گوندنشیـان پەستاوتووە. ئەمـەش وەنـەبێ هـەروا بەڕێککەوت بێ، چونکە سـەبارەت بـەو سیاسـەتەی کە دەسـەڵاتداران لە سـاڵانی پاش بزووتنـەوەی ئازادیی میللیدا لەمـەڕ مـەسـەلەی زەوی و زار دەیانگێڕا، دەسـەڵاتی بێ سنوور و چەسپـانی بەسـەر ڕاگەیشـتنی ئاغا و دەرەبەگان کە لە کوردسـتـانی تورکیـا بێ پشـوودان پەرەیان دەسـتاند و تادەهات دەوڵەمـەند دەبوون و تا دەوڵەمـەندتر دەبوون هـێندەی تر هـار دەبوون، ئەمـە تێکڕا یەشـار کـەمـالی لـە مـەسـەلـەی زەوی و زار زۆر بەئاگا و بەهـەمـوو

کون و کەلێن و سەرەودەرێکی گوند ئاشنایان بەپەرۆش و لێکدانەوەوە گلاند.

ڕەنگە بپرسن، خۆ هێندەی حەز بکەی لەمەڕ ژیانی شار و گوند و لە بارەی ژیانی رووناکبیران و کێشە و بەرەی خەڵکەوە کۆڵدراوەتەوە و وتاریان لەسەر نووسراون، ئەی کەواتا سۆنگەی تاسووقی ئەم ڕۆمانە و دەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی تورکاندا دەبێ چبێ و ئەم ناو و شۆرەتە لە چیڕا بەنووسەرەکەی براوە؟ بەکورتی: ڕۆمانی (تەنەکە) بنەڕەت و هیمی لە سەر بنجی درامای ڕەگاوێژی کۆمەڵایەتی ڕوواوە و ڕەگ و ڕیشەی بەناو کرۆکی ڕاستەقانییە زیندووەکانی ژیانی مرۆی ڕەنگ و ڕوو نوێ و بیروبڕوای بەفەرڕدا ڕۆچووە. ڕۆمانی (تەنەکە) لەسەر ڕاستەشارێی ڕووداو و ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک و کارەساتی سالآنی دوور و درێژی بەرچاو بنچینەی بۆ لێ دراوە. ئەوەی ئەم ڕاستییە لە ڕۆمانەکەدا شەوق پێ دەداتەوە ئەو سەرنج و تێبینییانەن، کە نووسەر خۆی لەمەڕ ڕووداو و قارەمانە نموونەکانەوە لە وتارێکدا دەری بڕیون[2].

وەکو گوتمان، بابەتی ڕۆمانەکە لەسەر ئەو بارو دۆزە ڕیالیستە ڕۆنراوە کە لە جەنگەی ژیانەوە ڕاگوێزراوە و نووسەر خۆی ڕاستەوخۆ تێیدا ژیاوە و هاوبەشیی تێدا کردووە. بەڵام ڕووداوە ڕاستەقانییەکە و ڕۆمانی «تەنەکە» لە زۆر سەرەوە لێک دووتاق دەبنەوە لە بنەڕەتدا لێک جوێ دەبنەوە.

دیارە، نووسەر لە بەرایی و نێزیکڕا زۆر بەتەکووزی لە ژیانی گوندان وریا و دریایە و بەهۆشێکی گەورە و خۆستێکی بەکوڵەوە لە ڕاستی دەگا و خێوی یارا و بەهرەی سەرنجی هەرە ڕیشاژۆیە و بەزاکوونی قیاس ڕاستییەکانی ژیانی بەرفراوانتر کردووە و لەمەڕ بەدەوکارییەوە زۆر شاعیرانە تانوپۆی بۆ ڕایەڵ کردوون و وەک هونەرمەندێکی توانا و بەهێز و پێز پەردەی لە ڕووی ئەو لایەنە نموونانەی، کە لە پشت ڕاستینەکانەوە پێوار و شێردراوەن هەڵماڵیوە و ڕووداوە گرینگەکان و دژایەتیی چینایەتی نێوان شار و گوندی ڕەپا و ڕەپ ئاشکرا کردووە و تابلۆی هونەرکارانەی بەرین و هەراوی ژیانی ئەنەدۆڵێی

٢- بڕوانە ڕۆژنامەی «جومهورییەت» ١٨ ی حوزەیران، ١٩٦٠ .

نیگار کێشاوە.

نیشانەی بە بەهای دووەمی (تەنەکە) ئەوەیە کە نووسەر مەیدانکاریی مەسەلەی قارەمانی بەکاری درێژە پێ داوە و لە ڕۆمانی تورکدا ڕەنگ و ڕووی ڕووناکبیر و گوندیی نوێباو و بەزیپک و خەباتگێڕی هەڵخستووەتەوە.

نوێباوی ڕەنگ و ڕووی ڕووناکبیری یەشار کەمال لە چییەوە سەری هەڵداوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ لە پێشدا مەسەلەی داهاتن و گووڕانی ڕەنگوڕووی ڕووناکبیر لە ڕۆمانی تورکاندا ڕەچاو کەین و بزانین پێوەندیی بەکۆمەڵ و گرۆی ڕەنجدەرانی خەڵک و ئیدیکەوە چییە؟ دەنا، ئەو نوێکاری و تازە داهێنانەی، ڕەنگ و ڕووی فیکرەت، سەرقارەمانی ڕۆمانەکە بەئەدەبیاتی تورکی بەخشیوە لە بۆچوون نایە و دژوارە.

مەسەلەی ڕووناکبیری گەلپەروەر لە ئەدەبیاتی تورکدا یەکێکە لە باوترین بابەتەکانی نووسین. هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم قارەمانی ئەدەبیات سەرلەبەر ڕووناکبیرن[٣].

ئەوەی پێویستە بگوترێ، ئەم مەسەلەیە چ لە پێش بزووتنەوەی ئازادیی میللی و چ لە پاش وی، کە بەشێوەیەکی زۆر بەگرێ و گرفت وەبەر چاو دەکەوت، لە لایەن زۆرینەی نووسەرانی خاوەن جیهانڕوانیی جۆرا و جۆری سەر بەلووزەوی بیروبڕوای هەمەتەرزەوە بەبیچم و شێوەی چەشن چەشن لە سەری نووسراوە.

بەنموونە لە نووسینی بەشی هەرە زۆری نووسەرانی تورکاندا ڕووناکبیر نوێنەری پێشکەوتن و بیروبڕوای تازە وەچەیە و لە کۆمەڵ یاخی دەبێ و بۆ سنوور شکاندن و کەوشەن بەزاندنی چوارچێوەی تەسک و تەنگەبەر و بۆ لە تاریکایی ڕا بەرەو ڕووناکی فڕین ڕەنجی فەرهاد دەدا و هەمیشە بەپەرۆش و هەڵوەداوەیە، بەڵام تەنگەتاوە و شپرزەیی و پەشێوی دەرفەتی ڕێ بەدیکردنی

---

٣- بڕوانە: ل. ئۆ. ئالکایێڤا، گەشەکردنی شێوەی قارەمانی سەرەکی لە ئەدەبی تورکیی کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، ١٩٦٠ .

له دەست داوە و یا هەندێ جار بەرەنگاری هێزێکی لە کێش بەدەر و توان بەرەژوورتر دەبێ و بەئێش و ئازارەوە دەتلێتەوە و هەویای لە سەر دڵ دەبێ بەگرێکوێرە و داوی ئاواتی لێ دەئاڵۆزێ و لە خەم و پەژارە و کوڵ و کەسەر و ناهومێدی و نشوستیی گیان پێوە چیی دیکەی پێ نابڕێ . لە (شین و ڕەش)ی خالید زیا ١٨٩٤، ئیجادکار و داهێنەری ڕۆمانی نوێی ئەوروپایی ئامالّی تورکەوە بگرە تا (کێشەی مەتبەخ)ی تەحسین یوجەل ١٩٦٠، دەمڕاستی بەرەی هەرە تازە، سەروسیمای ڕووناکبیر لە نووسینی دەستەیەک لە نووسەرانی تورکدا بەم ئاوایەیە. ئەم تەرزە و ڕووانەی ڕووناکبیران کە بەگشتی لە ئەدەبیاتی تورکاندا زۆر بە بەرفراوانی وەدیار کەوتووە، واتا ئەو لاو و خورتانەی بەگەشەکردن و وریایی و دریاییەوە پێش دەوروبەری خۆیان کەوتوون، بەڵام لە توان و وره بێ بەهرەن و لەبەر نەکارەیی و بێ چارەیی بڕستیان لێ براوە، لە ئەدەبیاتی کلاسیکی رووسی و ئازربایجانی سەدەی نۆزدەهەمیشدا تووشی دێن. جوانترین نموونەی ئەمە لە ئەدەبیاتی ئازەربایجاندان. وەزیرۆڤ لە سەروسیمای فەخرەدینی ڕۆمانی (کلۆڵی فەخرەدین)دا و ئە. حەقوێردیێڤ لە ڕۆمانی (لاوی بێ بەخت)دا لە سەروسیمای فەرهاددا تابلۆیان کێشاون.

گرۆیەکی دیکەی تورک وەک یاقوب قەدری و خالیدە ئەدیب و محەمەد ڕەئووف و بورهان جاهید و ئیدیکە مەسەلەی رووناکبیری گەلپەروەریان لە نووسینەکانیاندا بەبزووتنەوەی ئازادی میللییەوە شەتەک داوە و قارەمانە رووناکبیرەکانی خۆیان کە زۆربەیان لە چینی بەرەژوور هەڵکەوتوون، لە هەڕەت و جەنگەی شەڕ و هەلومەرجی گونددا پەیدابوون و ویستوویانە بانگهێشتنی زێدپەروەری و گەلپەروەری و نەتەوەپەروەرییان لە سەرو سیما و ڕەگ و ڕوو بارکەن و بەزۆرەملێ بەسەریاندا دابڕن. قارەمانە ئەرستۆکراتەکانی خۆیانیان تا چ ڕادە و نۆپلەیەک بەرەژوور هەڵکشاندووە، خەڵکی سادە و ڕەمەکیشیان هەر بەو نۆپلە و رادەیە بەرەژێر داخزاندووە و سەردڕیان بەسەر هەموو گوێنە دژایەتی و دڕدۆنگییەکی نێوان چینەکاندا

داداوەتەوە و لە دەوری جەماوەرانی خەڵک، کە لە بزاوتی ئازادیی میللیدا هێزی هەڵکردن و تێڕۆهاتن بوون نکوولیان کردووە و بەکۆمەڵێکی ڕەشایی و ڕەمەکی و نەکارە و بێ خوست ڕەنگ کراون. قارەمانە ڕووناکبیرەکانی (ی. قەدری) و (خ، ئەدیب) و ئەوانی تر، کە لە نیگارکێشانی نوێنەرانی خەڵکدا سوودیان لە هەموو جۆرە ڕەنگێکی ڕەش و دزێو وەرگرتووە و وێڕای ئەوەی کە بەدرێژاییی هەموو سەدەکە خەڵکیان پەروەراندووە و فێرە خوێندنیان کردوون و «خوست و وریاییی میللی»یان تێدا بزاوتوون، کەچی لە ئاکامدا خەڵکی ڕەمەکی و ڕەش و ڕووت بەبیانی و نامۆ ماونەوە و شۆپ و شوێنەواریان وەختە کوێر بێتەوە. ئەم نووسەرانە لە نووسینەکانی دوایشیاندا کە پەسنی کۆمار دەدەن، مەسەلەی ڕووناکبیری گەلپەروریان هەر بەو ڕشتە شێو و وەرد داوە.

سەرەڕای ئەمانە پێویستە بەگشتیش مەسەلەکە یەکالا یەکچاو کەینەوە. هەندێ نوێنەری بەناووبانگی ئەدەبیاتی ڕیالیستی نوێی تورک، کە دوای ئازادیی میللی هەڵکەوتن، وەسەر کەڵکەڵەی ئەوە کەوتن چارەسەرکردنی بەدەوکارییانەی مەسەلگەلێک کە لە وڵاتێکی سەر بەڕێگای پەرەساندنی سەرمایەداریدا دەبوو نیگار بکێشرێ، بەتایبەت ڕەنگ و ڕووی ڕووناکبیرێکی لە زۆر سەرەوە لە خەڵک نێزیک و زێد و نیشتمانپەرستێکی گەلپەروەر و زانیاری پەروار چۆن بەدی بهێنن و لەم مەیدانەدا قەڵەمیان بەچ بارێکدا ڕاهێنن و چۆن بئەزنوونن.

هەر لە ئاکامی ئەوەیە، نووسەرانی لە چینی بەرەژێر و بەرەوژوور هەڵکەوتی وردە بۆرژووژای بیروبڕوا پێشکەوتوو، سەبارەت بەو وەخۆکەوتن و شەنگڵ لە خۆدانەی دەسەڵاتداران لە یەکەم ساڵانی پاش دامەزرانی کۆماری تورکیادا لە مەیدانی زانیاریی شارستانیدا بەدییان هێنا زاتیان تێ گەراوە و لە نووسینەکانیاندا ڕەنگ و ڕووی ڕووناکبیران دەستی بەدرەوشانەوە کردووە و بۆ وریاکردنەوە و بەخۆداهێنانەوەی خەڵک و لە بارودۆخی ژیانی کەشیش وەجاغییانە و وشکەدەروێشی قوتارکردنیان دەچنە شوێن و مەڵبەندی هەرە

دووره دەست و هەرە تووش و هەرە ناخۆشی ئەنەدۆڵێ. ئەوەتا (ر. نووری) کە لە ناو ئەم نووسەرانەدا لە هەمووان لە خەڵکەوە نێزیکترە، لە ساڵانی بیستدا ڕەنگ و ڕووی خاوەن ئاکاری نوێکار و بەڕمێنێ ڕۆمانی (پەلەوەری سەرچڵ) و (شەوگاری کەسک) و (بەزە)ی داهێناوە. سەروسیمای (شاهین) لە ڕۆمانی (شەوگاری کەسک)ی ئەم هۆزانەدا، لەم مەیدانەدا، شیاوی ئەوەیە بەیەکەم هەنگاوی سەرکەوت بژمێردرێ.

(شەوگاری کەسک) کە وەک یەکەم ڕۆمانی میللی ڕیالیستانە بەزمانی بەرەی دیموکراتییەوە نووسراوە و بۆ مەسەلەی ڕووناکبیری گەلپەروەر تەرخان کراوە، نەک هەر لە بەهرە و هونەری رەشاد نووریدا، بگرە لە سەرانسەری مێژووی ئەدەبیاتی تورکدا گرینگترین جێگەی گرتووە[٤].

مەسەلەی ڕووناکبیری گەلپەروەر لە چلەکاندا، دیسانەوە وەک یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەدەبیات سەرنج ڕادەکێشێ. سەباحەدین عەلی و رەشاد ئەنیس و هتد... کە بەتوند و تیژی، ڕەخنەیان لە دامەزرانی بۆرژووای مڵکدار دەگرت، هەستیان بەوە کردووە کە ئەو بار و هەڵکەوتەی لە پێش هەموو جۆرە پێشکەوتنێکدا بووە بە لەمپەر و کۆسپ، تەنیا بەڕەخنەی ڕووت نابزوێ، جا بۆ ئەوەی کۆمەڵ لەم نەهامەتی و ڕۆژە ڕەشییە ڕزگارکرێ دەبێ پشت بەهێزە کۆمەڵایەتییەکان ببەسترێ و تیشک و تیرێژ بەڕەنگ و ڕووی ڕۆشنبیرە بەکارەکان بدرێتەوە. دەتوانین یوسفی سەباحەدین عەلی لە (یوسف قویوجاغی)دا و یاڵچینی ر. ئەنیس لە (بۆن و بەرامەی خاک)دا وەک درێژەی بەکاری هەنگاوە سەرکەوتووەکەی ڕەشاد نووری و ڕۆشنبیرێکی نوێباوی قاڵبووی ژیانی کۆمەڵایەتی نرخ لێ بنێین.

ئەمانە هەموو وەلانێین، لە بیست و سییەکاندا ڕۆشنبیری گەلپەروەر جارێ هێشتا لە ڕوانگەی جیهانڕوانیی پێشکەوتەوە بەتەواوەتی و لە گشت سەرەوە

---

٤- بڕوانە: ئە. ئەحمەدۆڤ. ڕۆمانەکانی رەشاد نووری. باکۆ ١٩٦٥ ل. ئۆ. ئاڵکاییڤا. ناوەڕۆک و قارەمان لە ڕۆمانی تورکیدا. مۆسکۆ ١٩٦٨ .

نەدەتوانرا بهێنرێتە گۆڕێ. بەڵام لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئەو نوێنەرەی کۆڕی ئەدەبیاتیان گەرم کرد، ر. نووری و س . عەلی و س. ئەرتەم و ر. ئەنیس و هتد... شان بەشانی ئەو نوێکارییەی بەپەخشانی تورکییان بەخشی، بێ لێبڕان لەسەر شۆپ و خدە ئەدەبییە بەکارەکان پێوە چوون و بەردەوام بوون و مەسەلەی ڕۆشنبیری گەلپەرەوەریان ڕیشاژۆتر هێنایە پێشێ و لە مەیدانی نووسینی بەسەروبەری ئەم بابەتەدا لە پێشینەی خۆیان بەرەژوورتر هەڵکشان.

ئەمەش، لە سەرێکەوە، لەگەڵ پەرەساندنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و توند و تیژبوونی دژایەتییەکانی نێوان دەستە و چینەکان و بەرەژوورهەڵکشانی خەباتی ئابووری و سیاسیی جەماوەری ڕەنجکێشی بژیو و گوزەران بەرەژێر کە لە پاش شەڕ لە وڵاتدا بەزەقی بەرچاو دەکەوتن و لە سەرێکی ترەوە، لەگەڵ شەپۆلی دیموکراتییەتی بەگوڕوتینی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و فراژیبوون و هێزئەستاندنی حەز بەتازەییکردنی پەیدابوونی ڕۆشنبیرانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، کە لە جیهانی ئەدەبیاتدا لە ناو چینی ناوەند و چینی هەژار و دەسەسانەوە هەڵکەوتبوون و بەتاسە و پەرۆشی وەڵامدانەوەی ئەو خواستە تازانەی ژیان زۆپا و زۆپ قوتی کردبوونەوە، دەستیان دابووە قەڵەم. ئەمە لە هەردوو سەرەوە هاوپێوەندبوو، هەر لەم سەروبەندەدا دەمڕاست و نوێنەرانی مەزنی ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکی وەک کەمالەکان و فەقیر بایقورت و تالیب ئاپئایدن و مەمەد باشاران و کوڕەکوڕەی لە گوند هەڵکەوتەی دیکە کە لە جەنگەی چینی ڕەنجکێشەوە سەریان هەڵدابوو و دەمڕاستی ئەو بەیاننامەیە بوون لە مەحموود ماکاڵەوە دەستی پێ کرد، هەروەها ئی وەک ئیلخان تاروس و ئۆرخان خەنچەرلی ئۆغلی و جەیحون عاتیف قان سوو، سونعوڵڵا ئاری سۆی و ڕۆشنبیرانی تر، کە لە پاش ئەوەی خوێندنی بەرەژووریان بەئاکام گەیاندووە و مەودایەکی دوور و درێژ لە گوند و شارەکانی ئەنەدۆڵدا لە کاری جۆراوجۆردا هەمەکارە و کاربەدەست بوون، ئەمانە هەموویان دەستوبرد و جەخت و چوست و چالاکییان لە کارە

کۆمەڵایەتییە سیاسییەکانی ژیانی وڵاتدا مایەی سەرنج و وردبوونەوەیە.

ئەم ڕۆشنبیرانە چ لەوانی لە ناو گوندانەوە هەڵکەوتبوون و چ لەوانی لە شارانەوە سەریان هەڵدابوو، لە هەر ناوچەو هەرێمێکی وڵاتدا کاریان گێڕابێ، لە دژ هەموو جۆرە زوڵم و زۆر و کوێرەوەرییەکی ئەو سەروبەندەی لە داو و دەزگای بۆرژوای ملّکدار کەوتبووەوە زۆر مەردانە خەباتیان کردووە و هەموو جارێ لە سەرێنیی ئەو کارانەی لە پێناوی خێروبێری مەردمدا و بۆ وریا و دریا کردنەوەی گوندییان دەیانکرد هەرچەند لەگەڵ بەربەرەکانێی توندی خەڵک چەوسێن و کۆنەپەرستان و بریکارانی دەوڵەتدا کە لەسەریان دەکردەوە و هەمیشە پاڵێشتیان بوون ڕووبەڕوو وەستاون و بەبێ کشانەوە درێژەیان بەخەباتی بێ پشووی خۆیان داوە و لە پێناوی ژێر و ژوور کردنی تەخت و بەختی ئاغایەتیی ملّکداران و بەگ و دەست و پێوەندەکانیاندا لە وڵاتێکی وەک ئەنەدۆڵێ، کە هێمان بەکۆت و زنجیری دەرەبەگایەتییەوە پرزەی لێ براوە و بۆ ڕیشەکەنکردنی نەتەوەچەوسێنی و بۆ خۆشکردنی ژیان و گوزەران و خوێندەوارکردنی جەماوەری دەسکورت و بێ بزگوڕ و هەژار، سەرلەبەری وریایی و زیت و زرنگیی خۆیان تەرخان کردووە.

وەک بەدیاردەکەوێ، لەم سەردەمەشدا پیاوانی نوێباوی بەکار و ڕووناکبیرانی مەرد کە ئەویندراری گەل و نیشتمانەکەیان بوون و لە ناوجەرگەی جەماوەری بەربڵاودا هەڵکەوتبوون، پەرەیان دەستاند و پتر دەبوون و هێز و گوڕێکی مەزنی کۆمەڵایەتییان ڕادەنا و چاوەنۆڕ بوون لە ئاوێنەی پەخشانی هاوچەرخی تورکدا تیشکدانەوەی ڕەنگ و ڕووی خۆیان کە لەگەڵ ژیاندا وەروێرکە بووبوو، بەدی بکەن. ن. گ. چێرنێشێڤسکی لە سەرەتای ڕۆمانی (دەبێ چ بکەین)ەکەیدا، کاتێ لەمەڕ قارەمانە بەکارەکانەوە. کە بۆ باری ئەو ڕۆژەی ئەدەبیاتی رووس نوێباو بوون، دەینووسی: «هۆ خێرخواز و بەهێز و گوڕینە، هۆ بەئاوڕوو و بەدەستوبردینە. ئێوە تازە لە ناو ئێمەماناندا گووراون. بەئەژمار کەم نین، تا دێ خێرا خێرا زیاد دەکەن و زۆرتر دەبن. ئەگەر هاتبا ئێوەی هەمیشە کۆمەڵ پێکهێن هەبوان. هیچ

پێویست بەنووسینی من نەبوو. خۆ نەشبوونایە ئەوە منیش نەنووسینم دەبوو نە هیچ. بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێوە هێشتا نەبوون بەکۆمەڵ و کەچی لە ناو کۆمەڵیشدا هەن، دەبێ هەر بنووسم و دەشتوانم پتر بنووسم»[٥].

ئەم ڕۆشنبیرە نوێباوانە کە سەرنجی نووسەرانی هاوچەرخی تورکیان ڕادەکێشا و لە ئاکامی پێشکەوتی سروشتییانەی ژیان خۆی و کۆمەڵایەتییەوە هەڵکەوتبوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبوون و هەستیان بەوە دەکرد کە پێویستە ڕێگەی ژیان و خەبات نەخشە بکێشن و ڕەنگ و ڕووی پتەو و پوختی بەدەوکارییانەی بۆ بگوورێنن، لە نزیکەوە وەڵامی چەسپ و پڕبەباڵای پەرەساندن و هەڵکشانی کوڵی خوستی نەتەوایەتی و خواستەکانی سەردەمیان دەدایەوە. هەر بۆیە لە پاش شەڕی دووەمی جیهان، بەتایبەت لە دوای پەنجاکان، مەسەلەی ڕۆشنبیری گەلپەروەر لە ئەدەبیاتدا بەقووڵی دەهێنرێتە پێشێ و بەئاوایەکی نوێ ڕوون دەکرێتەوە. بەڕێککەوت نییە کە تەنیا لە سالانی دواییدا بەدەیان کتێبی بەبارست و قەوارە درشت لە مەڕ ئەم مەسەلەیەوە ڕەنێو دەهێندرێ و ڕۆمانەکانی (جیهانی تاریک)ی ئۆرخان خەنچەرلی ئۆغلی و (چیرۆکی مار)ی سەمیم قۆجەگوێز و (تەنەکە)ی یەشار کەمال و (مودەعی گشتی یەشیل قایە)ی س. تارووس و (هەور بەئاسمانەوە نییە)ی جەودەت قودرەت سۆڵۆ و (لوولە قژی ڕەش)ی ئاری سۆی و (دەیەم گوند)ی فەقیر بایقورت و (ناوکی بیابان)ی کەمال تاهیر و هیی تر بڵاودەکرێتەوە. ئەوەی زۆر گرینگە، زۆربەی ئەم ڕۆمانانە، هەروەک (تەنەکە) هەریەکە بەڕادەیەک ئاکاری سەربەوردگێڕیی خۆی پێوەیە و لەسەر بنەڕەتی ئەزموونی شەخسی و بۆچوونی نووسەرەکانیان نووسراون، ئەو ڕۆمانانەی نێومان برد لەمەڕ ڕادەی لە ژیان گەیشتنی نووسەرەکانیان و پلەی جیهانڕوانی و بەهرە و هونەریانەوە، دیارە لە ڕووی بیروبڕوا و ناوەڕۆک و هونەرەوە هەموو لە یەک پلەدانین. نیاز و دۆزی سەرەکی لە نووسینی ئەم ڕۆمانانە ئەوەیە، کە ناهەمواری و تووشی ئەو دەوروبەرە لە وزەبەدەرەی کە

---

٥- ن. گ. چێرنێشێڤسکی: دەبی چ بکرێ؟. باکۆ، ١٩٥٢، ل ١٤ .

خەڵکی تێدا دەژی، ڕووت و قووت نیشان بدرێ و ورەی بەربەرەکانێ لە دژ ڕەشەهێزی ژیان بەرەژوور هەڵکشێندرێ، هەر سەبارەت بەمەیە کە قارەمانانی ڕۆشنبیری ئەم ڕۆمانانە لە ڕووی پێوەندییانەوە لەگەڵ خەڵکدا، بەتایبەت لەگەڵ جەماوەری گونددا، کە لە مەڕ هەستی کۆمەڵایەتییەوە دوا کەوتوون و لە ڕووی تێگەیشتنی دژایەتیی چینایەتییەوە و لە باری گۆڕینی ژیان و هیچ نەبێ لە ڕووی وشیارانە بیرکردنەوە و لە پێناو سازکردنی جیهانێکی نوێ و پێوەندییەکی نوێ و لە ڕووی خەباتگێڕانیانەوە و لەمەڕ سەرەنجام بەسەر ڕەشەهێزی کۆنەپەرستی و خەڵک و نەتەوەچەوسێندا زاڵبوون، ئا لەم هەموو بار و ڕووانەوە خاوەن ئاکار و ڕەوتێکی هاوبەش و دەستیاون. بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموو، لە خەڵکەوە نزیک بوونی قارەمانە ڕووناکبیرەکەی یەشار کەمال و لە جەنگەو هەڕەمەی خەباتدا کۆڵنەدانی و پشتیوانی لێکردنی بەرژەوەندی خەڵک و بیروبڕوای پتەو و نەبەزی زاڵبوون و سەرکەوتنی ڕەنگ و ڕووی درەنگ یا زووی هێز و توانی گوندی و خواست و ئارەزووە ڕەواکانی خۆی و بەورەبەرزی و خۆشبینییەوە نواڕینە ژیان و بەبڕێ ئاکار و خەسیەتی تری نوێوەی، نەک لە سەرووتری ڕەنگ و ڕووی ڕۆشنبیرانی ی. قەدری و ر. نووری و ر. ئەنیس و س. عەلییەوە، بگرە لە سەرووتری ڕەنگ و ڕووی ڕووناکبیرانی نووسەرە هاوچەرخەکانی وەک خەنچەرلی ئۆغلی و س. ئاری سۆی و ئەوانی دیکەوە دەوەستێ.

یەکێک لە لایەنە هەرە گرینگەکانی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە قارەمانە سەرەکییەکەی بەسەروسیمای خەباتگێڕێکی گەلپەروەرەوە هاتووەتە بەر مەیدانی خەبات. ئەو هێزەی فیکرەت پشتی پێ بەستووە لە شێوەیەکی هێز و توانی گەڕناسانەی بەرچاوی گەلدا گیانی بەبەردا کراوە. یەکانگیربوونی ڕۆشنبیر و گەل و خەباتگێڕان شان بەشانی یەک، هێشتا لە هیچ نووسینی دیکەدا وەک لە «تەنەکە»ی یەشار کەمالدا دەیخوێنییەوە هێند ریالیستانە و روختە و مەحکەم دانەڕێژراوە.

لەو ڕۆمانانەدا کە لە مەڕ پێوەندی ڕۆشنبیری گوندییەوە قسەدەکرێ،

دەستوور وایە ڕووناکبیران دەیانەوێ چاوی گوندییان بکەنەوە و بۆ ئەوەیان دنە و هان دەن کە لە سەر پاراستنی مافی ڕەوای خۆیان سووربن. لەم ڕۆمانەدا قارەمانی ڕۆشنبیر هەرکە بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرست دەبێ، سەبارەت بەوەی کە کۆمەگ و یارمەتی لە گوندییان دەردەست ناکا، یا هەست دەکا گوندییان لە پلەیەکدانین بەدەنگییەوە بێن، لە خەبات دەکشێتەوە و ناهومێدی سواری کۆڵەی سینگی دەبێ و ڕەشبینی دنیای لێ دەکا بەشەوەزەنگ. ئەم نیشانەیە لە نووسینی زۆربەی نووسەرانی تورکدا، لە ی. قەدرییەوە بگرە تا دەگەیە ئۆ. خەنچەرلی ئۆغڵی بەڕوونی بەرچاو دەکەوێ. بەنموونە:

ئەحمەد جەلالی ی. قەدری دەیەوێ لە گوندێک لە گوندەکانی ئەنەدۆڵێ بژی و ژیانی بۆ گوندییان تەرخان کا، هەر وەک خۆی دەڵێ دەیەوێ فێری ئاکار و ڕەفتاری بەرز و تەرزی مرۆڤایەتیی وەک نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەرییان بکا و بەپەرۆش و تاسەی لە نزیکەوە یارمەتیدانی گوندییان فرچکیان هەڵداتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو هەڵوەدا و ڕەنجە نە لە گوندییان نزیک دەکەوێتەوە و نە دەشتوانی پەی بەدڵ و دەروونیان ببا و هەر لە سۆنگەی ئەمە لەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا بەنائاشنا و نامۆ دەمێنێتەوە. تەنانەت هەموو قسە و ڕەفتارێکی بەلای گوندییانەوە بەسەیر و سەمەرە دێنە بەرچاو. چونکە هەڵدێری نێوان خۆی و گوندییان هێندە کوور و هەزار بەهەزارە لە گۆکردن نایە و دژایەتییەکەی نێوانیان ئەوەندە توند و تیژە بەهیچ ئاوایەک نارەوێ و لە ئاشتبوونەوە نایە. ئەحمەد جەلال با پێوەندیی خۆی لەگەڵ خەڵکدا بەنەرمە وتووێژ پەردەپۆشیش بکا، ناتوانێ پێوەندییە دوژمنانە پەنامەکییەکەی لە دژ گوندییان وەشێرێ. لە زۆر جێگەی ڕۆمانەکەدا بەڕاشکاوی پێ لەوە دەنێ، کە بیر لە باری ژیانی گوندییان و نەخوێندەواری و نەزانییان دەکاتەوە. ئەحمەد جەلال وەک ڕۆشنبیرێک چەند بەگەل دوژمنە و لێوەی دوورە، فیکرەت ئێرماقلی هێندە زگماکە و لێوەی نزیکە. ئەو کاتێکی لە دەم و چاوی گوندییان ڕادەمێنێ لە پێت و بڵێسەی بێز و نەفرین پێوە چیی دیکە لە سۆمای چاویاندا

بەدی ناکا، بەڵام هەرچی فیکرەتە لە سۆمای ئەم چاوانەدا کوڵی ڕۆشناییی ژیان و ئەشقی خەبات و تێکۆشان و هەست و خواستی خۆشەویستی و هێژایی و دڵۆڤانی و مرۆدۆستی و دڵاوایی بەدی دەکا.

ئەحمەد جەلال ئەگەر خۆی بەقوتووە شکاوێک چووانددووە و لەو دەشتە تووڕ هەڵدراوە و بەکاری هیچ نایە و دادی کەس ناخوا، فیکرەت هەمیشە هەست بەوە دەکا پیاوێکە سوود بەخەڵک دەبەخشێ و ئاکار و ڕەفتاری گەورە گەورەی لێ چاوەنۆڕ دەکرێ، یاخۆ با ڕۆمانی (بەزە) بخوێنینەوە:

سی ساڵ پێش نووسینی ڕۆمانی (تەنەکە) سەروەختێ، کە بۆرژووای زەوی و زاری ئەنەدۆڵێ کز و کەنەفت بووبوو، ئەو زۆر و زۆرکارییە نەتەوایەتییە کۆمەڵایەتییە رەشاد نووری لە زاری سەرقارەمانی ڕۆمانی (بەزە)وە دەری بڕیوە و هەڵی ڕشتووە دەڵێ: «زەوی و زار تایبەتی لالوێچێ دەوڵەمەندی پەست و ئاڵچاخ و چاونەزێر و چنۆکە و دەوڵەمەند بەزاوزاتوولەوە یەکیان گرتووە و هێچکیان لە دەسەڵاتی دەوڵەت وێک هێناوە و بڕستیان لێ بڕیوە و زۆر بەپسپۆڕانە و پیتۆڵانە دەست و باسکیان بەستووە و نایەڵن قایمقامەکان فزە بکەن و جووقەواریان لێ بڕیون و خۆیان چۆنیان ئارەزوو لێ بێ بەو ئاوایە دەبزوون و هەق و حسێو لەگەڵ کەسدا ناکەن و هەرساتێکی ویستیان ئەم کارفارما یا ئەو هەمەکارەی حەزی لێ نەکەن و سەرپێچییان لێ بکات بەبێ پرسینەوە خۆیان کاربەدەری دەکەن و لەگەڵ هەر کیهەشیان بتوانن بیکەن بەگوێ لەمست و بەندەی خۆیان ئاڵشتی دەکەن و بەدۆز و ئامانجی گەماری خۆیان دەگەن». ئا ئەم زۆر و زۆرکارییە ئەمڕۆ پتر بنجی داکوتاوە و ریشاژۆتر بووە و لە توان بەدەر گوڕی ئەستاندووە. لە ڕۆمانی (تەنەکە)ی یەشار کەمالیشدا تووشی ئەم ڕاستینە تاڵە دێین. ئەگەر مورشید، قارەمانەکەی رەشاد نووری ئەم ناسۆرە بەسۆیە کۆمەڵایەتییەی لە یاداشتە ڕۆژانەکەیدا یاداشت دەکا و هیچی تر، فیکرەت، قارەمانەکەی یەشار کەمال لە پێناوی گۆڕینی باری نالەباری بەدەردا مل لە خەبات دەنێ و دەچێتە بەری مەیدانێ. یەک لەم دوو قارمانە، کە هەردووکیان قایمقامن، لەمەڕ بێدادیی کۆمەڵایەتی

تەنیا قسەی ڕووت دەکا، هەرچی دووەمیانە بەهەموو گوڕێکییەوە دە گژ ئەم بێدادی و ناهەقییە ڕا دەچێ. مورشید کە دەکرێ بەهەمەکارە و بۆ ئەنەدۆڵێ بەڕێ دەکرێ هەرچەند لە یاداشتەکەیدا کارنامەیەک لە چەند بەندی بەدەبدەبەی بەئاو و تاوی سەرکاغەزی وەک ویژدان و یاسا و هاومەسلەکی و ئەرکی سەرشان و ناموس و شەرەف و سەرڕاستی و غیرەت و ئەم جۆرە بابەتانە دادەنێ. بەڵام هەر لە هەوەڵکۆوە ئەو جیهانە ئاغایانەیەی تێیدا مەستە کوڵەمستێکی وای تێ دەسرەوێنێ بەندومەندی ناو یاداشتەکەی سەرلەبەر لە مێشک دەسڕێتەوە و خەباتگێڕییەکەی گۆڕین و بڕوای بەژیان و کۆڵنەدەرایەتی و بوێرییەکەی دەدۆڕێنی و لە ئاکامدا ڕێی ناکەوێ هیچ یەک لە خواستەکانی بەدی بێنێ و دەبێ بەگوری و بەڵاوەگێڕی ئەم (دنیا بێ مانایە) و خوێنەر ناهومێد دەکا دەست لە باتووان درێژتر. هەرچی فیکرەتە لە گوێن مورشید نییە. ئەم، خواست و ئاواتەکانی ئاسمان و ڕێسمانە. فیکرەت نە بەندوباو یاداشت دەکا و نە کارنامە ڕادەنێ. ڕاستە ئەمیش هەر بەخواخوای وەدیهێنانی خواست و ئارەزوویەکی دیارییەوە بۆ ئەنەدۆڵ دەچێ، بەڵام هەرکە لەگەڵ بەربەرەکانێی ئاغادا ڕووبەڕوو دێ پتر گوڕ و توان بەبزووتنەوە دەدا، نەک بەقسە. فیکرەتێ کە ئارەزوو و ئاواتی لێک جۆش دراون و لەبەریەک هەڵناوەشێن لە خەباتی نابەرامبەردا تا دوا پشوو کوڵ نادا و دڵ و دەروونی خوێنەر لە ئەشقی خەبات کەیل و سەرڕێژ دەکا.

ئە. ئەحمەدۆڤی ئەدەبیاتناس لەبارەی مەسەلەی ڕۆشنبیر لە هونەری ڕەشاد نوورییە، بەنیازی بەراوردکێوە باسی ڕۆمانی (تەنەکە)ش دەکا و لەمەڕ کۆڵنەدانی قارەمانی ڕۆشنبیری یەشار کەمال دەدوێ و قارەمانی ڕۆشنبیری ڕۆمانی (تەنەکە)ی لە سەرووی قارەمانی ڕۆشنبیری ڕۆمانی (بەزە)ی ڕەشاد نوورییەوە ڕاناوە و دەنووسێ:

«قارەمانی ڕۆمانی (تەنەکە)ی یەشار کەمالی بیر و بڕوا پێشکەوتووی سەر بە بەرەی نووسەرانی تازەی تورک کە فیکرەت ئێرماقلییە بەو خەباتگێڕییەوەی لێی بووە بەنەخش لەگەڵ مورشیددا زۆر لێک دوورن و لە

سەروویەوە دەوەستێ[٦].

لە ڕۆمانی (دنیای تاریک)ی ئۆرخان خەنچەرلی ئۆغلیشدا ناکۆکی و دژایەتی هەڵبواردراون. جگە لە ئەحمەد، تووشی ڕۆشنبیر و گوندیی واش دێین کە بەدژواریی ژیان و چارەڕەشیی خۆیان ڕازین و گلە و گازن لە حاڵی خۆیان ناکەن. زۆرلێکردە و زۆرکاریش هەردووکیان تا ڕادەیەک بەژیانی خۆیان قایلن، نایانەوێ بیر لەوە بکەنەوە کە دەشێ ژیانیان بەبارێکی دیکەدا وەرچەرخێ. بیروبڕوای قایمقام کە سیما بنەڕەتەکانی ڕۆمانەکەیە لە یەکەم نیگادا زۆر بەکارە، تەنانەت، ئایدیاڵی بەکاری نووسەریش هەر بەزمانی ئەم سیمایەوە دەربڕاوە. بەڵام ئارەزوو و خواستەکانی لە بارەی ژیان و کۆمەڵەوە هەر ئارەزوو و خواستن و هیچیان بەدی نایە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەستیشی دەڕوا و بەڵام هیچی لەدەست نایە و زۆر نەکارە و بێ دەست و بردە. خۆ لە قەپێلکی خۆدا حەشاردان و هەمیشە بیر لە پارێزگاریی ژیانی شەخسی کردنەوەی خۆی لەوێ بوەستێ، دەیەوێ لاوانیش بەم بیروبڕوایانەوە بگلێنێ. ئەحمەد لای وایە بەکارەبا ڕاکێشانێک دنیا لە شارۆکەکەیان دەبێ بە بەهار. خوێنەر لەم ڕۆمانەدا بییەوێ و نەیەوێ بزەی بەساویلکەییی ئەو لاوانە دێتێ کە ناتوانن پێوەندیی لەگەڵ خەڵکدا سازکەن و ناتوانن بەهرە لە هێز و توانستیان وەرگرن، کەچی لافی ئەوە لێ دەدەن لە ڕێگای فێرەشارستانێتییەوە پەرە بەگوندان دەدەن.

بەڵام مەسەلە لای یەشار کەمال لە ڕۆمانی (تەنەکە)دا بەبارێکی تردا هەڵکەوتووە، گوندییان چاوی ڕووناکبیر دەکەنەوە، دەیانەوێ لە پەنای دەسەڵات و وەزیفەکەیەوە لە سەریان هەڵداتێ و پشتوانییان لێ بکا.

فیکرەت لە جەنگەی خەباتدا لە دژ ئاغایان کە دەکەوێتە تەنگانەوە پشت بەکۆمەک و یارمەتیی گوندییان دەبەستێ و لە توان و گوڕی نەبەزی ئەوان بەورە دێ و لە کاتی هەرە ناسکی خەباتدا لە کرۆکەوە خوست بەوە دەکا کە

---

٦- ئەحمەد ئەحمەدۆڤ: ڕۆمانەکانی ڕەشاد نووری، باکۆ، ١٩٦٥ . ل١٠٠ .

دەبێ پشت بەکێ ببەستێ و بەچاوی خۆی دەبینێ هێزی راستەقانی لە کوێیە و بەبێ سێ و دوو ڕەگەڵ ئەوان دەکەوێ. فیکرەت لەگەڵ ئەو جۆرە ڕووناکبیرانەی دەیانەوێ تەنیا پشت بەوەزیفەکەیان و خوێندەوارییان ژێهاتییی و کارامەییی خۆیان بنوێنن و لە ئاکامدا نایانپەرژێتە هیچ کارێک و بەهیچدا ڕانەپەرموون زۆر جیاوازە و هەر لە یەکەم نیگاوە، هەست بەوە دەکرێ کە فیکرەت پشت بەخەڵک دەبەستێ و زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ مەردمدا دەکوڵێ و جۆش دەخوا و لەگەڵ گوندییاندا بەداو و ڕایەڵی سفت و کرژ خۆی تێیان هەڵدەکێشێ.

ئەحمەد قارەمانی ڕۆمانی (جیهانی تاریک) سەرەڕای ئەوە کە هیچ کاتێ تەنیایی بەخۆیەوە نابینێ و هەمیشە ڕۆشنبیرانی شاری لە دەورن و دەڵێ: «لە جەنگەی شەڕی مردن و ژیاندا تاک و تەنیا ماومەوە» و ترسی ڕێ دەنیشێ، کەچی فیکرەت لەم کاتانەدا پشت بەگوندییان دەبەستێ و بەتوان و ورەیەکی بالاترەوە خەبات دەگێڕێ.

خۆ (تەنەکە)ش هەر بە بەزین و ژێرکەوتنی قارەمانە سەرەکییەکەی دوایی دێ. بەڵام بەزینی ئەم تا نووسینەکانی ساڵی پەنجا و بگرە تا نووسینەکانی هەندێ لە نووسەرانی ئەمڕۆکەش دیاردییەکی کۆمەڵایەتیی ئاساییە و بەسەڵتی وەدەنگ نایە و بەزینی قارەمانی سەرەکی بە بەدبینی و ناهومێدی دڵ سڕنا کا و وەک کارەساتێکی بەخەم و کوڵ و کەسەر دوایی نایە. چونکە فیکرەت کاتێ دەبەزێ بڕوای بەخەباتی دوارۆژ لێ نابزڕکێ و ویژدانی خاوێنی ئەو، ئیرادەی پتەو و ڕەخنەی ئەو، بڕوا بەوەی کە کارێکی دەیکا هەق و ڕەوایە، پشت بەگەل بەستن، ورە بەزۆرداران بەردەدا و گیانی ورەبەرزی و خۆشەویستی لە خوێنەردا وەخەبەر دێنێ.

یەشار کەمال لە بارەی گرێ گرێی نەفسانیدا لە هەڵەنگوتن و سەرەنگرێی زۆر ناخۆشدا فیکرەتی کۆڵنەدەر و بیروبڕوا ڕۆشنی کردووەتە نەینۆکی سیمای ڕووناکبیری بەکار و خێوی خەسیەتی بەهێزی ئەم شێوە ڕووناکبیرە، کە دەیەوێ لەگەڵ ئەو گوندییە هەژارانەی لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە زۆر لە

زۆرداران بەرەژوورترن تا دەمـاری تـەڕی لە لەشـدا مـا بێ بەسـەر ڕاسـتی بمێنێتەوە، لە خەباتی ڕەوایاندا کۆمەگیان بکاو ببێ بەنموونە بۆ خەڵکی تر.

ئەو گوندییانەی لە ڕۆمانی (تەنەکە)دا وێنەکێشراون بەپێی ئاکاریان لە چاو ڕەنگ و ڕووی ئەو گوندییانەی س. عەلی و س. ئەرتەم و ر. ئەنیس و تەنانەت ئەو نووسەرانەی کە تا ئەمڕۆش زۆر لەمەڕ گوندییان دەنووسن گەلێ لەبەرەژوورترەوەن. قارەمانە گوندییەکانی یەشار کەمال، نە وەک گوندییە ڕەمەکی و ساویلکە و وشکەبرواکانی ر. خالیدن و نە لە بابەتی ئەو گوندییە ڕووخاو و بێ ورانەی ی. قەدری و خ. ئەدیبن کە لە هەست و خوستی مرۆڤایەتی بێ بەهرەن و وەک بوونەوەرێکی فیزیۆلۆجی و کۆمەڵە بەسزمانێک لەقەڵەم دراون و نە لە چەشنی ئەوانەی ر. نوورین کە شیاوی بەزەیین و نە وەک ئەوانەی س. ئەرتەم و س. عەلین کە لە گەنکاوی ناگوزووری و نەزانی و بێ دەرەتانیدا لە سەر بستێ زەوی و بۆ دێراوێ ئاو یەکدی دەکوژن و نە لەوانەی ر. ئەنیس و م. ماکاڵن، کە بەدەسبەرداری دنیان و چارەنووسیان بە هات و نەهاتەوە شەتەک داوە و لە ناو دەردەداری و نەخۆشیندا دەگەوزن و دەڕۆن. ک. تاهیر و ئۆ. خەنچەرلی ئۆغلێ و س.. ئاری سۆس و نووسەرانی هاوچەرخی تر، کە لە بارەی ئەم مەسەلەیە دەنووسن، لە پێشینانی خۆیان پێشتر نەکەوتوون.

لە (دنیای تاریک)ی ئۆ. خەنچەرلی ئۆغڵیدا نەک گوندی وریا تەنانەت ئەوانی لە خوستی کوێرەزگماکی خەباتگێڕیش بێ بەهرەن، لە ژێر چارەڕەشی ئەو تاریکییەی داپۆشیون وێژینگ دەدەن و خەو دەیانباتەوە. هەرچی کەمال تاهیرە وەک لە (پشت کووڕی گوند)دا دەبینین گوندی وەک موشاعییەتێکی داخراو و گوندییانی وەک کۆمەڵێکی لە تاو نەخۆشی چرووساوە وێنەکێشاوە.

ئەمڕۆ لە نێوان ئەو نووسەرانەی لەمەڕ هاوپێوەندیی گوند و گوندییانەوە دەنووسن دوو ڕوانگەی هیمدار بەرچاو دەکەون: هەندێکی وەک ک. تاهیر و ئۆ. خەنچەرلی ئۆغڵی و س. ئاری سۆی هیچ جۆرە هێزێکی بەکار لە گونددا نابینن، گوندییان وەک کۆمەڵێک دەنوێنن بەرەو چرووسانەوە و پووچانەوە بڕوا.

گوندی له نووسینی ئەم نووسەرانەدا وەک بوونەوەرێکی تێکشکاو و نەکارە و بێ هەست و خوست وێنەکێشراون. کە چی بەپێچەوانەی ئەمانەوە، له نووسینی یەشار کەمال و ئۆرخان کەمال و سەمیم قۆجەگوێز و فەقیر بایقورتدا وەک هێزێکی وریا و بەکار نیشان دراون. ڕەمەکایەتی و نەکارەیی بەلای گوندیی ڕۆمانی (تەنەکە)وە ئاکارگەلێکی نامۆ و بیانین. له (تەنەکە)دا گوندی ئیتر ئەو کەسە نییە بەسزمانانە، مل بۆ چەوسانەوە لار کا و بۆ چارەنووس شۆڕ کا، بگرە وەک مرۆیەک وێنەکێشراوە. له مرۆڤایەتیی خۆی گەیشتووە. با بشبەزێ سەرلەنوێ تێ هەڵدەچێتەوە و بەگژ ئاغای زۆردار و جاندارما دەچێ و بەگەلەکۆمەکی داوای مافی خۆی دەکا و تا بڵێی بە توان و بەگوڕ و چاوکراوە و بەهۆش و گۆش و وریا و دریایە و بەزمانی لووس و بەبزەی ژەهراوی و سوێند و پەیمانی درۆزنانە فریوو تەفرە نادرێن. ئەم نیشانەیە وەک ڕوویەکی هەرە بەنرخی ڕۆمانەکە سەرنج ڕادەکێشێ. یەشار کەمال قارەمانە گوندییەکانی وەک مرۆی نائاسایی و له خدە و عادەت نامۆ نیشان نادا، ئەمانە ئەو پیاوە ساویلکە و ئاساییانەن کە له سەروبەندێکی ڕەنگ و ڕوو ئاشکرای کۆمەلایەتی و مێژوویيدا دەمڕاستی ڕاستەقینەی ڕەنجدەرن. له سەر و سیمای ئەم گوندییانەدا ڕووبەڕووی سەر و فەسالی زەقی ناگووزووری و هەژاری دێین و هەست بەبارگرانیی زۆرداری و بێ دادیی سەرکۆڵی گوندییان دەکەین. تەنانەت له شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە ئاستی ژیانیان هێندە نزم و پەستە، گوزەرانیان ئەوەندە تاڵ و نالەبارە ژیانیان له ئاوەز بەدەرە. بەلام وێڕای ئەمانە. مرۆگەلێکی مەرد و بەتەواوەتی جیهانبینی نوێ و ئاکارگەلێکی ئەوتۆن بەتەنگ هیچ جۆرە دژوارییەکەوە نایەن و له پێناوی مافی ڕەوای خۆیاندا تێ دەکۆشن و خەبات دەگێڕن. بەڕێکەوت نییە، کە مەمۆیەکی کوردی خاوەن ئەزموون و داپیرە زەینۆ وەک دەمڕاستی بەتوانی گوندییان هەمیشە له ناوەندی کۆڕی خەباتدا دەوەستن. یەشار کەمال نەک هەر له ڕۆمانی (تەنەکە)دا، بگرە له زۆربەی ڕۆمانەکانیدا کورد فریاڕەسە، کورد بەکۆمەگ و هاواری خەڵکی لێقەوماوەوە

دەچێ، کورد ماکی بەگژ زۆرداراچوونە، ئەم نووسەرە گەورەیە لە زۆربەی نووسینەکانیدا بێ کورد هەنگاو هەڵناهێنی و لە هەموو هەنگاو هەڵێنانێکیشیا بەڕاشکاوی کورد دەنگ دەدا.

لە ڕۆمانی (ئینجە مەمەد)دا کە تا ئێستا هەزار ڕووپەڕی لە دوو بەرگدا بڵاوکراوەتە و ئەوەندەی من ئاگادارم شازدە جار هەر لە تورکیا لە چاپ دراوەتەوە و بەچەند زمانی ئەوروپایی و ئاسیایی و ئافریقایی تەرجەمە کراوە، لە زۆر شوێندا دەڵێ ئینجە مەمەد لە ئازایەتی و مەردایەتیدا لە کوردان دەچێ و لە زۆر شوێنی تردا کورد دێنە ناو ڕۆمانەکەوە و بەمەردایەتی و مێرخاسی دەور دەگێڕن. بەڵام ئاوڕی لە کوردی بێ ئاووڕووش داوەتەوە و گزارەی لێ کێشاون و پەتپەتی دنیای بەسەر هێناون. بەنموونە باوکی عارف سایم بەگ کە ڕۆژگارێک لە دیاربەکر دەڵاڵ بووە و لە پەنای سایەچەوری عارفەکەچەڵی کوڕییەوە کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەرەتای دەسەڵاتی مستەفا کەماڵدا نوێنەرە.

وەک مار کاژی دەڵاڵیی فرێ داوە و خۆی لە بیچمی ئاغادا حەشارداوە و عارف بەگی کوڕی لە پاداشتی یاخی ڕاونانی پێش سەردەمی دامەزراندنی حکوومەتی تازە و خزمەت و یاریدەی زۆری زەوی و زار و سامانی فرەی وەسەریەک ناوە و هەرچی خەڵکی ئەو ناوە هەن بەبزنیان دەزانێ و گوندییان خواخوای ئەوەن بابی عارفە کەچەڵ ئاوڕێکی خێریان لێ بداتەوە و دەستی مبارەکی ماچ کەن.

کە ئەفسانەی چیای ئاگری دەخوێنییەوە خۆ ئەوە هەر بەجارێ وات لێ دێ بەقەدەر چیای ئاگری ئاگر بگری و لە پێش دەمی ئەحمەدی کورد و حەسۆی ئاسنگەر و پیری کاروان کوڕنووش بۆ نەبەردی و گەورەیی نەتەوەی کورد ببەی و بێز لە مەحموود خانی بایزیدێ بکەیەوە.

ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان و کتێبی (بەسەرانسەری وڵاتدا) هەر هەمووی لە نموونە قارەمانی کوردان دەدوێ و باسی نەبەردیی کوردانە.

یەشـــار کـــەمـــال یەکـــێکە لەو هونەرمـــەندە بە بەهرانەی بڕوایان بەدوایی نەهاتنی شـــەوگـــار نییـــە و لە ئەنگوست لە چاوترین تاریکاییـــەوە ڕێگەی ڕزگاری بەرەو ڕووناکی بەدی دەکەن. هەندێ نووسەری تورک ڕاستینەکان لە پێستی خۆیاندا نابینن. لە کولانەی ڕەشبینی و بێ هێزیی خۆیانەوە لەم ڕاستینانە دەنۆڕن، ناتوانن خۆیان لەبەر دژواریی ژیان ڕاگرن. ڕێگای سانا، لە گۆشەگیری و گردەنشینی و لە دنیا دەستبەرداربووندا دەبینن، دەیانەوێ خـۆشـیـان و دەوروبەریشـیـان بەوە سـڕ بکەن کـە لە پێناو ئاسـوودەیی و دواڕۆژێکی ڕووناکدا ناتوانرێ هیچ شـتـێک بکرێ. تا ڕۆمـانـی (تەنەکـە)ی یەشـــار کـــەمـــال بار و دۆخ لە بنەڕەتەوە، لە ڕۆمـانـی تورکـدا بەم چەشن و ئاوایەیە. یەشار کەمال دژ ئەمانە دەوەستێ، بەهێز و توانی مرۆ، بەچاکە، بەجوانی و بەدەوی، بەدۆستایەتی و هاوڕێتی بڕوای ئەستوورە و لەوە دڵنیایە کە لە نالەبارترین بار و هەول و مەرجدا لە پێناوی دنیایەکی خۆشدا تێکۆشان و خـــەبات کـــارێکە لە توانســـتی مـــرۆدایە و دەکـــرێ. ئا ئەم ڕەنگ و ڕووە ئینسانانەیە کە ڕۆمانی (تەنەکە)ی کردووە بەداستان و ویردی سەر زاران و ناو و دەنگی پێ بەخشیوە.

هێـز و پێـزی ڕۆمـانی (تەنەکە) لە بابەتەکـەوەی، یا وەک ئۆکـتـای ئاقـبـاڵ گوتەنی، «لە خۆبەپەنادانی هێزی ڕووداوێکی ڕاستەقانی»یەوە نەگووراوە[7].

بەلای ئەو و بەلای فـەتحی ناجیشـەوە مەسـەلەکە مەسـەلەی ئەوە نییـە لە کـۆمـەڵێکدا بژی و ببی بەئاشنای بڕێ مرۆ و خـۆ وەپەنای هێـزی ڕووداوێکی ڕاستەقانی بدەی و بەمە کارەکە ببڕێتەوە. بگرە مەسەلەکە مەسەلەی ئەوەیە بڕوانیتە ڕاستینی کۆمەلایەتیی دەوروبەر و ڕاستینی مرۆ. خۆ ئاکتای ئاقبالیش هونەرمەند و وەستایە، بەلام تۆ بڵـێی هەر خـۆی ئەو ڕووداوانەی بەســـەرهاتبـا بەم ئاوایە دوایی بەنووســـینەکـەی هێنابا؟ یاخـــۆ فـرچکی خوێنەرانی بەوە هەڵدابایەوە کە «چەوت و چیلی ئەم دونیایە بەمانان ڕاست ناکرێتەوە و هەر وا هاتووە و هەرواش دەڕوا و چمان لە دەست نایە».

---

٧- ڕۆژنامەی (وەتەن)، نیسانی ١٩٥٩، ل١٦ .

یەشار کەمال نووسەرێکە دەزانێ چۆن لە ڕاستییان ڕامێنێ و چۆن لە کرۆکەوە بڕوانێ و چۆن ڕەوتی کۆمەڵ لە حاڵی گۆڕان و پەرەساندندا ترازوو بکا. نووسینەکەی لە ڕووی مێژووەوە ماک و مایەی بیروبڕوایەکی ڕاستەقانییە. لەم نووسینەدا بڕوای بەگوڕ و توانی مرۆ زۆر بەتینە و بەڵگەی ئەوەمان دەداتە دەست، کە مرۆ دەتوانێ ژیانی بەرەو خۆشتر و بەرەو شیاوتر بگۆڕی[8].

ڕۆمانی (تەنەکە)ش کە ڕەنگ بەڕاستینی ژیان دەداتەوە، وەک سەرلەبەر ئەو ڕۆمانانەی نێومان هێنان و لەمەڕ ئەم بابەتە نووسراون بەژێرکەوتن و بەزینی قارەمانی سەرەکی و گوندییان دوایی دێ. گوندی و قایمقام دەبەزن. قایمقام کاتێ بۆ شوێنێکی تری ڕادەگوێزن پەژارە و خەم و خەفەت تێی ڕۆدێن و بەجارێ ورە بەردەدا و سەری لێ دەشێوێ، یەشار کەمال لەگەڵ ئەم پەژارە و سەرلێ شێواوییەدا دەمانکا بەئاشنا و دەڵێ: «هەموو شتێ لە دەوروبەر سرایەوە. لە دنیایەکی زەلامی کڕوکپدا بەتەنیا مایەوە. کەوتە ناو تاریکاییەکی ترسناکەوە. گلۆربووەوە. هەستی بەتەنیاییەک کرد وەک گوێزانی تیژ. تا ئێوارێ نەیزانی کێ هات، کێ چوو، چیی مۆر کرد، چی گوت»[9].

لە پاشان پرسیار لە ڕەسووڵ ئەفەندی دەکا و دەڵێ:

«خۆ خەریککردن. خەباتکردن بێ سوودە، وە نییە؟» ڕەسووڵ ئەفەندی لە وەڵامدا دەڵێ: «بێ سوودە گەورەم.» ئەنجا. بەدەم تەق و هۆڕی تەنەکەوە بەڕێ دەکرێ و لێرەدا دوایی بەخەبات دێ.

بەڵام یەشار کەمال فیکرەت وەک ڕەمز و پێواری ئەمەکی خەڵک و توان و گوڕی خەڵک و نەبڕانەوەی خەبات لەگەڵ حەمەعەلی کورددا کە بۆبەڕێکردنی

---

٨- بڕوانە: فەتحی ناجی. مرۆ نابڕێتەوە. ئیستانبووڵ. ١٩٥٩ ل ١٦ .

٩- یەشار کەمال. تەنەکە. ئیستانبووڵ. ل ٨٨ . ٩٤ . ٩٥ . مەرج نییە وەرگێڕانی تێکستەکەی (تەنەکە) لێرەوە لە دەقی کتێبەکەدا بەتەواوەتی وەک یەک بن.

هاتووه و لەگەڵ مەمۆی ئازا و دلێری تا دوا پشوو خەباتگێڕی کورددا یەکانگیر دەکا و بەتووشی یەکتریانەوە دەکا و دەڵێ:

«ڕووبەڕووی یەک هاتن، حەمەعەلی کورد پڕ بەدڵ و زۆر بەخۆشەویستییەوە دەیڕوانییە قایمقام. بزەیەکی دۆستانەی هاتێ، لەرەیەک بەسمێڵە شۆڕە لەبەر هەتاو کاڵبووەوەکەی بەدی دەکرا. بەکول و کەسەرەوە، گوتی: «ئۆغرت خێر بێ، بەسەر سەرم هاتی، بەسەر چاوانم هاتی قایمقامەکەم.» قایمقام متەقی پێ نەکرا. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، زمانی چووە کلیلە. لە پاش چەند ئەنجا گرێی زمانی خاوبووەوە. خۆ بەخۆ بزەیەکی هاتێ، گوتی: «حەمەعەلی، حەمەعەلی» لە پاشان دەستی بەفیتووکێشان کرد، ئەم فیتوو بەشێک بوو لە سیمفۆنیای نۆیەم کە لەمێژ بوو لە بیری چووبووەوە و جاران هەمیشە بەسەر لێوییەوە بوو[10].

بەڵێ، فیکرەت، سەبارەت بەڕاگوێزتنی بۆ قەزایەکی دیکە، ئەگەرچی لە قەزای پێشوو دادەبڕێ و ئەم ڕاگوێزتنە بە بەزین و ژێرکەوتن دەزانێ و تاڕادەیەکیش لە کۆمەڵ دەتۆرێ و زویر دەبێ، بەڵام هەرکە مەمۆی کوردی دەگاتێ سەرلەنوێ ئاهی وەبەردا دێتەوە و ئەم بەیەک گەیشتنە بەژیانییەوە شەتەک دەدا و بڕوای ڕیشاژۆی بەڕاست و ڕەوایی کارە پیرۆزەکەی لە دڵدا دەچەسپێنێ و بۆ لەسەر خەبات سووربوون و درێژەپێدانی توان و وزەیەکی نەبەزی پێ دەبەخشێ. ئەم یەکانگیربوونە لایەنێکی هەرە گرینگی ڕۆمانەکەیە، لە ڕۆشنبیرێکی بەتەنیا مەیداندا ماوە و مل بۆ بەزین کەچ کردووەوە ببێ بەڕووناکبیرێک لەگەڵ خەڵکا یەک بگری و بڕوا بەدەمڕاستی ڕاستەقینەی گەل بێنێ و هێز و گوڕی لێ نەبڕانی خەبات لە خۆتدا بەدی بکەی. ئەمە هەم بەئاگاهێنانەوە، هەم بانگ ڕاهێشتنێکە یەشار کەمال لە ڕووناکبیرانی ڕادەگەیێنێ.

جا هەر سەبارەت بەمەیە ڕۆمانەکە بەئاواتی خۆشبینی و داخوازی چاکە بە

---

١٠- یەشار کەمال، تەنەکە، ئیستانبوول، ل٨٨، ٩٤، ٩٥. مەرج نییە وەرگێڕانی تێکستەکەی (تەنەکە) لێرەوە لە دەقی کتێبەکەدا بەتەواوەتی وەک یەک بن.

مرۆ گەیاندن و هێز و توانی خەبات بەمرۆبەخشین دوایی دێ.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا تەنیا بەڕوونکردنەوە دڵی ئاو ناخواتەوە، بگرە ئەوەش نیشانە دەکا کە لەبەرچی دەبێ جڵەوی کار دەردەست کرێ، واتا ئەوەش نیشان دەدا کە ڕووداوان ڕوویان لە کوێ کردووە و بەچ بارێکدا مەیلی گۆڕان دەکەن. ئەو ڕووداوانەی کە ژیان لە جەنگەی زۆرانبازیدا بەدیاری دەخا ئەگەرچی هێشتا لە نووسەردا و لە باری چارەکە سەدەیەک پێش ئێستای وڵاتەکەیدا بەشەقڵ و مۆرک نییە، بەڵام مەیلی خۆنواندنی ئەوەی زۆر تێدا بەهێزە کە سبەینێ بەڕەهایی مۆرک و شەقڵیان وەدەر دەکەوێ.

فەتحی ناجی بەڕەچاوکردنی ئەم لایەنە تایبەتە دەنووسێ: «یەشار کەمال دەقاودەق لە کاتی خۆیدا سنووری ڕاستینی بەزاندووە و زانیویە چۆن چەند شتێکیش لە خۆیەوە تێکەڵ بەو ڕاستینە بکا و زۆریش وەستایانە بەئاکامی گەیاندووە[11]. ئەو لایەنە هیمدارەی کە ڕۆمانی (تەنەکە)ی لە سەربەلەری ڕۆمانگەلێک نێومان لێک دووتا کردووەتەوە و لە ئەدەبیاتی تورکدا جێگەیەکی گرینگی بۆ ڕاناوە، ئەوەیە، کە بەجیهانڕوانییەکی پێشکەوتانەوە قەڵەمی لێ وەکارهاتووە، وردتر بڵێم، ئەو ئایدیاڵەیە کە مرۆی بەرەو ژیانی ئازادی و دواڕۆژی ڕوون وەدەنگ هێناوە.

یەشار کەمال لە ڕۆمانی (ئەوانەی لە تاریکاییا ڕێگە دەردەکەن).دا لە مەڕ قارەمانی ڕووناکبیری گوتووە و مەبەستی ڕۆماننووسین و داهێنانی ڕەنگ و ڕووی ئیجابی ڕووناکبیری لەم بابەتەدا پێ بەرەوڕووی نووسەرە پێشکەوتخوازەکان کردووەتەوە. دەتوانین لەگەڵ ئەم قسانەی خوارەوەیدا هاوڕەوشت کەین:

«دەمەوێ ئەوانەی بەچرای سەدەی بیستەمەوە کەوتوونە نێو تاریکایی سەدەکانی ناوەندەوە ئەم بەسەرهاتانەیان لەبیر نەکرێن. دەمەوێ ئەوانەی لە پاش ئێمەوە دێن بین بەنموونە. من، بەچاکەی مرۆڤان، بەهەقپەروەرییان،

---

١١- فەتحی ناجی: مرۆ نابڕێتەوە. ئیستانبووڵ. ١٩٥٦ . ل.٢١.

بەشـەرەفیـان. بـەزاڵبـوونی بیـروبڕوای جوانی ئێمـە بەسـەر خراپـە و ناپاکی خـۆفـرۆش و بـێ بار و لەبنەوەبـڕ بڕوام قـایمە و هـەرگـیـز نالەنگـێ و پڕ بەدەم هاوار دەکەم هۆ سـەدەی بیستـەم ئەوە تۆ و ئەو حـاڵی ئێمـە. با لێت ڕوون و ئاشکرا بێ.»[١٢].

بەڕاسـتی فـیکرەت و هـەزارانی وەک ئەو با لـە ژیاندا لە باری ئەم ڕۆمـانەوە بشبـەزن. تووشـی ناهومـێدیش بن. بەڵام یەشار کەمال نایەوێ لە ڕۆمـانەکانیدا بەو جـۆرە بیـانبـینـێ. بیـروبڕوای نووسـەر ئەمـەیە. هـەربـۆیە لە پاش بـەزینی قارەمانەکەی نەک مارشی مـاتەم و کۆست کـەوتن، بگرە سیمـفۆنیـای نۆیەمی بیتهۆڤنیان پێ دەنگێوێ.

ڕۆمـانی (تەنەکـە) لە مـەیانی چاپەمـەنیدا وەک ڕووداوێکی ئەدەبیی مـێژووی ئەدەبیاتی تورک ئەرجومەند ئەکرەم تالوو و سەمیم قۆجەگوێز و ئۆکتای ئاقباڵ و نووسـەرە بەناوبانگەکـانی تر بەوپـەڕی هـەست بەدڵاوایـیـەوە پێـشـوازی لێ دەکەن. سەرلەبـەری ئەو نووسـەر و ڕەخنەگرانەی لە بارەی ڕۆمـانان دەکۆڵنەوە لە هەوەڵکۆوە ئـەوە دەسـتنیشـان دەکـەن کـە ئەم ڕۆمـانە چەند پڕ بەهەڵکەوت و بەژیان چەسپ و چەند بە جیهانڕوانییەکی پێشکەوتانەوە نووسراوە.

سـەمیـم قـۆجـەگوێز لە وتارێکی چکۆڵە. بەڵام زۆر بەڕوو و بەنرخدا، لە ژێر سـەردێری (بۆچی دەنـووسـین)دا، کـە بۆ ڕۆمـانـی (تەنەکـە) و مـەسـەلەی دەوری هونەرمـەند لە پاراسـتنی بەرژەوەندی خـەڵکی ڕەنجکێشـدا و بـۆ چۆن ڕوانینە ژیان و سـەروبەند و سیـاسـەت و مەسـەلەکانی تر تەرخـان کراوە و وەک جـۆرە بەرنامـەیـەک بۆ نووسـەرانی پێـشـکەوتخـوازی ئەمـڕۆ و بـۆ وەڵامـدانەوەی ئەو ڕەخنەگـرانەی لـەمـەڕ گـوندنووسین بەهونەر نـازانن و دەڵێن: (نموونە بێنەوە) نووسـراوە، دەنووسـێ: «لەبارەی ئەم مـەسـەلەیەوە زووتر نموونەم هـێناوەتەوە. ئێسـتاش (تەنەکە)ی یەشار کـەمال بەشانموونە دێنمـەوە. لە پاش خوێندنەوەی (تەنەکە) بیرم کردەوە، وورووژام، دڵخۆش بووم، گوتم: ئافەرم یەشار بۆ خۆت و نووسـینت، بەڕاسـتی نووسـینە، نەک گـاڵتـە. یەشـار کـەمـال سـازەکـەی

---

١٢- ڕۆژنامەی «جومهورییەت» ١٣ی مارتی ١٩٦٢ .

بەدەســتــەوەیە، هەر خــۆی دەزانـێ چۆن گــۆرانی دەڵێ و بـە چ ئاوازێک تێی هەڵدەکا[١٣].

فـەتحی ناجیش وەک یەکێ لە جارِدەرانی بەکاری ئەدەبیاتی پێشکەوتخـواز و رِەخنـەگـرێکی بەنـاوبانگی تورک ئـەو نوێبـاوییـانـەی رِۆمـانـی (تەنـەکـە) بەئـەدەبیـاتـی تورکی بەخـشـیـون. بۆ سـەرجـەمی ئەو نووسـەرانەی لە مـەرِ سـەردەمی هاوچاخ دەنووسن، بەنموونە و سـەرمشق هێناوەتەوە و داوایان لێ دەکا ئەوانیش نووسینی ئاوا لە هەموو رِوویەکەوە تەواو و تەبا بنووسن:

«دەڵێم ئەو نووسـەرانەی لە خۆیان رِادەبـینن بەنووسـین کـارێکی کـۆمـەڵایەتی وەئاکام بگەیەنن و نایانەوێ لە ژیانەوە کە سـەرپلەی سەرەتایە و لە بیروبرِوای حازرەکییـەوە تێ هەڵچن پێویسـتە بەوردی لە رِۆمـانی (تەنەکە) رِامێنن. بەلای منەوە (تەنەکە) نموونەیەکی بەدەگمـەنی کەم هەڵکەوتی پێگەییوی ئەدەبیات و بەرهـەمی بەنرخی پرِبەپرِی رِێبازی رِیالیزمانەی ئەدەبیاتی ئەمرِۆی ئێمەیە»[١٤]. نابێ ئـەوەش لە بیـربکەین کـە رِۆمـانەکـە لەرِووی قـووڵ رِۆچوونـە ناو کـرۆکی ژیانەوە و لەو بارەوە، کە چەندی نوێکاری بەپەخشـانی تورک بـەخشـیوە، نەک هـەر لەلایەن کۆرِ و کۆمەڵانی ئەدەبی تورکەوە بگرە لە لایەن ئەدەبیاتناسـەکانی سۆڤێت و ئەوروپاشـەوە نرخی بەرزی دراوەتێ[١٥].

هـەروەها ئـەکـبـەر بابایێـفـیش لـەمـەرِ رِۆمـانەکـە دەڵێ: (تەنـەکـە) نموونەی پرشنگداری ئـەو نـووســـینـانەیە کـــە لەم ســـاڵانـەی دواییـــدا بـەفـــرەوانـی بڵاوکراوەنەوە[١٦].

---

١٣- یەدی تەپە Yeditede ١ ی مایسی ١٩٥٦ .

١٤- فەتحی ناجی. مرۆ نابرِیتەوە. ئیستانبووڵ. ١٩٥٦ . ل٢٠-٢٢ .

١٥- برِوانـە: د. ئێـرمـێـیـڤ. زەنگی نـاو تەم (ســەرنج لەبارەی ئـەدەبی هاوچەرخی تورکـەوە). رِۆژهـەڵاتی ئـەمرِۆ. مۆسکۆ. ١٩٥٨ . ژمارە ٦، ل. ن. سـتـراتسـۆڤ. سـەرنج لەبارەی پەخـشـانی هاوچەرخـی تورکەوە. گـەلانی ئاسـیـا و ئەفـەریقـا. مۆسکۆ. ١٩٦٢ . ژمارە ١ .

١٦- ئا. ئا. بابایێڤ. لەبارەی ئەدەبی هاوچەرخی تورکەوە.

ڕۆمانی (تەنەکە) کە لایەنە وەسفییەکانی پێوەندیی کۆمەلایەتیی چقوورئۆڤا بەڕاشکاوی بەدیار دەخا ئەو ڕاستییەشمان وەبیر دێنێتەوە، کە ئەزموونی ڕەسەنی نووسەر ژیانی چەند دەوڵەمەند و بەربڵاو بێ، چەند لە نێزیکەوە لە نیگارکێشانی دەوروبەری خۆی پیتۆڵ و زۆرزان بێ، مرۆڤەکان، پێشهات و ڕووداوەکان، مەسەلەکانی چەندە لەکرۆکەوە دەرک کردبێ نووسینەکەشی هێندە دەست ڕەنگینی و قەڵەمسواری و شۆڕەسواریی پێوە دەبریسکێتەوە. جا کە نووسینی نووسەران ناوبانگیان دەڕوا و دەبنە داستانی سەر زاران سەبارەت بەمەیە کە خۆیان خەڵک لە نزیکەوە چاک دەناسن و لەگەڵیاندا دەژین. ڕۆمانەکانی ئەم دواییانەی یەشار کەمال ئەوەمان پێ دەسەلمێنن کە ژیانی شەخسی و ئارەزوو و ئاواتی ئەو نووسەرانەی لە ناوجەرگەی گوندانەوە هەڵکەوتوون و بەهەموو تان و پۆی دڵیانەوە بەوانەوە شیرازە کراون، داخۆ چەند لەگەڵ ژیانی زگماکی خەڵک، لەگەڵ خەباتی خەڵک، لەگەڵ ئارەزوو و خواستی خەڵکدا کوڵاون و جۆشیان خواردووە.

ئەمە بیست و سێ ساڵی خشتە ڕۆمانی (تەنەکە) نووسراوە. ئیتر هی وەک فیکرەت لە ژیاندا زۆربوون، خەباتیان لە دژ زۆرداری و بێ دادی و چەوساندنەوە پتر پەرەی ساندووە و توند و تیژتر بووە. ئێستا نەک تاکە تاکە. یەک کەس یا گوندێک، یا شارۆکەیەک لە پشتیانن، بگرە جەماوەرانی وریا و بەئاگای خەڵک و سەرلەبەری ڕۆشنبیرانی خاوەن بیروبڕوای پێشکەوت ئەو لاوە خەباتگێڕ و کوڕەکوڕە نیشتمان پەروەرانەیان لە پشتەوەن کە دەمڕاستی چارەنووسی دواڕۆژن[١٧].

١٧- کاتێ کە ئەم باسەم لە کۆڕێکی یەکێتیی نووسەرانی لقی سلێمانیدا دەخوێندەوە. کاک کەمال ڕەئووفی هونەرمەندی کورد. لەسەر ئەم باس هێنانی سمفۆنیایە وتاریکی ڕوونکەرەوەی پێشکەشی دانیشتووەکان کرد. منیش زۆرم لا پەسەند بوو ئەگەر بۆم بلوایە کورتەی وتارەکەیم لێرەدا بڵاو بکردایەتەوە، بەڵام بۆم نەکرا. داوای لێبووردن دەکەم و ئاواتەخوازم خۆی گەلاڵەی ئەو وتارە بڵاو بکاتەوە.

سەرچاوە:

یەکەم: کێشەکانی فیلۆلۆجیای تورک

١- لەبارەی تەنەکەوە. ئی. قادر

٢- لەبارەی تۆفیق فیکرەتەوە. سەبیحە سەرتەل

٣- تێڕوانینی عومەر سەیفەددین. ئادین تابییێڤ

٤- هەندێ تایبەتی خوڵقاندنی حوسێن ڕەحمی. تامیلا ناسرۆڤا

٥- (گوندی دەیەم)ی فەقیر بایقورت ک. ئە. گولیێڤا.

٦- چیرۆکەکانی سەمیم قۆجەگوێز ڕەحیلە زەینەلۆڤا.

٧- مەسەلەی ڕووناکبیر لە نیگای ئۆرخان خەنچەرلی ئۆغڵووەوە. واسیف نەسیب ئۆغڵو.

دووەم:

١- ڕۆمانیی ئینجە مەمەد. یەشار کەمال.

٢- باڵدەکی توز (ڕەخنە) یەشار کەمال.

٣- ئۆرتە دیرەک. یەشار کەمال.

٤- ئوێلمەز ئۆت. یەشار کەمال.

٥- بربولوت قاینیور. یەشار کەمال.

# ناسکوێژی

خاوەنی قابووسنامە لە ڕووپەڕی ٦٤ی قابووسنامەدا دەڵێ: «قسە هەیە، بەجۆرێکی بڵێی مرۆ دڵی پێ شاد دەبێ، بەجۆرێکی دیکەی بڵێی پێی دڵگیر دەبێ».

دەگێڕنەوە، جارێکیان هاڕوونە ڕەشید خەونێک دەبینێ، لە خەونیدا ددانەکانی هەموو هەڵوەریبوون. بۆ سبەینێ بانگی لێزانێ دەکا، خەونەکەی بۆ لێک بداتەوە، لێی دەپرسێ: «مانای ئەم خەونەکە چییە؟»

لێزانەکە دەڵێ: «خوا تەمەنی ئەمیرولمۆئمینین درێژ کا، هەرچی خزم و خوێش و کەسوکارت هەن، سەرلەبەر، پێش خۆت دەمرن و کەست نامێنێ».

هاڕوونە ڕەشید دەڵێ: «بیبەن سەد داری لێ بدەن، قسەی وا گران و لە شان ناخۆش چۆن لە ڕووی مندا دەکرێ. منێکی هەرچی کەسوکارم هەن، سەرلەبەر، لە پێش خۆمدا هەموو بمرن، ئیتر من لە پاش وان بە کەڵکی چی دێم؟» فەرمان دەدا لێزانێکی دیکەی بۆ بێنن. لێزانێکی دیکەی بۆ دێنن، کە خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، لێزان دەڵێ: «ئەم خەونەی ئەمیرولمۆئمینین دیویە ئەوە دەگەیێنێ کە ئەمیرولمۆئمینین لە هەموو خزم و کەسەکانی زێتر دەژی».

هاڕوونە ڕەشید دەڵێ: «ئاوەز هەر ئاوەزە، لێکدانەوە هەر ئەو لێکدانەوەیە، بەڵام قسەکان زۆر لێک جیاوازن». فەرمان دەدا سەد دیناری بکەن بە خەڵات.

قسە هەیە هەتوانی برینە،
شەکرە، هەنگوینە، شیرینە،
زرەدارت بۆ بەبەر دێنێ.
قسە هەیە سەد خۆزی بە نووکەنێزە،

ژەهرە، تاڵاوە، تفت و تێزە.

مرۆ لەو ڕۆژەوەی ئاوەزی بەچاک و خراپ شکاوە و هەستی بە جوان و دزێو وروژاوە، قسەی لەباری بۆ هەر بارێ ڕاناوە و ئەوەی لە شان و لە بەردڵان گران و ناحەز بووبێ بە هێسک سووکییەوەی دەربڕیوە، خەوش و دژوێنی لێ تەکاندووە و بەدەم و پل پاراوی، ڕووی نێو کۆڕ و مەجلیسی لێ ڕەوا دیوە، هەرچییەکی ڕووی نێو قسە و کۆڕ و مەجلیسانی نەبووبێ خۆی لێ نەبان کردووە. بەنموونە: بەیەکێ درۆ بکا ناڵێ درۆت کرد، دەڵێ: «ڕاستت نەکرد»، «ڕاست نارۆی»، «خۆت هەڵی دەبەستی»، یا بەیەکێ مردووی مردبێ و کۆستی کەوتبێ ناڵێ: «فلانە کەس»، دەڵێ: «خوا لێخۆشبوو»، یا بەیەکێ بۆ میز و گووکردن بچێ، ناڵێ بۆ میز و گووکردن چوو، دەڵێ: «چوو بۆ سەرپێشاو»، «چوو بۆ سەراو»، «بۆ دەست بەئاو گەیاندن چوو»، «چوو بۆ قەزای حاجەت» و... هتد.

ئەم جۆرە هونەرە زارپاراوییە لە قسەسواریی هەموو نەتەوەیەکدا هەیە. وا پێ دەچێ یۆنانییەکان لە پێش هەمووانەوە قسەیان لێ کردووە و بۆ یەکەم جار ترۆمی «ئەفەمیزم Euphmism»یان بۆ بەکار هێناوە.

ئەم ترۆمە لە ١٦٥٦دا لە قامووسی Bloantgloosدا بەکار هاتووە.

ئەم قامووسە بەم جۆرەی مانا لێ داوەتەوە:

Euphmism واتا قسەی پیس و ناخۆش و لە شان و بەردڵ گران بەقسەی جوان و خۆش و لە شان سووک دەربڕین.

کەواتا (ئەفەمیزم: ناسکوێژی) لە ناو کرۆکدا ئەوەتا لە بری قسەی نالەبار و ڕەق و دزێو قسەی لەبار و نەرم و جوان بەکار بێنی.

ئەوانەی لە (ناسکوێژی)یان کۆڵیوەتەوە، بە کەمێ شاخ و باڵ لێ ڕواندن و وردە دەسکارییەوە بەواتای قسە بەنەزاکەت دەربڕینیان بەکار هێناوە.

بێگومان هەموو وشەیەک، هەموو قسەیەک، هەموو ڕستەیەک کار لە مرۆ دەکەن؛ باری ڕەوانی (ڕۆحی)ی تایبەتێتیی خۆیانیان تێدا دێننە گۆڕێ.

ناسکوێژی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە، تا ئەندازەیەک لە کاری قسە، بەتایبەت کاری قسەیەکی لە شان گران و ناخۆش و پیس و نالەبار کەم کرێتەوە و ئەو بارە ناهەنجارە ڕەوانی (ڕۆحی)یەی بە بۆنەی قسەڕەقی و کرچ و کاڵییەوە دێتە گۆڕێ، سووک و لە بەردڵ خۆش کرێ.

مرۆ لەبەرچی هەربینا پەنا وەبەر ناسکوێژی دەبا و لە قسە و گفتوگۆدا بەکاری دێنێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە هێندێ لایەنی بیۆلۆجی و فیزیۆلۆجی ڕوون کەینەوە.

جا بۆ ئەوەی لەمە چاتر بگەین، دەبێ تیۆری دوو پێڕۆ دیاردییەکەی ئی.پ. پاڤلۆڤ بەبیر بێنینەوە.

یەکەم پێڕۆی دیاردی بەپێی تیۆری (دوو پێڕۆی دیاردی)ی ئی. پ. پاڤلۆڤ، لە ئەنجامی کارێکی فیزیکییەوە دێتە گۆڕێ. ئەمەیان مرۆیش و سەرلەبەری گیانلەبەرانیشی تێدا هاوبەشن. سەبارت بە کارێکی فیزیکی چ مرۆ، چ گیانلەبەر هەست بە ئازارێ، بە ئێشێ دەکەن.

هەرچی دووەم (پێڕۆی دیاردی)یە تەنیا مرۆی بەردەکەوێ و هەر لەودا بەدی دێ. ئامێری بە بنەڕەتی ئەم پێڕۆی دیاردییەیش وشەیە و هەروەک پاڤلۆڤ دەڵێ، ئەمە «دیاردیی دیاردییانە»ە.

ئەم دوو (پێڕۆ دیاردی)یە لێکیش دەچن. لێکچوونیشیان لەوەدایە کە هەردووکیان کار لە جەستە دەکەن، بەڵام کاری ئەمیان لەگەڵ کاری ئەوی تریاندا زۆر جیاوازە. ئەگەر پێڕۆی یەکەمی دیاردی، واتا لە کاتێکدا ئەو جیهانە هەیەی تێیداین، فیزیکانە کارمان تێ بکا و ئەم کار تێکردنەیش، کە نیشانەی خۆی بەخۆیەوەیە، یەکسەر بەسەر دەچێ و پشووی دەبڕێ، پێڕۆی دووەم دیاردی کە وشەیە، مەرجییە و هەمووانییە و هەر بۆیەش بەردەوامە.

پاڤلۆڤ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە نموونەی خوارێ دێنێتەوە:

کاتێکی وشەی مسکی، هەڵووژەمان بەزاردا دێ، ئەوی گوێی لێ بێ ئاوی لە زار دەزێ و دەهرووژێ و ئەم ئاو لە زار زاین و هورووژانە بۆیە مەرجییە،

چونکە ئێمە مسکی و هەڵووژە بەچاوی خۆمان نابینین، نایانچێژین، چەشکەیان ناکەین، بگرە تەنیا هەر بەو ناوهێنانەیان کار لە خۆشمان و لە گوێگرێکی دیکەش دەکەین. جا ئەم ئاو لە زار زان و هورووژانە وەنەبێ تەنیا هەر یەک تاکە مسکی، یا یەک دەنکە هەڵووژە، یا هەر بۆ دووانیان، یا هەر بۆ سیانیان وا بێ، بگرە بۆ هەموو مسکی و هەڵووژەی دنیا وایە و هەر سەبارەت بەمەشە مەسەلەکە هەمووانی و بەداوێنە.

کەواتا: وش، کە لە هەموو مەیدانێکی ژیانی مرۆدا زۆر گرنگە، لە مرۆ کار دەکا و هەر لەبەر هەندێشە باری ڕەوانی (سایکۆلۆجی)ی جۆربەجۆری لێ دەکەوێتەوە. وش هۆیەکە، هێندێ جار شادی و دڵخۆشی، هێندێ جار خەم و کول و کەسەر، هێندێ جار خورپە و هەراسانی و نیگەرانیی لێ دێتە گۆڕێ. دیارە سڵەمینەوەیەک لە وش دەکەوێتەوە کە هەموو کاتێ لە خۆش نایە و لە بەردڵ سووک نییە. بەکارهێنانی بەشێکی زۆری وشی لەسەر دڵ گران و ناخۆش دەبێ بە سۆنگەی پەژارە و نیگەرانییەکی زۆر بۆ مرۆ، باری ڕەوانیی جۆراوجۆری بۆ دەگووڕێنێ. کارێکی فیزیکانە زۆرجار پشووکورتە و لە پاش ماوەیەکی کەم شۆپ و ئاسەواری نامێنێ و لەبیر دەچێتەوە. هەرچی کاری وش و قسەیە، یا کارێکی لە وش و قسە دەکەوێتەوە کارێکی مەعنەوییە، کارێکی مەنتیقییە. کارێکی فیزیکانە جەستەی مرۆ لە دەرێرا زەدەدار دەکا، هەرچی کاری مەعنەوییە، تەل و داوی دڵ، ژێی دەروون، تاری مێشک دەبزوێنێ. کاری فیزیکی مەرجی نییە، هەر بۆ وچانێکە. کاری مەعنەوی بێ وچانە و بۆ هەمیشەیە و کارێکی وا بەهێز و گوڕیشە، هەتا هەتا هەر دەمێنێ.

لە ناو کوردەواریدا قسە لەمەڕ قسەی تاڵ و کرچ و کاڵ و ناخۆش زۆر کراوە کە گوتراوە: «زامی زووان سارێژ ناوێ»، «زامی شمشێر خۆش ئەوێتەوە زامی قسە خۆش ناوێتەوە»، «قسە هەیە خۆزی بە نووکەنێزە» هەروا لە گۆترە نەگوتراون و بە ڕێکەوت نەبێژراون، بگرە «گێژراون و بێژراون و وێژراون».

کەواتا کارێکی لە وش و قسە دەکەوێتەوە و سڵەمینەوە و نیگەرانییەک لە

کاری وش دەتەنێتەوە بەهێزتر و بەزەبرترە. هەر لەبەرئەوەیشە پەنا وەبەر ناسکوێژی دەبرێ و زۆرجار «پەرژین لە ڕووت وەگولاو بێ» و «شەکر لە دەمتدا بێ» و «دوور لەم بەرەوانییە» و «دوو لە ڕووی حازری» و «حاشایەکی جەنابت» و «گوێی شەیتان کەڕ بێ» و «بیلامانێ» و «تەشبیات نەبێ» و «شەرع شەرمی نییە» و «کورد واتەنی» و «کابرا واتەنی» و... تادیشی لە پارسەنگ دەکرێ و لە کرچ و کاڵی و بێ تام و پێزی و بێ نمەکیی قسان سووک دەکرێتەوە و دڵی گوێگری پێ نارەنجێ و دەروونی پێ جەخار نابێ. بەڕاستی لەبارترین هۆی خۆ لە قسەی ڕەق و تەق و کوت و مەترەقی و یەکڕاست بواردن ناسکوێژییە. ئەم هونەری ناسکوێژییەیش بارگەلی ڕەوانی (ڕوحی)ی ئەوتۆ پێک دێنێ، لە بری دڵ ئازاردان و نێوان ئاڵۆزاندن، دڵنیایی و نێوان کۆکی پێک دێنێ. لە جیاتیی دژمنایەتی دۆستایەتی خۆش دەکا. هەر یەک ڕووداو، دەکرێ بە دوو باریدا دەربڕی. بە نموونە ڕووداوێکی ناخۆشی وەک مردن دەتوانی بە «خۆتان خۆش بن... کەی تەمەنیدا وەحازری؟» لە خاوەن مردووەکە بپرسی و دەتوانی بە «کەی مرد»یشی لێ بپرسی. بەڵام کێهەیان لەبارترە؟ دیارە هیی یەکەمیان.

پێم وایە بەو سەربەهوردەی قابووسی کوڕی وەشمگیر لەمەڕ هاڕوونە ڕەشیدی دەگێڕێتەوە و کردمان بە دێباچۆکەی ئەم نووسینە، ناو کرۆکی مەبەستەکەمان بەدەستەوە دا.

ئەوەتا کورد هەر ئەو ڕووداوە بە چەند جۆرە شێوە و ڕشتێ دەڵێ. لە بری وەی بڵێ: «فلانە کەس مرد» دەڵێ: «خوا بردیەوە». «بە جێگەی هەقی گەیشت.»، «کۆچی دوایی کرد.»، «سەری نایەوە»، بەڵام بۆچی کاری ئەو شێوە دەربڕینانەی لە بری یەکتر دێن لە یەک پلە و پایەدا نین؟ بۆچی ئەو بارە ڕەوانییانەی لە کاری ئەم شێوە دەربڕینانە دەکەونەوە جیاوازن و لە یەک ئەندازەدا نین؟ ئەمە هەبێ و نەبێ تەنیا بە مەسەلەیەک ڕوون دەکرێتەوە: وش و قسەیەک کە بە ناسکییەوە کار دەکەنە گوێدێر لە پێشان واتای سەربەخۆ و تایبەت و جیاوازی خۆیان هەبووە و بە تەواوەتی بەر سێبەر و تیشکی

واتایەکی دیکە نەکەوتوون، بەڵام هەر کاتێکی ئەم وشانە ناسکوێژانە، بەکار دێنین گیانی واتای تازەیان بەبەردا دێ و تا ئەندازەیەک واتاگۆڕییەک دێتە گۆڕێ. دیارە، گوێدێر یەکراست لە واتا تازەکە ناگا، بگرە هەر لە هەوەڵکۆوە بە یاریدەی بارودۆخی قسەکە، بە کۆمەگی شێوازە هونەریی دەربڕینی قسەکە، بە هاریکاریی نیشانە و کێلەڕێی لە واتای مەبەست گەیشتن، لەگەڵ واتا تازەکەدا دەبێ بە ئاشنا و ڕۆشنا و بەسەر و سیما لێ ڕواندنێکی نوێوە لێک ئاشکرا دەبن. ئەم واتا تازەیە هەروا لە خۆڕا ناگۆڕێ. تا بەر تیشک و هەلومەرجی تازە نەکەوێ، ڕەنگ و ڕووی ئاشنایەتیی لێ نەنیشێ، نەبانی و نامۆییی لێ ناتەکێتەوە.

وش و قسەی بۆ ناسکوێژی مشتومالکراو، تا زۆرتر لە چەرخی ڕۆژگار بدرێن لێک و لووستر دەبن، تا پتر بەر نەرمەساوی بەکارهێنان کەون واتا تازەکانیان بەدەن چەسپتر و پڕ بەبەرتر دەبن و لە پاشان بە سووک و سانایییان تێ دەگەین.

لە کورتی بیبڕینەوە، یەکەوڕاست لە واتای وش و قسەی ناسکوێژانە ناگەین، بەپێچ و پەنا بۆی دەچین. گوێدێر یەکسەر لەوە ناگا قسەکە دەربارەی چییە. لە پاشان لە مەبەست دەگا. ئا ئەمەیە چییەتیی ناسکوێژی، ئەمەیە هونەرمەندایەتیی مرۆ، ئەمەیە بلیمەتیی بنیادەم. دەزانێ خەبەرێکی ناخۆش، ڕووداوێکی گورچووبڕ، ناچارە لە خێوی خەبەرەکەی ڕاگەیێنێ، بەڵام چۆنی ڕاگەیێنێتێ؟ هەروا زەق و زۆپ؟ نەخێر. لە زەبری ڕووداوەکە کەم دەکاتەوە، لە مەبەست گەیاندنەکەدا دەمار خاوکردنەوەیەک هەیە. هونەرەکە خۆیشی لەم دەمار خاوکردنەوەیەدایە. ئەم دەمار خاوکردنەوەیەیش لە ناڕاستەوخۆ دەربڕینی مەبەستەکەدایە. گوێگر لە پاش قەیرێ ئینجا تێ دەگا کە ڕووداوەکەی بەو شێوەیە تێ گەیاندراوە.

بە نموونە ڕستی «لە ژیاندا نەماوە» بەواتای «مردووە» لە پێشان زۆر بەزەحمەت واتای مەبەستی بەدەستەوە داوە و بەیارمەتیی دەق و نیشانەوە نەبووبێ تێی نەگەیشتووین، واتە: تەنیا بەدەم قسە و لە ناو دەقی قسەدا

مانای مەبەستی دەگەیاند. لە بارودۆخی وادا بیر لەوە دەکرێتەوە، ئەم قسەیە نەزاکەتە، یا ئەم برە قسە و ڕستانە کام واتا دەگەیێنن؟ کەچی لە پاشان کار دەگاتە ئەوە کە هیچ حەوەجە بەوە ناکا تۆ لێت بشێوێ.

زۆر ڕوون و ئاشکرایە قسەگەلی بەنەزاکەتی «فلانە کەس عەمری دا بەحازری»، «بەر ڕەحمەتی خوا کەوت»، «ڕۆحی بەبەهەشت شاد بوو»، «دنیای بەجێ هێشت»، «بینایی چاوان بۆ خۆی بردیەوە» و هیی دیکە لە چاو قسەی «فلانە کەس مردووە» هێند کاریگەر نین، خەبەرێکی بە ڕستی «مردووە» دەردەبڕدرێ زۆر بەئێش و ئازارە، کاری قسە زۆر بەهێزە، بەبۆنەی ئەم کار تێکردنەوە کە ناهومێدی و پەژیوانییەک دێنە گۆڕێ، زۆر خەست و خۆڵترە. بەو ناسکوێژییە خەبەرە ناخۆشەکە لە سیفەتێکی دەروونییەوە دەپێچین و سیفەتە دەروونییەکە لەم کارەدا دەورێکی گەورە دەگێڕێ.

ناسکوێژییەکانی زمانی کوردی بۆ چ مەبەستێ، بەچ هۆیەکەوە بەکار دەهێندرێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە وە لەسەر بنەچەکی ئەم پرسیارانە دەتوانین بیانکەین بە دوو برەوە:

بڕی یەکەم جارجار ئەو قسانەی بەردەکەون کە لە بری قسەی قەدەغە و لە شان و لە بەردڵ گران، زۆر بە ناسکییەوە بەکار دەهێندرێن، جا لێرەدا لە ڕاستیدا وەنەبێ هیچ قەدەغەیەک هەبێ، مەسەلەکە بە نیاز و خوازی ئەو کەسەیە کە قسەکان دەکا.

هەرچی بڕی دووەمە، ئەو قسانەی بەردەکەون کە لە جیاتی قسەگەلێکی لە زماندا بەکارهێنانی نادروست بن و نەشێن بەزاردا بێن (قەدەغە) کرابن و گوتنیان لە بەرژەوەند نەبێ و لە کۆڕ و مەجلیس و شوێنی کۆمەڵایەتیدا بەکارهێنانیان ناشایان بێ و هێندێ جار لە چوارچێوەی ئەدەب و بیر و بڕوا بەدەر بن بەکار دەهێنرێن. جا، کە بەکاریش دەهێنرێن هێندێ جار لە قسە نادروستەوەکەش تا ئەندازەیەک نزیک و خزمن و جارجار بە ناسکی و ناو بەناو بە پەنا و پەردەن. بەکورتی، بڕی دووەم قسەگەلێ دەگرێتەوە کە لەباتی قسەی قەدەغە بەکار دێن.

جا لە نێوان بڕی یەکەم و بڕی دووەمدا فەرق و سوویەکی سەرەکی هەیە. قسە ناسکوێژییەکانی بڕی یەکەم لەگەڵ مانا و مەبەستی ئەو قسە و وشانەی لە بریان دێن سەربەسەر هاوجووتن و پڕ بەواتای یەکن. بە هەر کام لە قسەکان دەتوانی مەبەست بپێکی، چ بەمیان، چ بەوی تریان. چونکە زۆر بەهاسانی مەبەست بە دەستەوە دەدەن. بەڵێ ڕاستە لە ڕووی ڕست و شکڵەوە وش و قسە ناسکوێژییەکان لەوانەی لە بریان دەگوترێن جیاوازن، واتە: نەوشەکان، نەقسەکان لەوان ناچن، بەڵام واتا و مەبەست هەر ئەو واتا و مەبەستن. مەبەست ناشێوێ، ناگۆڕێ، بەڕوونی تێیان دەگەین، هەر لەبەرئەوەیشە کە لە بری «مرد» قسەی «بەڕەحمەت چوو» و «بەماڵی هەقی گەیشت» و چی و چیی تر بەکار دێنین، واتای گشت هەر یەکە. هەر ئەوەندەیە ئەو مەبەستە گشتە بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕدرێ. تەنانەت لە ناونووسینیشدا، واتە بێ کێلەڕێی ناونووسینیش هەر تێیان دەگەین. بەڵام هەرچی قسە و ڕستی ناسکوێژیی بڕی دووەمن لەگەڵ ئەوانەی بڕی یەکەمدا بە چەند نیشانەیەک دەتوانین جیا بکەینەوە. ئەو قسانەی لە بری قسە و وشی قەدەغە بەکار دێن لە ڕووی شکڵ و شێوەش و لە ڕووی مەبەستیشەوە لێک جیاوازن و لەگەڵ یەکدا هاوپێوەند نین. تەنانەت هێند لێکەوە دوورن بۆرە خزمایەتییەکیشیان لە واتادا پێکەوە نییە. لە ناونووسین و بەکێلەڕێی ناونووسین نەبێ بەزەحمەت تێیان دەگەین.

بەنموونە: هێندێ ئەندامی لەش، هێندێ کردەوەی بیۆلۆجی لە ناو زانایانی پسپۆڕی چەند زانستێکدا، لە بری وەی بەئاشکرا و بەناوی خۆیانەوە بنووسن، دێن بە پیتی لاتینی و بەزاراوەی لاتینییان نێو دەنووسن. واتا هەموو کەسێ تێیان ناگەن، تەنیا هەر ئەو پسپۆڕانە تێیان دەگەن.

قسە ناسکوێژییەکان لە زۆر سەرەوە دەتوانین بڕبڕ کەین. ئەمە بەپێی نیشانەیەکە، کە خۆت پەسندی دەکەی. دەتوانی بەپێی بابەتەکانیان دابەشیان کەی، بەڵام ئەمە زێتر بەلای باری میکانیکییەت و ڕواڵەتدا دەکەوێ. دەشتوانی بە باری ڕەوانییاندا دابەش کەی، چونکە هۆی ڕەوانی و سۆزبزوێنی لە قسەی

بەنەزاکەتدا دەور زۆر دەبینێ. ئەمانە لێکتر کار دەکەن، بەڵام دابەشکردنی وا لە ڕووی زمانەوانییەوە پڕ بەمەبەست نییە.

ناسکوێژییەکان لە باری لە زمان کۆڵینەوەوە بە جۆرێ دابەش دەکرێن کە هەریەکە قاڵبێکە بۆ Euphmism دروست کردن. جا لەم بارەوە ناسکوێژییەکان لەم بڕانەی خوارەوەدا خڕ دەبنەوە:

یەکەم: وش و قسەگەلێکی لە گوتن و نووسیندا نەتوانێ بیاندرکێنی ناچار پەنا وەبەر نەگوتن و نەنووسینیان دەبەی و ئەمە خۆی بۆ خۆی ناسکوێژی دێنێتە گۆڕێ. ئەمانەیش بەزۆری جنێو و قسەی ناشیرین و دزێو دەگرنەوە و لە دووی ڕستانەوە دێن. دەبینێ قسەکەر، لە پڕ هەڵوێستێک دەکا و قسەکانی دەبڕێ و تەنیا بەئاهەنگی دەنگ و چارە بەیەکدادان و چرۆچاو گرژ و مۆنکردندا هەست دەکەی وشێک، قسەیەکی پەنامەکی هەیە بەڵام قسەکەر لە دەربڕینی ئەوەی پێ نارەوایە و شایانی گوتنی پێوە نابینێ، یا بڵێین ئەو قسە نابەجێیەی سانسۆر کردووە.

لەم قسە و ڕستانەی خوارێدا ئەم جۆرە ناسکوێژییە بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێ:

بەنموونە: قسەگەلی وەک «هەی لە خۆت و...»، «هەی لە گۆڕی...»، «باشە تۆ هەمووی بخۆی، ئەی من...»، چەند ڕستەیەکن و بەناتەواوی گوتراون و لە جیاتی تەواوکردن نوختەیان بۆ داندراوە. جا ئەم نوختە دانانە بۆ زۆر مەبەستی دیکەش دادەنرێن.

دووەم: هێندێ جار ئەم ناسکوێژییە بە گۆڕینی قسەکان پێک دێ. وەک ئەوەی لە باتی «برسییەتی» بڵێی «دەمی بەقوتەوە گرتووە» و لە بری «گیرفانی بۆش و بەتاڵە» بڵێی «ئەسپێ لە گیرفانیدا سەوزەڵە گیانم دەڵێ» و لە بری «وەک سەگ دەوەڕێ» بڵێی«دەمی کردووەتە ئاسمان» و لە شوێن «دەچم میز دەکەم» بڵێی «دەچمە سەرپێشاو» و لە جێی «دەرپێ» بڵێی «ئاوەڵکراس» و لە جیاتی «حیض» بڵێی «بێنوێژی» و لە باتی «ق... ژن» بڵێی «شەرمی» و... هتد.

سێیەم: هێندێ جار قسەکان ناحەزن و بەگۆڕینێکی تایبەتەوە، یا بەدیاردییەکی مەرجی (ئیشارەتێکی شەرتی)یەوە دەگۆڕێن. جا لە زمانی کوردیدا بڕێ وش و قسە هەن، بەیەدەگ بۆ ئەم مەبەستی خۆ لە قسەی لە شان گران پاراستنە بەکار دێن:

«هەی واو وا لێکراو»، «فلانە کەس»، «کابرا»، «وانێک»، «هەرامە»، «هین»، «شتەکە» و «ئەو، ئەوان» و... هتد، هەموو لەم بابەتەن.

چوارەم: هێندێ وش و قسەی قەدەغە بە وش و قسەی زمانێکی بیانی دەردەبڕدرێن. بەنموونە: لە بری «شێت» «ناقص العقل»ی عەرەبی و لە جیاتی «مردوو» «اهل القبور» و لە باتی «گانکردن» «ممارەسەی جنسی» بەکار دێن.

پێنجەم: بەکینایە دەربڕینی ئەو وش و قسانەی لە مرۆ خۆش نایەن. بەنموونە: لە بری «فلانە کەس مرد» دەگوترێ «ئەستێرەی لە ئاسمان کوژایەوە»، «چاوی لەم دنیایە لێک نا»، «چووە بن خاکەوە»، «کۆچی دوایی کرد» و... هتد.

شەشەم: دەربڕینی وشەگەلێکی کە لە گوێگر خۆش نایەن بە قسەی جۆراوجۆری تر دەگوترێن لە بری «کەر» «گوێدرێژ» «چارەوێ»، لە بری نەخۆشیی پیس «دوابڕاوەکە»، «بێ ناوەکە»، لە بری «نەخۆش» «ناساخ» لە بری «ژنەکەم» «ماڵەوەمان»، «دایکی منداڵەکان»، «کەیوانۆم»، «هاوسەرەکەم» دەگوترێن.

حەوتەم: دەربڕینی وش و قسەی لە شان گران بە گۆڕینی. وەک: لە جیاتی «درۆکردن» «ڕاست نەکردن» و لە بری «دەرکردن» «پاڵ پێوەنان» بەکار بێنی. جا هەرچەند لە هەموو ناسکوێژییەکدا گۆڕین هەیە بەڵام گۆڕینەکان هەریەکە بەجۆرێکە. هێندێکیان هاوپێوەندیی مەجازییان بەئاشکرا ڕوونە و هێندێکیان ڕوون نییە و هێندێکیان هاوپێوەندییان هەر نییە. «نەخۆشیی پیس» و «بێ ناوەکە» هیچ هاوپێوەندییەکیان لە نێواندا نییە، بەڵام «درۆکردن» و «ڕاست نەکردن» هاوپێوەندن، چونکە «درۆکردن» جۆرێکە لە «ڕاست نەکردن».

هەشتەم: دەربڕینی وش و قسەی لە شان ناخۆش بە فرازەلۆجیی جۆراوجۆر، وەک: لە جیاتی «شێتبوون» «هەوا لەسەردان»، «ئەقڵ تێکچوون»، «بەکێو کەوتن»، «دانەکێو»، «بزرکاندن»، لە جیاتی «گان پێنەکران» «لە پیاوەتی کەوتن» و لە باتی «لەمنداڵچوونەوە» «عوزر نەشووشتن» و لە بری «کوشتن» «هەناسە لەبەربڕین»، «پرزە لێ بڕین» و لە جیاتی «کەڕ» «گوێگران» و لە جیاتی «کوێربوون» «چاو سپیبوون»، «ئاوی چاو داهاتن»، «ڕەشایی داهاتن» و لە بری «تڕین» «با لێ بەربوون» و... هتد.

نۆیەم: پیاو و ژنی خراپ و پیس بە وش و ڕستی جۆربەجۆر دەربڕین، وەک: «لە بەزەی خوا بەدوور» لە بری «پیاوی خراپ»، «داوێن تەڕ»، «بەیداخ بۆ هەڵکراو»، «خۆڵ و دۆ بەسەرداکراو»، «پرچ بڕاو»، «شار بەدەرکراو» لە بری ژنی خراپ.

دەیەم: وش و قسەی ناخۆش بەرەواژکردنەوە. ئەمەیش یەک لە هۆ سەرەکییەکانی ناسکوێژییە. ئەم جۆرە ناسکوێژییە ناسکییەکەی لەو تەوس و تیزەدایە کە تۆ شتێکی خواسایی هەڵدەگێڕییەوە و هەڵاودیوی دەڵێی. یەک لەو شتانەی کە نەزاکەتێکی کۆمیکانە دێنێتە گۆڕێ ئەم قسە ئاوەژووکردنەوەیەیە. کاتێکی بە «ترسنۆک»ێک دەڵێین (پاڵەوان) و بە (نەزان)ێ دەڵێین (فەیلەسووف) و بە (پیر)ی دەڵێین (لاو). ئەمە مانای ئەوە نییە کە واتای ئەسڵیی وشەکان بەبن لێوەوە دەکەین و پێی لێ نانێین، بگرە بە ئاشکرا دیارە مەبەستمان لێرەدا گاڵتەیە، دەنا ترسنۆک چۆن دەبێ بە پاڵەوان. ئەمە شتێکە بە مەجازی کینایە بەکار دێ و (تهکم)ێکی تێدایە.

جا با بێینەوە سەروکاری شتی قەدەغە. بێگومان لە هەموو زمانێکدا کۆمەڵێ ناو و ڕست و نیوچە ڕستی وا هەن کە لە گوتن نایەن و قەدەغەن و مافی ئەوەیان نییە لە ناو کۆڕ و مەجلیساندا بگوترێن. بەشێوەیەکی نارەسمییانە قەدەغە کراون. ئەم قەدەغانە بڕێکیان سەر بە پڕوپووچ و ئەفسانەن و بەشێکیان سەبارەت بە هێندێ شتی دیار و ئاشکرا و هێندێکیان لەبەر ڕێز لێنان و قەدرگرتن ناگوترێن و ناسکوێژی لەمەدا دەورێکی گەورە

دەگـیـرێ. وش و قـسـەی قـەدەغـەی زمـان لە هـۆ و سـۆنگەی جـۆراوجـۆر دەکەونەوە، بەڵام دەتوانین بە تۆمەری لە دوو بڕی گەورەیاندا خڕ کەینەوە:

بڕی یەکەم ئەوانەن کە بەپێی داو و دەستووری ئاکار قەدەغە کراون. لێرەدا شـتـێک، یا ڕووداوێکی ئاشکرا و دیاری ناودەبرێ، ئەمـانـە شـتـانێکن، ڕووداوگـەلێکن کـە لە ژیاندا هەن و کـەسـیـان لێ لاری نیـیـە. بەڕاشکاوی و ئاشکرا دەربڕینیان هیچ ترسێ، ڕەمەکێتی و ڕەمەکێتیی ڕەشە خەڵکایەتییەک وەدەنگ ناهـێنێ، بەڵام بـۆ مـرۆڤـێکی شـارسـتـانی گـوتـنیـان لـە نێـو کـۆڕ و مـەجلیـساندا بە عـەیب و شـوورەیی دەزاندرێ و بە ناشـیرین و دزێو لە قـەڵەم دەدرێ. نێوی هێندێ ئەندامی لەش بەر ئەم بڕە قەدەغانە دەکەون.

هـەر کاتێکی بەزارداهـێنانی هـەر کێهـە ئەندامێکی قەدەغـەمان لێ بەناچاری بێ، ئەوە پەنا وەبەر ناسکوێژی دەبەین. بە وش و ڕستی بیـانی، بە یەکڕاست دروسـتکردن و داتـاشـین، بـە گـەلێ ڕێگەی پڕ پێچ و پـەنـای نـاسکوێژی دەردەبڕین.

لە زمـانی کـوردیدا «ذکـر»، «مـخـرج»، «دەعـبـا»، «هـین»، «وانێک»، «هـەرامـە»، «شـەرم»، «چـووک»، «ناولـنگ» و چـی و چـیـی تـر... لـە بـری نـاوی ئـەنـدامـی مەبەست بەکار دەهێندرێن.

هـەرچی بـڕی دووەمـە نـاوی ئەو شـتـانەن کـە لە بـۆچوونـی پڕوپـووچ و ڕەمـەکـیـانـە و ترسـەوە دروست بوون. بەشـی هـەرە کـۆنی ئەم بـڕە، ناوی ئەو شتانەن کە بە ئاین، هـەر ئاینێک، قەدەغە کراون.

ئینسـانانـی سـەرەتایی پێیـان وا بووە پێوەندییەکی ئەفسووناوی لە نێوان شت و نـاوەکـەیدا هـەیە. لەبەر ئـەمـە ناوبردنـی ئەو جـۆرە شـتـانەی لێـیـان ترساون، یان لێیان خۆش نەهاتووە قەدەغە کراوە. بەنموونە:

ناوی «شـەیتـان»، «طاوس» یا ناوی هـەر شـتـێکی (ش) و (ط)ی تێـدا بێ بە ئاینی ئێزدییان نابێ بەزاردا بێن و قەدەغەن.

بەشێکی دیکەی وش و قسە کە هـەر بەر ئەم بڕی دووەمە دەکەوێ ئەوان کە

پێوەندییان بە ژیان و بژێوی خێزانەوە هەیە. لە ڕۆژهەلاّت هەر لە کۆنەوە وا باو بووە ژن و مێرد ناوی یەکتریان بەناوی خۆیانەوە نەهێناوە. لە کوردەواریدا تا ئێستایش ژن بە مێردی دەڵێ «باوکی منداڵەکان»، «خودانێ من»، مێردیش بە ژنەکەی دەڵێ «کولفەتامن»، «خێزانەکەم» و لە بانگکردندا مێرد بە ژنەکەی دەڵێ «ئافرەت» و ژن بە مێردەکەی دەڵێ «پیاوەکە». جا ئەمە هەر لە ناو کوردەواریدا وایە، یان خەڵکی تریش وان ئەوە لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەلاّم ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ئەم قەدەغانە لە زۆر شوێنی ناوشار و خێزانانی بەر شارستانێتی کەوتوو لە قەدەغەیی ترازان و مێرد و ژن بە ئاشکرایش ناوی یەکتر دێنن. خۆ جارێ ئەگەر ژن و مێردەکە تازەبووک و تازەزاوا بن، هێندە گوێ بەم ناسکوێژییە نادرێ. ماڵی خۆشەویستیم کوێرەوە کرد، قەدەغە و مەدەغە دەزانێ؟ هێندێ جار خزمایەتییەک لە نێوان ژن و مێرددا باری مەسەلەکە دەگۆڕێ. زۆر ژن و مێرد بە «ئامۆزا» و «میمزا» و «پوورزا» و «خزمە» نێوی یەکدی دەبەن. یا هێندێ جار ئەگەر کەسێ لە پلە و پایەیەکی بەرزتردا بێ ئەوە بە «جەناب» و «گەورەم» و «کاکە» و «هاپۆ» و «خاڵۆ» و «مامە» و «مامۆستا» و «وەستا» و «یاشێخ» و «سەید» و «خودان» و «سەیدا» و «بەگم» و «ئاغا» و «میرزا» و «حاجی» و «مەلا» و «ڕیشسپی» و «پۆپ چەرمگ» و «دەروێش» و «سۆفی» ناو دەبرێ. هێندێ جار ناسکوێژییەکە نەک هەر بەوش و قسەی ڕووت و بێ شاخ و باڵ دەگوترێن بگرە قسەگەلی وەک:

«عەیب نەبێ» و «بە ئیستیلاح» و «دوور لەم بەرەوانییە» و «لە ڕووت بەگولاو بێ» و «لە ڕووت بەپەرژین بێ» و «دوو لە ڕووی حازری» و «شەرع شەرمی نییە» و «کورد واتەنی» و «قسە وا دێ» و چی و چیی تریشیان لە پارسەنگ دەخرێن و نامۆیی و دڕدۆنگی و لە شانگرانییان پێ خاو دەکرێنەوە.

جا هەر لەم جۆرە قەدەغە و نیوە قەدەغانە دەتوانین ناوی برێ نەخۆشی و دەرد و پەتا و ئاهۆ بەبیر بێنینەوە. نەخۆشیی قورس و گران و کوشندە و کاری و پیس بەزۆری ناویان ناهێندرێ وشی دیکەیان بەنەزاکەتەوە لە بری

دەگوترێن. «بێ ناوەکە»، «دوابڕاوەکە»، «ناو بەگەرووی ئاشاچووەکە» لە بری «سیل و ئیسقا و دەردەباریکە و لاڕەشە» و زۆر نەخۆشیی تر دەگوترێن.

نەک هەر بەناوگۆڕین بگرە زۆر جار کە قسە لەم جۆرە دەردانە دەکرێ، چ بەقسە و چ بەئیشارەتی دەست و دەنگ و چرۆچارە گرژکردن و بێزیان «گوێی شەیتان کەڕ بێ» و «کڕ داوود سلێمان» و «مۆری محەمەدی شەریف» و «قەزا و بەڵا» و... هتدیان لەگەڵدا دەگوترێن.

ئەم ناسکوێژییە خۆی (کینایە)یە و بە عەرەبییەکەی (لطف التعبير عن معنى مستكرهٍ او محظورٍ)ە.

بۆ ئەم باسە تەماشای ئەم کتێبانەم کردووە.

١- زمانی هاوچەرخی ئازەربایجان ج١.

٢- قابووسنامە.

٣- پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ.

٤- جواهر البلاغة.

٥- ئینسیکلۆپیدیای ئازەربایجان (باسی پاڤلۆڤ).

٦- هونەر و ژیان (بەئازەربایجانی).

٧- فن الشعر لارستطاليس.

٨- قامووسی موستەڵەحاتی ئەدەبی دیوانی تورکی.

٩- قامووسی فەلسەفە (بەتورکی).

١٠- عرفانی سعدی (بەفارسی).

١١- تاریخ سبک شناسی، بهار (بەفارسی).

گۆواری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ١٣ ساڵی ١٩٨٥

# چەرخی نووسەرانی بوێر و ئازا

یەشار کەمال

ئێمە چ دەڵێین؟ دەڵێین یەکسانی هەبێ. ئینسان وەکو دیل نەژی. مرۆ ئازاد و سەربەخۆ بێ. توخوا، بۆ نووسەرێکی ئەم چەرخە چی شتێ لەمە ئاساییتر دەبێ؟ چی لەمە خاوێنتر و پاکتر هەیە. تێکڕای نووسەرانی بێ دەسەڵاتی دنیا داوای ئەمە دەکەن کەچی کەسیش پێیان ناڵێ ئێوە چ دەکەن و برۆ بە سەر چاوتانەوەیە. سەد سەد و پەنجا ساڵە نووسەران داوای دەکەن. نووسەران زمانی حاڵی میللەتانن. نووسەران هەمیشە، سەبارەت بەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە، زۆریان کاری گەورە کردووە و دەشیکەن. چالاکیی بەرچاویان زۆر نواندووە و دەشینوێنن. کێشەی وڵاتی ئێمە، لە چاو کێشەی وڵاتانی دیکە، کێشەی بە ئاشووب و سەر بەگۆبەندە. نووسەری ئێمەش لە سۆنگەی ئەم ئەرک لە ئەستۆگرتنە دەیەوێ -با هێندەی مێروویەکیش بێ- شتێک بە شتێک بکا، خۆ دنیا خراپ نابێ.

ئینسانەکانمان دیلی خاکن. بەشێکی زۆری خەڵکەکەمان تا ئێستاش لە خانووبەرەیەکدا دەژین کە لە ئەشکەوت پتر دەچن تا شتێکی دیکە. فەرموو بچنە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ. بە هەزاران گوند دەبینن خانووەکانیان لە ژێر زەویدان. ئێمە دەمانەوێ ئەم خانووانە لە ژێر زەوییەوە سەرکەونە سەر زەوی و بەر رووناکی. خواستەکەمان خواستێکی زۆر چکۆڵەیە. تۆ بڵێی وەسەر زەویخستنی ئەمانە کارێکی هێند سەخت و دژوار بێ؟ ئی وا لە نێو ئینسانانی وڵاتانی ئێمەدا هەن کە هێشتا لە نێو بەرد و تاوێری کۆڵراودا دەژین.

هەموو دنیا جارِی پێشکەوتووییی وڵاتی ئێمەی داوە و لەو ناوە بارەی دێ. بۆ کەس ماوە بە لیستەی راستەقینە و ژمارەی تەرازوو کراوەوە لە دواکەوتووییی ئێمە نەخوێنێ؟ چ دەخۆین، چ دەخۆینەوە، لە کوێ دەنووین، هەموو دنیامان تێ گەییون.

ئێمەش خۆمان ئەمە دەزانین و نکوولّیی لێ ناکەین و لە هەموو دەرفەتێکدا دەیدرکێنین و دەڵێین و هاوار دەکەین بابە ئێمە وڵاتێکی دواکەوتووین. خۆ هەر ئێمە هاوار ناکەین. گەورەپیاوان و دانا و زاناکانیشمان دەیڵێن.

ئەمە هەموو جوانە، زەریفە، بەڵام هەر کە ئەمەت بە چیرۆکێ نووسییەوە دنیا وێران دەبێ. خۆ ئەگەر بۆ شانۆت نووسی ئەوە هەر باسی سەرتە و رۆژی حەشرە. خۆ سینەما، ئەوە هەر باسی مەکە. هەرکە لێی نێزیک دەکەوییەوە و ناکەویتە تارماییی رەقیبت وەکو هەیوولا، وەکو شتی نابینا، بێ هەناسەدان لەبەر مێشکا دێ و دەچێ.

بەڵێ تێکرِای نووسەرانمان بەرەنگاری گرفتاری ئەمەن. کە بەرەنگاریشیان دەبن چ دەبێ و چ دەقەومێ؟ ناچار لەگەڵ کۆنەپەرستی و رژێمدا دەستەوبەرۆکی یەک دەبن و کارەساتێکیان بەسەر دێ با بەسەر دەواری شرِی ناهێنێ.

جا لەم بەینەدا خەڵک چ دەکا؟ دنەی نووسەران دەدەن و ورەی مێرخاسی بوێرییان وەبەر دەدەن. بەکورتی بە پاڵەوانیان لە قەڵەم دەدەن. کێش و ترازووی نووسەرێتی دەپێچرێتەوە، تەنیا کێش و ترازووی مێرخاسی و ئازایەتی لە ئارادا دەمێنێتەوە.

«کورِە تۆ تەماشا تەماشا، نووسەر چ چیرۆکێکی بۆ شانۆ نووسیوە. بابە ئەگەر ئەم نووسەرەیان لەسەر ئەم چیرۆکە لە زیندان نەپەستا من دەستی خۆم لە بندا دەبرِم. بەرِاستی نووسەرە. بەڵام چ نووسەرێ. ئاغاکانی بەدەردێ بردووە، نەبووە و نەبیستراوە. پەروای لە هیچ نییە، لە هیچ ناسڵەمێتەوە. مل لە چەقۆ دەسوێ.»

«بنۆڕە بنۆڕە، چ ریپۆرتاژێکی نووسیوە... ریپۆرتاژە ها، نە گاڵتە. چ لەمە سەیرتر دەنووسرێ، باسی ئەو کەسانەی کە بێ تێ و لەرز دەمرن، یا ئەوانەی کە لە ژێرەوە هەمیشە خەریکی دزی و درۆزنین وا دەکا، وەک بڵێی ئەم نووسەرە گوڵمەزێکی بە چاوەوە بێ وایە.»

«فیلمێکی هێند سەیرە پێم وایە رەقیب قەت فیلمی وا رێگا نادا... بڵێ چییان کردبێ باشە. گوندیی پێخاوس و مێخاوسیان پیشان داوە. ئەی ئافەرین بۆ خۆتان و فیلمتان. بەڕاستی ئازایەتییە.

تۆ وەرە، لە پێپەتیی پیشاندان نەترسی» جا بەڕاستی نووسەرەکانمان وەکو لە سەرەوە باسمان کرد بە مەتح و بە شان و باهوو هەڵدانا پێشوازی دەکرێن.

نووسەرەکانمان ئەگەر سەبارەت بەوانەی لە سەرەوە وتمان بۆسۆ و ناونۆچک نەکرێن، ئەوەی بەسەریان دێن بەسەریان نەیەت، بەگوێرەی خواست و ئارەزووی خۆیان، بەو داخواز و پێشنیارانەی کە بۆ راستینەکانی وڵات دەری دەبڕن بنووسن، ئەگەر نووسینی ئەمانە بە کردەوەیەکی ئاسایی بزانرێ کەس بە نووسەرانمان ناڵێ قارەمان و بە چاوی پاڵەوانەوە سەیریان ناکەن. نووسەران قەرزی خۆیان دەدەنەوە. ئەرکی سەرشانیان بەجێ دێن. دەڵێن نووسەر کاری خۆی دەکا و دەڕوا.

بەڵام ئەوەی لە دنیادا بە قەرزدانەوە و ئەرک بەجێهێنان دەزانرێ بۆ نووسەر لە وڵاتی ئێمە مایەی بۆسۆکردن و تێهەڵدان و زیندانکردن و برسێتییە و دەڵێی بە ئازار و ئەشکەنجەدان تۆڵەیان بۆ دەکرێتەوە. جا هەر سەبارەت بەوەشە کە خەڵک وا دەزانن لەبەر ئازایەتی دەگیرێن و خۆشەویستن.

با هەر شانازی بەخۆیانەوە بکەن. بەقارەمان و پاڵەوان بزاندرێن. کێشەم لەسەری نییە. دەڵێم سەرەڕای ئەوەش هێشتا هەر کەمە. دەڵێم خەڵک هیچ نادا. بەڵام ئێمە، نووسەران، بەرانبەر ئەم حاڵە، شەرممان بە خۆدا دێتەوە.

ئایا بە چ ڕەنگێ خـەڵکەکـەم لەم حـاڵە ڕزگـاریان دەبێ؟ زۆرمـان ڕێگای چارەسـەرکردنی زانستییەکەشی دەزانین و دەیڵێین و دەیڵێینەوە. فێرگەمـان نین. هەشتا لە سـەدمـان نەخوێندەوارین. دەڵێین بە ئەزمـوون سـاغ بووەتەوە تا فێرگە لە گوندان نەکرێتەوە خەڵکەکە فێری هیچ نابن.

لێڕەوارەکانمان بەرەو نەمان دەچن. خۆ وەنەبێ پیاوی زانامـان نەبن. بەڵکو زۆریشمان هەن و تەنانەت ڕێگای چارەسەرکردنیشی زۆر چاک بەڵەدین. بەڵام لە هەمـوو تاڵ و ناخـۆشـتـر ئەوەیە کـە کـەس هـەست بە پێـویسـتـی چەنە – چەنێکیش ناکـا. دەڵێی قـسـە لەگـەڵ دار و بـەرد دەکـەین. ئاغـاکـانمان قـایمقـامـەکان بۆ سـوودی خۆیان لێ دەخـۆن. ئێمـە ناچارین مـەسـەلەکە بەو ڕەپ و ڕاستی و ڕووت و قـووتییە وەپێش چاو خـەین. کوڕە نەبووە نەبووە، وا دنیا وێران دەبێ، کەچی ورتە لە کەسەوە نایەت.

ئێمـەش هـەر هێندەمـان بۆ مـاوەتەوە بەگـژ کـۆنەپـەرست و کـاری چەوت و چێڵی میریدا بچین و لە ئاکامدا لە زیندانێمان پەستن.

ئەم وڵاتە جـوان و خـۆشـەیان لێ کـردووین بە یاسـاخـخـانە و وڵاتی ڕەشبگیری، تووشی یاساخیی هێند سەیروسەمەرە دێین. تەنانەت کەڕەپووی کەڕەپوو ئاسـاییش پڕ ناکاتەوە. هیزە بەچاوەوەی نەکەن، ئەم وڵاتە لە سـای سـەری ئەم هەمـوو یاسـاخ و مـاسـاخـەوە بەم ڕۆژە گەیشت. جا لە هەمـووان سـەیروسـەمـەرەتر ئەوەیە ئێمـە هـەر پەڵەی ڕەشـی نێوچاوانی چەوت و چێڵی دەژمێـرین. کـەچـی کـەسـمـان وەچنگ ناکـەوێ هیچ نەبێ پێ بکەنێ. ئێمـە لە هیچە و لە خۆڕایی داخی دڵی خۆمان هەڵدەڕێژین.

خۆ هیچ نەبێ ئەو نووسـەرانەمـان کە چاکن و بە گوڕن و خـاوەنی سـۆزێکی ڕاسـتـەقـینەن، دنیـایەکی جـوان و ڕەنگینمـان پێـشکەش دەکـەن. ئێـمـە زۆر نووسـەری وامـان هەن. نووسـەرانی ئێـمـە بە گـوڕێکی گـەورەوە بەسـەر ڕاستینەکانی خەڵکەکەماندا، وڵاتەکەماندا دانووشتاونەتەوە.

با ئیـتـر باسی برسـێـتی و یەکسـانیکردن بە ئازایەتی و دڵێـری زانین

بپێچرێتەوە. پێویستە ئەمە ببێ بە یەکەم ئەرکی نووسەر.

نووسەرێک کە باسی یەکسانی و هەژاری دەکا، بەگژ چەوساندنەوە و زۆرداریدا دەچێ. ئەمە لەم چەرخەدا شتێکی یەکجار ئاساییە.

ئەوەی کە ئەمە بە ئەرک نەزانێ دیارە ئەوانەش بە نووسەر نازانێ کە ئەرکی مرۆڤایەتی و هاوولاتێتییان لە ئەستۆ گرتووە. جا نابێ لە ولاتی ئێمەش وابێ؟ کوا؟

رۆژێ کە ئەمانە دەبن بەشتی ئاسایی، رۆژێ کە نووسەرانمان قسە لە راستینە نیشتمانییەکانمان دەکەن جا با قسەکانیشیان زۆر تاڵ و جەرگبڕ بن، ئەگەر تووشی بەلا نەهاتن، واتە: رۆژێ کە چەرخی نووسەرانی ئازا و قارەمان بەسەردەچێ ئەوە لەو دیموکراسییەتە نێزیک دەکەوینەوە کە شانازیی پێوە دەکەین.

لەوانەیە بلێن چەرخی نووسەرانی ئازا و بوێر لە هیچ ولاتێ بەسەر ناچێ.

بەلام من دەڵێم باسکردنی یەکسانی و راستینە نیشتمانییەکان لەم چەرخەدا شتێکی ئاساییە و بۆ نووسەرێ وەکو نان و ئاوی لێ هاتووە، نابێ بە کارێکی ئازایانە و کەڵەمێردانە بزانرێ.

پێویستە لە پێناوی ئەمەدا تێ بکۆشین.

بەیان ژمارە ٣٣، ١٩٧٦

ناوەڕۆک

ئەحمەد عارف شاعیری گەورەی کورد لە کوردستانی تورکیا ............................................... 5
ڕەنگ و ڕووی نوێی مرۆ لە هونەر و بەهرەی یەشار کەمالدا لەبارەی... ..........................33
ناسکوێژی ........................................................................................................................ 61
چەرخی نووسەرانی بوێر و ئازا. یەشار کەمال ........................................................................ 75